ڕۆمان

# خەونەکانی کەژاڵ

## بیرەوەرییەکانی ژنێک لە هەندەران

جەلال قادر



KULTUR
بۆ چالاکیی ئەدەبی و فەرهەنگی

**لە بڵاوکراوەکانی کولتوور ژمارە (10)**

## ناسنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | **خەونەکانی کەژاڵ** |
| نووسەر: : | **جەلال قادر** |
| بابەت: | **ڕۆمان** |
| تابلۆی بەرگ: | **ئامانج ئەمین** |
| بەرگ و ناوەڕۆک: | **ئیبراهیم ساڵح** |
| تیراژ: | 1000 |
| بڵاوکار: | **خانەی کولتوور** |
| نرخ: | 4000 |
| چاپخانە: | **تاران** |
| ساڵی چاپ | 2020 |
| نۆبەتی چاپ : | **یەکەم** |
| ژمارەی سپاردن: | (42)**ی ساڵی** (2020) |

لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات، زستانێکی سەختە و بەفر کڵۆ کڵۆ دەبارێت. شووشەی عەترەکەی بە دەستەوەیە و هەست دەکات ئەو ساردترە لە دەرەوە. تاوێك لە دیمەنی بەفری سەر لقی دارەکانی ڕوانی و لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەگەر وەرزی بەهارش بێت، چیتر ناتوانێت لەسەر چیمەنی باخچەکان پشوویەك بدات."

لەو ڕۆژەوەی بەهۆش هاتەوە، یەك دووجار بە چاوی پڕ لە فرمێسکاوییەوە لە ئاوێنەدا روخساری شێواوی بینیوە. ئێستا خەمی قاچەکانی نییە، بەڵام شووختی سەر ڕوومەتی و دەم خوارییەکەی دڵتەنگی کردبوو. هیچ کەس لە دۆستانی وەك جاران سەردانی ناکەن، بەتایبەت چناری کچی و شیلانی هاوسەری کە فۆڕمی جیابوونەوەی بۆ ناردووە و دەبێت ئیمزای بکات. هەرچەند بیری دەکردەوە باوەڕی بەو قسەیە نەدەهات کەدەڵێن: ئەگەر ژن پیاوی خۆشبوێ، چاوپۆشی لە کەموکوڕییەکانی دەکات، بەڵام

دڵنیابوو لەوەی کە هۆکاری ژنهێنانی هەستکردن بە وروووژاندن وحەزی بۆ سێکس بووە نەك خۆشەویستی.
پەرستارەکە کە هێشتا دڵتەڕ و روخسارێکی گەشی هەبوو، هەردوو حەبەکەی دایە دەستی و پێیگوت:" لەمەو دوا دەبێت لەبەرچاومدا حەبەکانت بخۆیت. ماوەیەکە چاودێریت دەکەم و ئاگام لێیە حەبەکان ناخۆیت و بێئومێد بوویتە لە ژیان."
"بۆ دەبێت بژیم، لە کاتێکدا جەستەم داڕزابێت و نەتوانم ببمەوە ئەو ئینسانەی جاران."
"تۆ هەر ئەو مرۆڤەی جارانیت، ئەوەی ڕێی لێگرتووی پێیەکانتە، پزیشکەکان دەیانەوێت جارێکتر قاچت بشکێننەوە و پلاتینی تێبکەن."
"دڵم بەچی خۆشبێت، کەسم نەماوە ئەو کەسەی خۆشمویست کۆچی دوایی کرد، هاوسەرەکەم لێم دابڕا. ژیانم پڕ لە کێشەو دەردەسەرییە."
پەرستارەکە پەردەی پەنجەرەکەی کردەوە و حەبەکانی دایە دەستی بەختیار.
"من تەمەنم شەست وپێنج ساڵە، کەچی نامەوێت خانەنشین بکرێم، دەمەوێت تا دواهەناسە بژیم، ئەمە پەیوەندی بە گەشبینی و بێئومێد بوون نییە، بەڵکو پەیوەندی بەناخی منەوە هەیە، کە دەمەوێت ژیان بە جوانی ببینم. نەك تەنیا گوڵ و باخچەکان، بەڵکو گیانلەبەرەکانیش. ئێستا من جوانی لە ناخی تۆ دەبینم، تۆ دەبێت ئەو جوانییە بدۆزیتەوە بینووسیتەوە."
" "چ جوانییەك؟

"جوانی له کەژاڵ ببینه، ئەو کچەی ئەو گوڵاوەی بۆ ناردی ئەوە جۆرێکە له جوانی نێوان دوو ئینسان. له بیرمه شەوێك له شەوان دڵتەنگ و ڕەشبین و بێزاربووم له ژیان، بەو شەوە تاریکه تەماشایەکی ئاسمانم کرد ئەستێره دەگەشانەوە، بەو سەیرکردنه جوانی لەناخم بووژایەوە."

بەڵام، من لەگەڵ هاوسەرەکەم ڕاستگۆ نەبووم، جوانیەکانم ناشیرین کرد

"له بیرمه، لەسەردەمی هەرزەکاریم لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێم چووین بۆ سەیران. ڕۆژێکی گەرم و خۆش بوو، کوڕە لاوەکان یەخەی قەمیسەکانیان کردبووەوە، مووی سەر سنگیان دەرخستبوو. له پڕێکدا دوو گەنج هاتنه بەردەم من و کچێکی برادەرم، سەرو ئاسکرێمێکیان بەدەستەوە بوو، به بزەیەکەوە داوایان له ئێمه کرد که پێکەوە ئاسکرێمەکه بلێسینەوە. هەرچەنده کچه برادەرەکەم ڕازی نەبوو، لێ من لەگەڵ ئەو کوڕە جوان و دەم بەخەندەکه که ناوی سیمۆند بوو، بەشداری لسینەوەی ئاسکرێمەکەم کرد. له کۆتاییدا یەکتریشمان ماچ کرد. لەو ڕۆژەوەی سیمۆندم ناسی خۆشمویست، بەڵام بەداخەوە هەر ئەو ڕۆژه لەناو قەرەباڵغی لێم ونبوو. کەچی تامی ماچەکه و خۆشەویستییەکەی لەدڵمدا مابوو، تا ئەو ڕۆژەی شووم کرد. پانزەساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەم بەخۆشی ژیاین، تا ڕۆژێکیان لەناو پاسێك بەڕێککەوت سیمۆندم بینییەوە. باوەشمان بەیەکتر کرد و تێر گریاین. سیمۆن باوکی سێ منداڵ بوو، منیش دایکی دوو منداڵ. هەردووکمان بڕیارماندا که بۆ تەنیا شەوێکیش بێت،

دەبێت پێکەوە بنووین. لەگەڵ سیمۆن نووستم، هیچیش پەشیمان نیم."

" "مەبەستت چی بوو لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە؟

"مەبەستم ئەوەیە مرۆڤ دەیان نهێنی شاراوەی هەیە و ناتوانێت بیاندرکێنێت. ئەگەر هاوسەرداریش بیت، لە کۆتاییدا لە ناخەوە لەسەر ئەم هەسارەیە بەتەنیا دەژین، هەر بۆیە تۆ دەبێت لاپتۆپەکەت بگریتە دەست و بەگژ ئەم ژیانەدا بچیتەوە، ئەو نهێنیانە بنووسیتەوە کە مرۆڤ لێی دەترسێ بیاندرکێنێت."

لەم کاتەدا وتەکانی کەژاڵ هاتەوە یادم: مامۆستا تۆ دەبێت بێداربیتەوە، بۆ ئەوەی داستانی خۆشەویستیمان بگێڕیتەوە

بیربکەرەوە هێشتا فرسەتت بەدەستەوە ماوە، ڕوو لە جوانی بکە. دەزانیت ئەگەر خێزانێك منداڵێکی کەمئەندامیان ببێت و ڕووخسارێکی شێواوی هەبێت، هێشتا لای ئەوان جوانترین دیارییە. کەواتە دەبێت دیدمان بۆ شتەکان لە دڵەوە بێت.

من باوەڕم بەوەیە کە هەمیشە بەربەستێك هەیە لەبەردەم مرۆڤ وای لێبکات درێژە بە ژیان نەدات، بەڵام وتە جوانەکانی تۆ ئەو بەربەستەم بۆ دەشکێنیّ. تکایە پیاسەیەکی ناو هۆڵەکەم پێبکە تا ماندوو بوونی ئەندێشەم لە بیربچێتەوە و بتوانم ئیدامە بەژیانم بدەم و چیرۆکی کەژاڵت بۆ بگێڕمەوە.

**

مێردی یەکەمی کەژاڵ کە هونەرمەندێکی دەستڕەنگینە بەناوی کامەران، ئەو هۆڵێکی گەلەری هەیە لەم شارە ئۆتاوا زۆربەی تابلۆکانی ئەبستراکتن. واتە ڕەنگەکان ئاوێتەی یەکتردەکات، دەیکات بە تابلۆ و دەیفرۆشێتەوە.

ئەم هونەرمەندە کەژاڵی لە شاری کەرکووکەوە گواستەوە بۆ کەنەدا و لە زەماوەندەکەی میوان بووین. کامەران گەنجێکی ڕەشتاڵەی کەچەڵ و برۆ ئەستوور و لگوتپانە.

لە ڕۆژی زەماوەندەکەی کاتێ دەستیم گووشی و پیرۆزباییم لێکرد، بە زەردەخەنەیەکەوە لێی پرسیم:" مامۆستا چۆن بووکێکم خواستوە؟"

"بەڕاستی هونەرمەندی. پیرۆزی یەکتر بن."

ڕووم لە بووکەخان کرد و دەستەکانیم گووشی. لەگەڵ دەست بەرکەوتنی من و بووکێ تەزوویەکی کارەبایی چریکاندی بە جەستەماندا، کەژاڵ ختووکەیەك گرتی و چاوەکانی لێبڕیم، تەزووە کارەبابییەکە ئەگەر بە ڕێککەگوتیش بووبێت خۆشییەکی بەجەستەم بەخشی. هەردووکمان ڕاچڵەکەین.

ببوورە.""

بووکێ پێڵووی چاوەکانی ترووکاند و گوتی: "تۆ ساحری."

پیرۆزە ژیانی هاوسەرگیریتان، نەمزانی بوو کەرکووك کچی وەها جوانی تیدابێت.""

شیلانی هاوسەرم بە ڕوو گرژییەوە گوتی:" نازانیت قسە بکەیت، ئەم جوانی جوانییەت لە چییە؟ با بۆ یادگاری وێنەیەك بگرین."

بە ئەسپایی چرپاندمە بن گوێی شیلان: "من دەزانم کوێت دێشێت."

بەهەربار ژیانی هاوسەرگیری نێوان کامەران و کەژاڵ زۆری نەکێشا، لەپاش چوارمانگ بوو بە پرتەو بۆڵە. ڕۆژێکیان کەژاڵ زەنگی بۆلێدام و گوتی: "مامۆستا ، دەتوانم بتبینم؟"

یەکترمان بینی، لەنووکەوە هەمووشتێکی بۆ گێڕامەوە:

"کامەرانەی هاوسەرم شێتە. شەوی یەکەم پێیگوتم: خانمەکەم تۆ ئەوەندە جوان و ناسکیت دڵم نایەت دەستت لێبدەم، بەڵام حەزدەکەم ڕگوتبیتەوە و سەیری لەشت بکەم، وەك ژنەفاشیۆن و مۆدێلەکان بەسەر قەنەفەکەوە پاڵکەوە تا وێنەت بکێشم.

تا هەفتەیەك بەم وتە خۆشانە لەگەڵمدا ڕەفتاری دەکرد. ڕگوتی دەکردمەوە و وێنەی دەکێشام. شەوێکیان پێمگوت: کامەران لە سەرمان ڕەقەوە بووم، وەرە لە ئامێزم بگرە و گەرمم کەوە. کاتێ بەڕگوتی لەبن جێگە بووین، کامەران مۆمێکی دادەگیرساند و مۆسیقایەکی ڕۆمانسی دەخستە سەری پەنجەکانی دەکردە فلچە و بەگیانمی دەخشاند، منی شێت و هار دەکرد و دەیورووژاندم. جارێکیان توووند لە ئامێزم گرت، مۆمەکەم کوژاندەوە و گوتم: دەبەسە ئیتر تابلۆکەت تەواو بکە. دوای مانگێ دوان، تێگەیشتم کە من و ژیانی ئەم هونەرمەندەیان نەگوتووە. ئەو چەندین کاتژمێر لەگەڵ ڕەنگ و بۆیە و تابلۆکانی دەباتەسەر و ئاگای لە من نامێنێت. ڕۆژێکیان پێمگوت: کامەران گیان، ژیانی هاوسەرگیری چۆن وادەبێت؟ من نەهاتووم بۆ کەنەدا تا پۆز بۆ تۆ بکەم، من پێویستیم بەگەڕان و سەیرانە. کەچی کامەران تووڕە

بوو، گوتی: "کاتێ شگوت بەمن کرد دەبوایە بتزانیایە، من هونەرمەندم تابلۆکانم بەهەموو عەشیرەتەکەت ناگۆڕمەوە."
ئاهێکی هەڵکێشاو لە تەلەفۆنەکەوە هەستم بە ئاگری ناو دەروونی کرد.
"لەم ڕۆژانە ئیتر تەواو تێگەیشتم کە ژیانم تاڵە و کامەران نەخۆشی دەروونی هەیە. بڕیارمدا جوودا ببمەوە، هەر بۆیە ڕاستەوخۆ و بە قسەی خۆش پێمگوت: کامەران گیان من و تۆ دوو دونیای جیاوازمان هەیە و بۆ یەك نەکراوین، دەبێت جوودا بینەوە.
کامەران بەم وتەیەم حەپەساو دەستی کەوتە لەرزین و دەنگی بڵند کرد و گوتی: "داوای جیابوونەوە بکەیت، دیپۆرتت دەکەم، چونکە من سپۆنسەرم کردوویت."
لەپاش ئەوەی کەژاڵ قسەکانی تەواو کرد، بە هەنسکێکی پڕ لە گریانەوە دەیگوت ئینجا تۆ پێمبڵێ چی بکەم؟
"کەژال خانم، بمبوورە، جورئەت و ئازایەتی تۆ سەرنجی ڕاکێشاوم. من بیست ساڵە هاوسەرگیریم کردووە غیرەتی ئەوەم نییە داوای جوودابوونەوە بکەم، بەڕاستی تۆ ئازایت."
"ئازایەتی چی،من دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵم. دەمەوێت لەگەڵ کەسێك هاوسەرگیری بکەم کە پێکەوە ببین بە باخەوان."
هەرکە کەژاڵ باسی کۆلیژی کشتوکاڵی کرد، پەنجەی ئافەرینم بۆ بەرز ڕاگرت
"پێت خۆشە کە من دەرچووی بەشی کشتووکاڵم؟"

"به دڵنیاییەوە، ئەو برادەرانەی دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵن زۆربەیان بوون بە شاعیر و کادیری سیاسی. ئەوە بۆ یەکەمین جارە کەسێك ببینم خەمی گوڵ و باخچەی بێ."

کەژاڵ پەشۆکاو بوو، تاڵی بسکی شۆڕبووەوە ناوچەوانی، بە لێوە تەنکەکەی فوویەکی لە پرچی کرد و گوتی :" مامۆستا، واز لە شۆخیکردن بهێنە، هەر بەجدی ئایە کامەران دەتوانێت دیپۆرتم بکات؟"

هەستێکم ڕاگرت و پەنجەکانم بەناو قژما هێنا و وگوتم: "ئەگەر بەم پەلە پەلەیە داوای جیابوونەوە بکەیت، دوور نییە بتنێرنەوە، بەڵام کەژاڵ خان من هەستدەکەم لە نێوان تۆ و کامەران لەیەك تێنەگەیشتنێك هەبێت؟"

"نەخێر! من منداڵ نیم، دەزانم ئەو هونەرمەندە و بەزمانی لووسی منی فریودا. باوەڕ دەکەیت پێشئەوەی هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات ڕۆژانە پورترییەتی دەکێشام، کەچی لەو ڕۆژەوەی پێکەوەین. لێی بووم بە تابلۆیەکی ڕەق وتەق."

"من خۆم لەگەڵ کامەران قسە دەکەم و گوێ لەویش دەگرم بزانم چارەسەرێك نادۆزینەوە"

"مامۆستا، خۆت ماندوو مەکە، من ناگەڕێمەوە بۆ لای کامەران، با دیپۆڕتم کەن، خۆ من بێکەس و کار نیم، ناشمەوێت لەبەر پاسەپۆرتی هیچ ولاتێك ژیان بەدرۆ بەسەربەرم."

"ئافەرین. کچی خۆم ئێستا بە من بڵێ چیت بۆ بکەم؟"

من دەمەوێت تا شوێنێك پەیدا دەکەم لەماڵی خۆتان جێگەم بکەنەوە؟""

بەسەرچاو، چناری کچم عازەبە و دەتوانن ببنە برادەر، بەڵام مۆڵەتم پێبدە لەگەڵ کامەرانیش قسەیەك بکەم"

ئارەزووی خۆتە. وەك گوتم من بڕیاری خۆمداوە و گەڕانەوەم بۆ کەرکووك زۆر پێخۆشترە لە ژیانی هاوسەرگیرییەکی پڕ لە درۆ.

***

گەلەرییەکەی کامەران لە یەکێ لە شەقامەکانی پشت سەنتەری شارەوە بوو، لەو گەڕەکە زۆربەی ئەلکحولیست و سۆزانییەکان لێی کۆ دەبوونەوە. لەبەر ئەوەی نرخی خانوو یان کرێی دوکان لەو شوێنانە هەرزانترە کامەران خانووەیەکی کڕی بوو، نهۆمی خوارەوەی کردبوو بە هۆڵی گەڵەری و ژوورەکانی سەرەوەشی وەك ستدیۆیەك بەکاری دەهێنا بۆ نیگارکێشان.

کامەران لە وێنەکێشان و بزنس زیرەك بوو، کەمێکش قرچۆك و چاوچنۆك بوو، زمانشیرین و ساختەچیش بوو

پێم نایە ناو گەلەرییەکەی، خانمێك چەند تابلۆیەکی کڕیبوو، کامەران پسوڵەی بۆ دەنووسی. کامەران قاتێکی شینی کاڵ و بۆینباخێکی خاکی بەست بوو، جگوتێ پێلاوی ئیتاڵی لەپێ بوو. نرخی کراس و پێلاوەکانی سەرووی هەزار دۆلارێك دەبوو.

کامەران کڕیارەکەی بەڕێخست، منیش بە فیکەلێدان تەماشای تابلۆکانم دەکرد

چەند تابلۆیەکی نوێی هەڵواسی بوو، تابلۆیەکی لە وێنەی کچێك دەچوو سەما بکات، وەلێ پەرچەمەکەی با بردبووی

گوێم لەتەقەی کەوشەکانی کامەران بوو، ئاوڕمدایەوە، بە پێکەنینەوە پێی گوتم: "ئەم فیکە فیکەت لەچی دەزانم بۆچی هاتوویت یاخوا بەخێربێت نووسەری مەزن؟.

کامەران ئەو تابلۆیەت سەرنجی ڕاکێشام

"واز لەکارەکانم بهێنە قاوەکەم هێشتا گەرمەو لەناو ترمزەکەیە فەرموو دانیشە، تا سەروو قاوەیەکی ڕەش بخۆینەوە"

بەدەم قاوە تێکردنەوە کامەران گوتی: "دەمزانی  کەژە پەنا بۆ تۆ دەهێنێت، پێمبڵێ کەژە چیدەگوێت، لەوە زیاتر تا بۆیبکەم؟"

"خۆشەویستی."

کامەران، بەسەرسووڕمانەوە سەیرێکی کردم، قاوەڕەش و تاڵەکەی بە قوومێك خواردەوە، ئارەقی شین و مۆریکردەوە و بە تووڕەییەوە گوتی:" خۆشەویستی چی، من عاشقیم، بێ ئەو ناتوانم بژیم ئەگەر باوەڕ ناکەی وەرە سەرەوە لەگەڵم ستۆدیۆکەم ببینە."

دەستی ڕاکێشام بەزۆر بردمییە نهۆمی سەرەوە.

لەپڕ کامەران شەقێکی لە دەرگەی ژوورەکەیدا، دەیان تابلۆ لەسەر زەوی کەوتبوون زۆربەیان وێنەی کچی ڕگوتبوون کە لە سەروسیمای کەژاڵ دەچوون.

یەکێ لە وێنەکان جگوتێك مەمك بوو، بەچەشنی هەرمێ بە قەد لقەدارێکەوە شۆڕبووبوونەوە.

گوتم: "کامەران گیان، لەسەرخۆ من هاتووم قسە بکەین نەك شەڕ."

" "ئەم وێنانەی دەیبینی هەمووی تەعبیر لە لەش و نیگای کەژاڵ دەکات، من ئەگەر کەسێکم خۆشنەوێت پۆرتریتی ناکێشم

لە پلەکانەکان هاتمە خوارەوە، لەسەر کورسییەك دانیشتم: پێم بڵێ کامەران گیان بۆ وا تووڕەیت؟

" "ئەی چۆن تووڕە نەبم، کەژاڵ وەڵامی تەلەفۆن و تێکستم ناداتەوە، پێمدەڵێت هەمووشت کۆتایی هاتووە

" "چارە چییە، چی بە من دەکرێت؟

" تۆ ویژدانت مامۆستا تۆ قەبووڵ دەکەیت ئەو هەموو خەرجییە لە کچێك بکەیت و لێرەش وازت لێ بهێنێت؟"

"کەژاڵ زمانی ئینگلیزیەکەی باشە، هەفتەی داهاتوو دەچێتە سەرکار و قەرزەکەت دەداتەوە."

"چ زوو کاری پەیدا کرد، ڕاستە دەڵێن: ژن وەك پشیلە سپلەیە."

"بە تووڕەییەوە پێمگوت قسەکەت تەواو مەکە، لە ئۆنلاین بە ئاسانی کاری قاپ شۆرینی پەیدا کردووە."

کامەران بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "ئەم نووسەرانە بەس بۆ ئەوەی ناودارین پشتی ژن دەگرن

منیش بە پێکەنینەوە وەڵامدایەوە:" ئێ شەڕەکەی ئێمەش هەر لەسەر ژنە."

" "باشە ئێستا من تێگەیشتم، ئەو باڵندەیە فڕی، چیبکەین چار چییە ؟

دووبارە پەنجەکانم خستە نێو قژم و کێشام بەسەرما و کوونی گوێچکی ڕاستم پاککردەوە و و گوتم:

با کێشەکە بە ئارامی چارەسەر کەین، چەند مانگێك دووربن لەیەکتر.""

کامەران وەك فیشەکەشێتە چوو بە ئاسماندا و هەڵچوو: "بۆ من غەشیمم، کات بڕوا لە قازانجی کەژەیە و نزیك دەبێتەوە لە وەرگرتنی ڕەگەزنامەی کەنەدی؟"

"جا چیدەبێت ئەگەر تۆی هونەرمەند چاکەیەك بکەیت و بیدەی بەدەم ئاوە؟"

" ئەی ئەو پارەیەی خەرجم کرد؟"

"پێمگوتی دەتداتەوە، چونکە تۆ پێشتر پسوولەی خەرجییەکانت پیشانی داوە."

"بەڵێ مامۆستا ڕاستی من تاقەتی سەرئێشەی ژنم نییە، با بیست هەزاردۆلارم بداتێ و بۆ خۆی لە کەنەدا دانیشێ."

کەمێك دامام، لەدڵی خۆم گوتم بەڕاستیی پارە کێشەیە بۆ مرۆڤ.

"بەڵام من بیستوومە دە هەزاردۆلارت سەرفکردووە."

"ڕاستدەکات، دەی ترش باجی جنسیەکەی."

بە شۆخییەوە گوتم:" بۆ تۆ ئیشی قاچاخچی دەکەیت، با نە ١٠ بێت، نە ٢٠ بیست، پازدە هەزار دۆلار بێت نە من قسەو نەتۆ قسە."

کامەران دەستی نایە ناو دەستم گوتی:" من وامدەزانی تۆ نووسەرێکی بەتوانای، کەچی لە دەڵێکیش باشیت.".

کامەران پێت بەقەت بەرەی خۆت ڕاکێشە.""

" زۆرباشە. پیاو قسە دەکات؟"

بەزەردەخەنەیەکەوە وەڵامم دایەوە:" خەمت نەبێت، ئەگەر کەژاڵ پارەکەی نەدا، خۆم ئەو پارەیەت دەدەمێ."

پێشئەوەی بڕۆمە دەرەوە دەستم نایە بانشان کامەران و گوتم: " قسەیەك لە دڵمە دەمەوێت پێت بڵێم."

"فەرموو."

"ڕاستە ئەو قاتەی بەرت نرخی هەزار دۆلارە، وەلێ مێشکت سفرە."

*

لەو ماوەیەی کەژاڵ لەماڵی ئێمە مایەوە، بەردەوام کاری دەکرد و هەوڵی دەدا هەرچی زووە قەرزەکەی  کامەران بداتەوە. کەژاڵ جگە لە قەرزی کامەران یارمەتی بۆ ماڵی خۆشیان دەنارد و ناوناوەش بەدەستی پڕ لە دیاری دەگەڕایەوە ماڵی ئێمە. کەژاڵ بوو بە یەکێ لە ئەندامانی خێزانمان، ئەوەندە ژیر بوو چناری کچمی ئامۆژگاری دەکرد. ئەگەر ڕۆژێکش لەسەر کار دواکەوتبا ئاگاداری دەکردینەوە. کاتێکش ئەو لە ماڵ دیار نەبوایە، ماڵ خاڵی و جێگەی دیاربوو. دایك و باوکی کەژاڵ لە کەرکووکەوە بەردەوام زەنگیان لێدەدا و سەرەڕای سوپاس و ستایش، دەیانگوت تووخودا مەهێڵن ئەو کچەمان بە هیچ لایەك بڕوات. بە کەژاڵ یشیان دەگوت:" ئابڕوومان نەبەیت و ئەملاوئەولا نەکەیت."

لەگەڵ ماڵی کەژاڵ بووین بە ئاشناو بەڵێنماندا ئەگەر ئەمجارە گەڕاینەوە کوردستان سەردانیان بکەین. جارێکیان بەتەنزەوە بەدایکی کەژاڵم  گوت:" ماشاڵڵا کچەکەت ئەوەندە جوانە هەربچێتە دەرەوە گورگ دەیخوات."

باخچە بچکۆلانەکەی ماڵمان بەدەستی ڕەنگینی کەژاڵ ڕازایەوە و دوو نەمامی کڕی چاندی و گوتی:" ئەم نەمامانە دەبنە دیاری، کاتێ بەرز دەبنەوە و دەبنە درەخت لەژێر سێبەری دادەنیشن و چیتر پێویستان بە کەپردروستکردن نامێنێت."

منیش بەزەردەخەنەیەکەوە گوتم:" ڕاستدەکەیت، درەخت جوانترین دیارییە و لەبەرچاوە، هەردیارییەکی تر ببەخشی بە مرۆڤ لە بیری دەکات."

هاوسەرەکەم لەپشتەوە چڕنۆکی لێگرتم و گوتی:" دەزانم مەبەستت منە، بەخوا کچم تا ئێستا یەك تاکە بازنگی کردووە و هەردەیداتەوە بەچاوما."

بە پێکەنینەوە گوتم:" ژن مێشکی ماسییان هەیە، شت زوو لەبیر دەکەن."

*

ڕۆژێکیان کاتم قۆستەوە و سەردانی کامەرانم کرد. هەرکە دەرگەی گاڵەرییەکەم کردەوە، کامەران لە پلەکانەکان هاتە خوارەوە بۆ ناو هۆڵەکە. لام وابێت گوێی لە زەنگی دەرگەکە بوو یان لە کامێرای چاودێری منی بینی بوو. کامەران دەست کێشە بۆیەیاویەکەی داکەندو فڕێی دایە ناو سەبەتە زبڵێکی ژێر مێزێکەوە. بە زەردەخەنە و ڕوخساری گەشەوە کەوتە فیکە لێدان. هەمان ئاوازی فیکە لێدانەکەی من بوو.

"چییە، لاساییشمان دەکەیتەوە."

"کاك بەختیار کێ دەتوانێت لاسایی تۆ بکاتەوە، تۆ هەر ڕۆژ جۆرە سیناریۆك دەڕازێنیتەوە"

دەستم برد بۆ ترمزە قاوەکەی و گوتم :" قاوەکەی پارساڵی تیا ماوە؟"

"ئەی چۆن بیخۆرەوە قاوەی بەرازیلییە، ئەو خەڵکە بەس ناوی قاوەی تورکی و عەرەبی و کۆلۆمبی دەزانن، وەلێ وڵاتی بەرازیل بە تامترین قاوەیان هەیە."

سەری ترمزەکەم شلکردەوە. خۆشترین بۆنی قاوە هاتە بەرلگوتم. قوومێك قاوەم کردە ناو کوپێکەوە و تامم کرد.

"کامەران مشتێ لەم قاوەیە بۆ من دانێ، یان پێمبڵێ لە کوێ دەتوانم بیکڕم."

"نەخێر، هەرکات حەزت بەقاوەبوو وەرە بۆ لام تێر قاوەت دەکەم"

سەرنجی تابلۆکانیمدا. زۆربەیان دیمەنی شاری ئۆتاوا بوون، بە شێوەی ئەبستراکت و ڕەنگی دڵڕفێن و گەش نەخشی کێشابوون

گوتم :" کامەران ئەمجارە شێوازێکیتر لە کارەکانت دەبینم."
تکایە،مامۆستا. پرسیار زۆرمەکە. من ناوێرم وەڵامی تۆ بدەمەوە.
"مەبەستت چییە؟"
"ئەم کارەم بۆ بازرگانییە و چەند قونسیلیەك داوایان لێکردووم."
هەستامە سەرپێ، گوێم لە خشە خش و دەنگی پێ بوو لە نهۆمی سەرەوە. سەیری کامەرانم کرد. یەکسەر گوتی:" ئەوە پشیلەکەمە."
پەردەی پشت مێزێکم هەڵدایەوە، چەند لاپەڕەیەك لە سکێچەکانیم بینی. ڕەشی کردبوونەوە بە شێوەی کاریکاتۆر. وێنەکان پڕ لەمانا و تەنز ئامێزبوون.
پرسیم :" کامەران ئەم سکێچانەشت کێشاوە و لێمت شاردووەتەوە؟"
پەڕەی سکێچەکانی کۆکردەوە و گوتی: "فەرموو تەماشایان کە"
ڕووانیمە وێنەکان، سکێچێك کە وینەی هەرامەی پیاوێکی کێشابوو، لە شێوەی قەڵەم دەرپەڕی بووە دەرەوە، سێ پەنجەشی پێوە لکابوو.
گوتم : "ئەمەیان چییە؟"
بە شۆخییەوە وەڵامیدایەوە:" ئەوە نووسەرێکە قەڵەمەکەی بەدەستەوەیە، واتە عەقڵی لە کۆشیەتی."
دام لە قاقای پێکەنین و گوتم:" کامەران پێم جوانە کاتێ دەتبینم دڵخۆش و سەرکەوتووی لە کارەکانت، زۆرجار مرۆڤ کێشەیەکی دێتە پێش خەمبار دادەنشێت."

به پێچەوانەوە، من دەبێت شادمان بم کە کێشەم دێتە پێش، چونکە فێرم دەکات ڕێگەیەکیتر هەڵبژێرم."

"کەمێك پێکەنیم و لام سەیربوو کامەران بە هیچ شێوەیەك ناوی کەژاڵ ناهینێت."

لەم کاتە گوێم لە زریکەی ژنێك بوو لە نهۆمی سەرەوە بە زمانی ئینگلیزی هاواری کرد:" من سەرمامە، هەی بێناموس."

ببوورە کامەران، ئەگەر لە کاتێکی خراپ سەردانیم کردی، پشیلەکە بانگت دەکات." "

ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامیدامەوە: "نا ئەوە، ژنێکە مۆدێلم بۆ دەکات، ڕگوتە ودەبێت وێنەی بکێشم."

بەرەو لای دەرگەی دەرەوە ڕۆیشتم، بە کامەرانم گوت:" هەستدەکەم ئاقلتر بوویتە؟"

ئاخر ویستم پیشانت بدەم کە عەقلم سفر نییە.""

دەستم بەدەرگاکەوە بوو. ژنەکە دیسانەوە هاواری لێ هەڵسا...

کامەران دەستی گووشیم و گوتی:" با هەر هاوار بکات، پارەم پێداوە."

بەتەنزێکەوە گوتم:" کامەران سوپاس بۆ قاوەکەت، بەڵام بەخوا کەر بچێت بۆ بەغدا نابێت بە ئێستر."

*

لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین. بڕیارماندا کە گەشتیک بکەین بۆ تاڤگەکانی نیاگارا فالس. ماشێنێکم بە کرێ گرت نانی بەیانیمان لە یەکێ لە قاوەخانەکانی سەر ڕێ خوارد و بەرەو شاریتۆرەنتو کەگوتینە ڕێ. من و هاوسەرەکەم لەپشتەوە دانشتبووین چناری کچم ماشێنەکەی دەهاژگوت. چناری کچم ئەگەرچی کچێکی کەمدووە، حەز بە تێکەڵبوونی خەڵکیش ناکات، تا ڕادەیەك دڵڕەقە سەفەرکردن لەگەڵیا تا ڕادەیەك ناخۆشە. نیوەی ڕێگەمان بە قسەی خۆش بردە سەر. گەیشتینە تۆرەنتو نانی نیوەڕۆمان لە چێشتخانە ئێرانییەکان خوارد. ئینجا نۆبەی من هات ئۆتۆمبیلەکە لێخووڕم.

لەبەرئەوەی گەشتیار یەکجار زۆربوو ترافیکیش دوای خستین، بە دوو کاتژمێر گەیشینە ناو شار. تاڤگەکانی نیاگارا لەدوورەوە هاژەی دەهات، لە یەکێ لە هوتێلەکان کە پێشتر دیاریمان کرد بوو، دوو ژووری جیاواز و بەتەنیشت یەکەوەمان گرت پاش ئەوەی پشوومان دا، من و هاوسەرەکەم بە ئەسانسێرەکە دابەزیینە خوارەوە. لە هۆڵی پێشوازی میوانەکان چنار و کەژاڵمان بینی لەگەڵ لاوێك گفتوگۆ دەکەن. کاتێ گەیشتینە لایان،

کەژال گەنجەکەی پێناساندین: ئومێد کوردی ڕۆژهەلاتە وخاوەن نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەیە لە شاری تۆرەنتۆ

ئومێد لاوێکی باریکە و چاوڕەش و دەم بچکۆلانە بوو، پەڵەیەکی سوور بە لاملییەوە بوو. زمانشیرین و دەم بەپێکەنین بوو. کەمێك موو نەرم دیاربوو، کاتێ دەدوا وەك ژن لەپی دەستی بە دەمییەوە دەنا، وا دیاربوو بە زمانە شیرینەکەی کەژاڵ و چناری

فریو دابوو کە بە ماشینەکەی بەناو شاری نیاگارا گرِیان بدات، بەڵام من گوتم:" نیاگارا دوو شەقامە و بە پیاسەکردن زۆر خۆشترە."

ئومێد دیاربوو چاوی لەسەر کەژاڵ لا نەدەبرد، توووند دەستی منی گووشی و گوتی، بە گۆڕی شەهیدان ئێوارە دەعوەتی منن هەرچەند من ئەم وتەیەم پێناخۆش بوو، دەمزانی ئومێد دەزانێت چۆن بمان خاتە تەڵەوە.

لە کچەکانم پرسی: "ئێوە چی دەڵێن؟"

کەژە یەکسەر وەڵامی دایەوە و گوتی:" با سوێندەکەی نەشکێنین."

لە ئومێد دوورکەگوتینەوە، شۆڕبووینەوە بەرەو تاڤەگەکان. کاتێ کەژاڵ دیمەنی جوانی تاڤەگەکانی بینی لە خۆشیدا کەوتە سەماکردن و سێڵفی گرتن. وەك منداڵێکی هار لەم سەر بۆ ئەوسەر ڕایدەکرد و دەیگوت: ئای خوایە لەم هەموو جوانییە

پیاسەی خۆمان کرد، بەناو پارك و بازاڕەکەی شار سووڕاینەوە.

کەمێك برسیمان بوو. گوتم: "چی دەڵێن شتێك بخۆین؟"

کەژاڵ گوتی:" مام بەختیار لە بیرت چوو داواتی ئومێدین؟"

هەستمکرد کەژاڵ دڵی چووە بە ئومێدەوە. گوتم: "خۆ ژمارەی تەلەفۆنیمان نییە و هێشتا زووە بۆ نانی ئێوارە."

کەژاڵ ژمارەی تەلەفۆنەکەی ئومێدی پیشاندام و گوتی: "دەتەوێت تەلەفۆنی بۆ بکەیت؟"

خۆم توووڕە کرد و گوتم:" بۆ لەبرسا مردووین، لەو ئومێدە پەستم کە کاتێ ناوی شەهیدانی هێنا."

چنار و کەژاڵ چرپاندیانە بن گوێی یەکتر و پێکەنین. چەند کۆڵانێکی ترمان بڕی، لە دووکانێکی جلفرۆشی ژنان کەژاڵ و هاوسەرەکەم چوونە ژوورەوە. من چمکی کراسی چنارم گرت و بە ئاسپایی لێم پرسی: "ئەم ئومێدەتان لە کوێ ناسی؟"

"باوکە گیان، ئەو کوڕە کوردە لە هۆڵەکە دانیشت بوو. کەژە هەرکە بینی گوتی ئەم کوڕەم لەشوێنیك بینیوە. ئیتر گەنجەکە هات بەلامانەوە و خۆی پێناساندین و پرسیاری لێکردین. کاتێ زانی ئێمە کوردین، یەکسەر لەگەڵ کەژاڵ بوون بە برادەر و ژمارەی تەلەفۆنیان گۆڕییەوە."

"هەرگیز نەمدەزانی کەژاڵ ئاوا بە ئاسانی کەوی بکرێت."

"قەیچێکە باوکە گیان، ئەو ئومێدە کوڕێکی خراپ دیارنییە. دوایی خۆ هیچ ڕووینەداوە تۆ بۆ پەشۆکاویت؟"

زەردەخەنەیەك هاتە سەرلێوم و گوتم:" ڕاستدەکەیت، خۆ منیش لەجێی ئومێد بم هەر وامدەکرد."

چنار بە پێکەنینەوە گوتی:" ئەوە دەڵێی چی؟"

"بێگومان کاتێ لاوێك دوو کچ جوان ببینێت، هەوڵی ڕاوکردنیان دەدا."

چناری کچم پێکەنی و گوتی:" باوکە کەمێك خەتای کەژەی تیایە، هەر کە ئەو گەنجەی بینی زەردەخەنەی بۆ نواند و بە چاوەکانی ئیشارەتی بۆ کرد."

لەم کاتە کەژاڵ و هاوسەرەکەم لە دووکانی کراس فرۆشەکە هاتنە دەرەوە. کەژاڵ گوتی: "کاك ئومێد زەنگی لێداوە کەمێکیتر دەگاتە ئێرە."

من و چنار سەیری یەکترمان کرد. بەسەرسووڕمانەوە، گوتم :"ئێستا ئێمە لێرە چاوەڕوان بین؟"

لەم قسەیە بووین. لەسەر جادەکە لیموزینێکی جامڕەش ڕایگرت و پەنجەرەکەی پشتەوە کرایەوە و ئومێد سەری دەرهێناو هاواری کرد: "خالۆ بەختیار فەرموو سواربن."

سەیرێکی دەوروبەری خۆم کرد، چناری کچم دەستی ڕاکێشام و گوتی:" باوکە زووکە سواربە، لێرە سەیارە ڕاگرتن قەدەخەیە."

منیش بە پێکەنینەوە دەستی هاوسەرەکەم گرت و گوتم: "فەرموو سواربە، زاوا بە خۆی تڕومبێلەکەیەوە ئامادەیە."

***

پاش ئەوەی ئومێد بە لیموزینەکە پیاسەیەکی ناو شاری پێکردین. لەبەردەم تاوەری بەرزی skylon نیاگارا ماشێنەکەی وەستاند و بە ئەسانسێر سەرکەوتینە سەرەوە. لە سکای لۆن کە چێشتخانەیەکی نایب و ناوداره، گازینۆیەکی بچکۆلانەی تێدایە و لە گۆشەیك دانیشتین.

لە پەنجەرەی چێشتخانەکەوە سەیری دیمەنی جوانی نیاگارای بەشی ئەمریکامان دەکرد. ئینجا لیستی خواردن لە بەردەممان دانرا. من ڕووی دەمم لە ئومێد کرد و بە نابەدڵییەکەوە گوتم: "کوڕی خۆم شەرمەزارت کردووین."

" بە پێچەوانەوە، مامۆستا من لە خزمەتتاندام. چەند خۆشە لەم غەریبییە لەگەڵ هاوزمانی خۆم دانیشتووم. مامۆستا بیستم بەڕێزتان چیرۆکنووسن؟"

"بەڵێ ، ناو ناوە شت دەنووسمەوە."

"باوکم شاعیر بوو، ئێمە خەڵکی نەغەدەین. لەبیرمە باوکم بە شیعرەکانی حافزی شیرازی فاڵی بۆ دەفرتینەوە، هەروەها تەمەنم چوار پێنج ساڵان بوو باوکم لەگەڵ خۆی بردمی بۆ سەردانی هێمنی شاعیر."

هەستم کرد ئەم هەتیوە شت زۆر دەزانێت. لەناکاو بیرۆچکەی بچڕاندم و گوتی: "لەوەبێت لاتان سەیربێت کە من چۆن چۆنی دەوڵەمەند بوومە. کاتێ گەیشتمە کەنەدا باوکم ڕەز و باخەکەی بۆ فرۆشتم. هەر کە فێری زمانی ئینگلیزی بووم لەگەڵ چەند برادەرێکی ئێرانی بووم بە دەڵاڵ و قازانجێکی باشم لە کڕینی و فرۆشتنی خانووبەرە کرد."

کاتێ ئەو قسەی دەکرد من سەیری دەرەوەم دەکرد، بەڵام ئاگادار بووم کەژاڵ چاوی لە چاوی بڕیبوو. جوانی ئومێد سەرنجی ڕاکێشا بوو. لەهەمان کات بۆم ئاشکرا بوو کە کەژە تەواوی زانیاری لەسەر ژیان و حەزەکانمی بۆ ئومێد بەیانکرد بوو.
چونکە لەپاش نانخواردن ئومێد دەستی نایە ناو دەستم و گوتی: "مامۆستا گیان، تۆ دونیات زۆر بینیوە، شتێکت پێدەڵێم نیگەران نەبیت."
"فەرموو. "
"مەبەستم ئەوە ڕاستییەك دەدرکێنم، لەوەبێت ئێوە پێی دڵگرانبن."
هەموومان گوێمان بۆ شل کرد، ڕاستی من لەوە ترسام یەکسەر داوای داخوازی کەژە بکات.
گوتی:" هەفتەی داهاتوو دەچم بۆ حەج، لاتان سەیر نەبێت منیش هەروەك ئێوە نوێژ ناکەم، بەڵام لەگەڵ هاوکارەکانم بە گروپ دەچین بۆ ماڵی خوا."
"جا ئەوە ژیانی تایبەتی خۆتە و ئێمە بۆ نیگەران دەبین"
"دەزانم، بەڵام ئیشکەم وا دەخوازێت."
هاوسەرەکەم بەپێکەنینەوە گوتی:" جا خۆت بۆ ماندوو دەکەیت و پارە سەرف دەکەیت، حەجەکەت قبووڵ نییە."
"دەزانم، بەڵام ئەم نهێنییەم بۆیە لای ئێوە درکاند. یەکەم کە ئاگادارتان بکەم تا دوو هەفتە هەواڵم نابیستن، دووەم نامەوێت درۆ لەگەڵ ئێوە بکەم، لەوانەیە هەرکە لە یەکتر جوودابووینەوە ئێوە بڵێن ئەم ئومێدە دوو ڕووە و بۆ بەرژەوەندی خۆی هەموو

شت دەکات. ڕاستە من بۆ بەرژەوەندی خۆم ئەم حەجە دەکەم، بەڵام زیانی بۆ کەس نییە."

چاك گیرم خواردبوو بەدەست ئەم ئومێدەوە. پێمگوت:" ئێمە بە هەمووی چەند کاتژمێرێکە تۆ دەناسین، ڕۆژگارمان لەبەردەمە تا باشتر یەکتر بناسین."

ئومێد بە خۆشی و دەم پێکەنینەوە گوتی:" بەڵێن بێت، هەر کە لە حەج گەڕامەوە، دێم بۆ سەردانتان."

هاوسەرەکەم سەیرێکی منی کرد و بە ئومێدی گوت:" ئومێد ئێمە پێخۆشحاڵین بەناسینت، بەڵام هەست ناکەیت بە پەلە هەنگاو دەنێیت."

من قسەکەی هاوسەرەکەم تەواو کرد و بە پێکەنینەوە گوتم:" لەوانەیە ملت بشکێ، هەموومان دامان لە پێکەنین."

ئومێد هیچی بەسەر خۆی نەهێنا و گوتی:" پێم بڵێن چ دیارییەکتان پێخۆشە لە حەجەوە بۆتان بهێنم."

*

لە گەشتەکەمان بە خۆشی گەڕاینەوە ماڵ، بەڵام ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕەفتاری کەژە گۆڕا. کەمێك کەوتە خۆیی! کراسی ڕەنگاوڕەنگ و جوانتری دەپۆشی، برۆی باریك ڕەشتر کردەوە. دڵخۆش و بە کەیفتر لەماڵەوە لەگەڵمان دەدوا. کاتێ بە تەلەفۆن لەگەڵ دایك و باوکی قسەی دەکرد، پێدەکەنی و قسەی خۆشی بۆ دەکردن. ئێمەش پێمان خۆشبوو کە کەژە بەدڵخۆشی و شادییەوە ببینین. کاتێك ئومێد لە حەج گەڕایەوە، بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکردین. تەنانەت لای کەژاڵ گوتبووی ئەو ماوەیەی لە مەککە بووم، هەمیشە بیرم لەلای تۆ بووە.

کەژەش پێیگوت بوو:" دەبوایە هۆش و بیرت لای خوا بوایە نەك من."

دوای ئەم قسەیە دابوویان لە قاقای پێکەنین..

ئومێد تەنیا جارێکش قسەی لەگەڵ مندا کرد و گوتی:" گەشتەکەم بۆ حەج زۆر خۆش بوو. لەناو فڕۆکە جێگەی بزنسمانم گرتبوو. لە شاری مەککەش لە هوتێلێکی پێنج ئەستێرەیی بووین و بە خواردنەوە."

منیش پێمگوت:" بۆ تۆ چوویت بۆ حەج، یان بۆ کوبا؟"

*

له پاش یەك هەفتە خۆم پێنەگیراو بانگی کەژاڵم کرد و پێمگ"وت: هەستدەکەم پەیوەندیت لەگەڵ ئومێد هەیە، دەمەوێت ئەو پەیوەندییە نەمێنێت، چونکە ئەو کوڕە ناچێ بە دڵمدا."

" مامە بەختیار منیش هەستم کردووە، کە تۆ بەم پەیوەندییە دڵگرانیت، لێ بۆ من ئومێد ئومێدی ژیانمە."

ناوچەوانی خۆمدا بەیەکداو لە دڵی خۆمدا گوتم: ڕاستە گوتیانە عەشق نابینایە!

"کەژاڵ گیان، واز لە دڵت بهێنە و بە عەقڵ بیرکەرەوە. ئێمە ئەو کوڕە ناناسین. تەمەنیشی کەمێك لە تۆ گەورەترە"

"من لەگەڵ کەسوکاری قسەم کردووە، پاشان بۆ من تەمەن تەنیا چەند ژمارەیەکە."

هەروەك هەمیشە کاتێ تووڕە دەبم دەچمە خواردنگەکەی مەتبەخی ماڵەوە، خۆم سەرقاڵی چای لێنان دەکەم. هەست و بیرم لای خۆم نامێنێت. کترییە ئاوەکەم نایە سەر چاوی ئاگرەکە. کەژاڵ لەسەرخۆ و بە هێمنی لەسەر کورسییەك دانیشت و گوتی: "مامۆستا نازانم چۆن پێت بڵێم، من دڵم چووەتە ئومێد. دەیەوێت بێت بۆ سەردانیمان، منیش لە ئێوە زیاتر کەسم نییە."

"کەژە ئایا تۆ پرست بە دایك و باوکت کردووە؟"

"بەڵێ! ئەوان گوتیان مامۆستا بەختیار چی بڵێت ئێمە ڕازین"

لەم کاتە زەنگی ماڵ لێیدا، منیش وەڵاممدایەوە.

"سەلام، مامۆستای گوڵ، ڕۆژباش."

دەنگیم ناسییەوە ئومێد بوو.

"فەرموو حاجی، بێژە."

"مامۆستا، قەرارە بێم بۆ سەردانیتان ئایا دەرگەم لێدەکەنەوە."

هەستم کرد ئەم برادەرە باش شەرمان پێدەفرۆشێ و بووەتە لەزگە. پێمگوت:" پێویست ناکات ئەو هەموو ڕێگەیە ببڕیت، ئومێد من دەزانم کە تۆ نایەیت بۆ سەردانی من بەڵکوو بەدوای کەژاڵەوەیت."

"دەمت گەرم مامۆستا، منیش دەمەوێت دەربارەی ئەو بابەتە سەردانیت بکەم و هەردوو دەستت ماچ کەم و داوای دەستی کەژاڵ بکەم. بەڕێزتان لە جێگەی کەس و کاری کەژاڵن."

"ئومێد، تۆ زۆر پەلە دەکەیت، تکایە جارێکیتر زەنگ لێدەوە، ئێستا کاتم نییە."

"بەسەرچاو، بەڵام مامۆستای مەزن من دەزانم دلگرانیت بە هەنگاوەکانم. بەو مەککە یەی پێم لێناوە، دەمەوێت بە داب و نەریتی ئایینی خۆمان و دلپاکییەوە کەژاڵ بکەم بە هاوسەرم. کەژاڵ یش منداڵ و هەرزەکار نییە، خانمێکی زرنگە. تکات لێدەکەم هاوکارمانبە.".

"ببوورە، دەتوانیت جارێکیتر تەلەفۆن بکەیتەوە."

کاتێ گۆشی تەلەفۆنەکەم داخست. کەژاڵ بەدیارمەوە وەستا بوو. بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:" تووخودا مامۆستا، ئەم دلڕەقییەت لەچی، دە کەمێك پێبکەنە."

هەرچۆنێك بوو هەولمدا ڕووگرژیی و مۆنییەکەم لابەرم. زەردەخەیەکم پێشکەشکرد

کەژاڵ بەسەرسووڕمانەوە گوتی :" تۆ بە پێکەنینەوە جوانیتریت."

"خواردنگەکەی جێهێشت."

هاوسەرەکەم هاتە خوارەوە گوتی:" چی بوو، هێشتا چایەکەت لێنەناوە."

پێمگوت: "دانیشە، تا چاییەکە دەمدەکێشێ دەمەوێت دوو قسەت لەگەڵ بکەم."

هاوسەرەکەم بە زەردەخەنەوە گوتی:" ئەگەر بۆ مەسەلەی کەژەیە خۆت ماندوو مەکە. ئەوان شەو و ڕۆژ بە تەلەفۆن لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن و هەمووشتێکیان بڕاندۆتەوە."

جگوتێ پیاڵەم داناو گوتم:" با لەخەفەتی ئەم دونیایە چایەك نۆش کەین."

"جا خەفەتی بۆچییە، کەژاڵ ژیانی خۆیەتی و ناتوانین ڕێگری لێبکەین."

"ئەرێ تۆ شێت بوویتە، ئەو ئومێدە ناچێتە عەقڵمەوە، هەروەها ئایا کەژاڵ دەزانێت کە هێشتا بە رەسمی هاوسەری کامەرانە؟"

چاکەم تێکرد ولەسەر مێزەکە دانیشتم.لەکاتێکدا هێشتا چاکە هەڵمی لێ هەڵدەستا، قوومێکم لێدا. لێم بوو بە ژەقنەبووت، خێرا هەرچی لەدەمم بوو ڕشاندمەوە ناو شیرەکەوە. هاوسەرەکەم گوتی: "ئەوە چی بوو، لە گەرما دەمت سگوتا.".

"نەخێر، کچەشێت، لەجیاتی شەکر خوێم تێکردبوو"

*

لەو ڕۆژەوەی لە گەشتی نیاگارا گەڕاینەوە و ئومێدمان ناسی، شێوازی ژیانمان گۆڕا..

کەژاڵ هەستیکردبوو کە ئێمە دڵگرانین بەم داخوازییەی، هەر بۆیە ڕۆژێکیان بەدزیی منەوە بوخچەی هەڵگرتبوو وەك بیستم لە چناری کچمەوە کە ئومێد لە شاری تۆرەنتۆ ئیشی بۆ دۆزیوەتەوە بردوویەتی بۆ لای خۆی. نەمدەزانی چیبکەم و چیبڵێم. ڕۆیشتنی کەژاڵ ماڵی چۆڵ کردین و بەدڵتەنگییەوە لەگەڵ یەکتر دەدواین. لەپاش هەفتەیەك هاوسەرەکەم و چناری کچم پێیانگوتم کە داواتی زەماوەندی کەژاڵ ین.

زۆرم پێناخۆش بوو، گوتم من نایەم و پیرۆزی یەکتربن.

تێکستێکم بۆ کەژاڵ نارد و پیرۆزباییم لێنەکرد، لێ بۆم نووسی( هەرکات ئارەزگوتکرد ماڵ ماڵی خۆتە و دەتوانی بگەڕێیتەوە.)

هاوسەرەکەم لێم تووڕە بوو گ.گوتی: "تۆ بۆ واخۆت شێواندووە کچە زەماوەند دەکات، لەگەڵمان وەرە خۆشی ببینە.".

"من نایەم بۆ ئەو زەماوەندە و دڵنیام ئەو شووکردنەشی کاتییە."

پیاوێکی کەڵەڕەقیت.""

بە پێکەنینەوە و گوتم:" وەڵڵا من بە عەقڵی ئێوە پێدەکەنم، ئاخر ئێستا من چی وەڵامی کامەران بدەمەوە.".

چناری کچم گوتی:" باوکە کەژاڵ لەگەڵ کامەران کێشەکەیان تەواوبووە."

ناچار دووبارە خۆم کرد بە خواردنگەکەدا و دۆلکەیەکم هێناو پڕم کرد لە ئاوی سارد، پەرداخێك ئاوم خواردەوە، هاوسەرەکەم

گوتی:" هەرکە بتەوێت لە کێشەیەك خۆت بدزییەوە، یەکسەر ڕادەکەیت بۆ مەتبەخەکە."

وەڵامم نەدایەوە. لەدڵی خۆمەوە بڕیارمدا سەردانیەکی کامەران بکەم، بەڵام هەستێکی ئیرەیی لەناخمدا چەکەرەی کردبوو، ئەویش جوانی کەژاڵ بوو، کە ڕۆژانە لێم دووربوو.

*

ئێوارەیەك دەمەو خۆرئاوابوون، سەردانی گەلەرییەکەی کامەرانم کرد. لە شووشەی دەرەوەی گەلەرییەکەوە خانمێکم بینی لە کۆشی کامەران دانیشت بوو.

دەرگەم کردەوە، چوومە ژوور.

خانمەکە ماچێکی بچکۆلانەی کامەرانی کرد و هەستایە سەرپێ.

کامەران پێشوازی لێکردم وخانمەکەی پێناساندم: مامۆستا، لەکاتێکی باش هاتی، ئەم خانمە نیلوفەر دەزگیرانمە و دوو سێ مانگ دەبێت یەکتر دەناسین، ئەویش وەك خۆم هونەرمەندێکی شێتە، بەڵام شێتی میوزیکژەنینە و گیتار دەژەنێت بەدەم خەندەوە خۆشحاڵی خۆم دەربڕی. نیلوفەرش دەستی گووشیم و بە پێکەنینەوە گوتی:" کامەران باسی تۆی بۆ کردووم."

کاتێ جوانتر ڕووانیمە لەشولاری خانمەکە، هەستم کرد سکی بەرزبووەتەوە.

پیرۆزباییم لێکردن و بە کامەرانم گوت:" هەستدەکەم کات خێرا دەڕوات و تەمەنم گەورە بووە، لە پڕێکا بوومەتە پەنجا ساڵان."

کامەران: مامۆستا، بۆ ئێمەی هونەرمەند ژیان تابلۆیەکی ڕازاوەیە، پێویستە هەر ڕۆژ بە شێوەکی جیاواز وێنەی بکێشین.

تەماشایەکی تابلۆکانی قەد دیوارەکانم کرد. کامەران ڕاستی دەکرد تابلۆکانی جیاواز وڕەنگاوڕەنگ بوون

چەند هەنگاوێك دوور بووم لە یەکێ لە تابلۆکانی، کە وێنەی گوڵێکی تێدا کێشابوو، بەڵام هەر پەڕەی لە ڕەنگێك.

بە کامەرانم گوت:" ژیان خێراتر لە جاران لە گۆڕاندایە، ئەوە منم لە شوێنی خۆم چەقم بەستووە."

کامەران دەستی خستە بان شانم و کوپێك قاوەی دا بەدەستمەوە و گوتی: "قاوە بەرازیلییەکە نۆش کە"
قاوەکەم بەدەستەوە بوو وەك جاران بۆنەکەی خۆشبوو. کامەران بە ئاسپایی گوتی: "مامۆستا پرسیارێك؟"
" فەرموو..."
"لەم چەند ڕۆژانە، کەژاڵ هات سەردانی کردم خێرا پاکێجێکی دانا و پێیگوتم فەرموو ئەوەش ئامانەتەکەت. کاتێ زەرفەکەم هەڵپچڕی پانزە هەزار دۆلاری کاشی تیابوو. هەرچەند لێم پرسی ئەم پارەیەت لە کوێ بوو. وەڵامی نەدامەوە. بەڵام وەك خۆت دەزانی پارەم خۆشدەوێ و ئێستا لەگەڵ نیلوفەر ژیان دەبەمە سەر پارەکەم خستە گیرفانم. ئایە تۆ ئاگاداریت؟"
سەرم لێشێوابوو نەمزانی چی وەڵام بدەمەوە، بەڵام دەمزانی کەژاڵ ئەو پارەیەی لە ئومێد وەرگرتووە.
گوتم :" کامەران، ئەی پێم نەگوتی کەژاڵ قەرەبوت دەکاتەوە."
کامەران پێکەنی و گوتی: "هەواڵێکی لەوەش خۆشتر.".
دەستی خستە گیرفانی و نامەیەکی دایە دەستم.
ئەم نامەیە ئەمڕۆکە بەدەستم گەیشتووە، لە وەزارەتی کۆچبەرانەوە، کەژاڵ مافی هاووڵاتی کەنەدی پێبەخشراوە. چیتر پێویستی بە من نییە و فۆرمی جیابوونەوە پڕدەکەمەوە، چونکە دەمەوێت لە ئاییندە لەگەڵ نیلوفەر هاوسەرگیری بکەم.
نامەکەم لەدەستی کامەران وەرگرت و خستمە گیرفانم.

بەناو هۆڵی گەلەرییەکە سووڕامەوە کەوتمە فیکە لێدان، کامەرانیش لاسایی منی کردەوە کەوتە فیکەلێدان. نیلوفەریش بە سەرسووڕمانەوە سەیرمانی دەکرد و پێدەکەنی.

*

ڕۆژانی مانگی ئەیلوول. پاییزێکی ڕازاوەبوو بۆ وێنەگرتنی بووکوزاوا. لەناو باخ ودارستانەکانی شاری تۆرەنتۆ. درەختەکان لە وەرزی پاییز جوانترین بەرگ دەپۆشن. کەژاڵ بۆ دووەمجار کراسی بووکێنی پۆشی و لەسەر چیمەنی پارکەکان وێنەی دەگرت. چناری کچم و هاوسەرەکەم بەربووکی بوون و بەردەوام وێنەی کراسی سپی و ڕەنگیینی کەژاڵ یان بە تێکست بۆ دەناردم. بۆ شەویش لە هۆڵێکی هۆتێلی شیراتۆن بە دی جەی پلانی ئاهەنگ گێڕانیان سازدابوو. خۆشبەختانە هەر ئەو ئێوارەیە پۆلیس زاوا ئومێد دەستگیر دەکات، بە تۆمەتی گەندەڵی و فێڵکردن لە دوو کڕیاری. بە گوتەی چناری کچم. ئومێد زۆر پاڕابووەوە کە زەماوەندەکەی لێ تێك نەدەن، بەڵام پۆلیسەکان گوێیان لێ ڕانەگرتووە و گوتبوویان: "ئێمە یاسا جێبەجێ دەکەین."

سەرەڕای ئابڕوو چوونی ئومێد، کەژاڵیش شەرمەزار بوو، بە چناری گوتبوو: هەرچەندە گوێ بە قسەی خەڵکی نادەم، بەڵام نازانم چۆن بتوانم جارێکیتر بگەڕێمەوەماڵتان.

لەپاش چەند ڕۆژێك ڕۆژنامەکان بە مانشێتێکی گەورە نووسبوویان لە مانگی هەنگووینەوە بۆ زیندانی، کورتەی ڕووداوەکەیان بلاوکردبووەوە.

ئومێد بڕێك پارە وەك پێشەکی لە دوو کڕیاری وەردەگرێت بەو مەبەستەی کە پلازەیەك بە ڕیزێك دوکانەوە بکڕێت. هەر هەموو ئەو فایلەی ئامادەی کردبوو تەزویر و نادروست دەبن. پاش ئەوەی پۆلیس لێکۆڵینەوە لەگەڵ خاوەن پلازەکە دەکات، کە

ئاگای له هیچ نەبووه. بەڵکو ئومێد ئەو سەرمایەیەی بۆ خوودی خۆی بەکار هێناوه. بەم جۆره ئومێد مۆڵەتی دەلالی لێسەندرایەوه و بۆ دوو ساڵیش زیندانی کرا. چونکه نیوەی پارەکەی بۆ خاوەنەکانی گەڕاندبوونەوه. ئەو شەوەی ئەم کارەساته بەسەر کەژاڵ هات. خۆم تەلەفۆنم بۆ کەژاڵ کرد و دڵنەواییم دایەوه. پاشان پێمگوت:" من وا له ڕێگام چەند کاتژمێرێکیتر دەگەمه لاتان.".

کەژاڵ گوتی: "تووخودا بگەڕێوه و ئەزێت مەخۆ، تازه کارلەکار ترازاوه و به هاتنت هیچ شتێك چارسەر ناکرێت."

"کچه شێت، مادام کراسی بووکێنیت لەبەردایه و دی جەی ئامادەیه. بازه نا بۆزه خێرا پەلی گەنجێکتر ڕاکێشه وبیکه به زاوا."

"ئەوه چیته پیاوەکه، ئێستا کەی کاتی شۆخیکردنه؟"

ژنەکه، من وا بەڕێوەم. ئایا ئێوه ژووری خۆتان هەیه له هوتێلەکه؟""

"بەڵی، هەر یەك ژوورێك، هەمووی لەسەر حسابی زاوایه."

زۆر جوانه، وەك دەڵێن ماڵی خۆ نەخۆر بۆ چەکمه سۆر، ئەوه هاتم.".".

شەو درەنگ گەیشتمه هوتێلی شیراتۆن، کەژاڵ لەسەر کورسیەك بەتاقی تەنیا له هەیوانی هوتێلکه دانیشت بوو، چەپکێ گوڵی بەدەستەوه بوو دانه دانه دەیکرده ناو گوڵدانەکەی سەرمێزەکەی بەردەمی، هەر کەمنی بینی، کەمێك گەشایەوه و خێرا باوەشی پێمداکرد..

هەستم بەخۆشترین بۆنی جەستەی کچێکی کرد. بەڵام لەبەر خەم وگریان و تەڕی چاوەکانی دڵتەنگ بووم و هەوڵمدا دڵنەوایی بدەمەوە. کاتێ لەئامێزم دوورکەوتەوە، پێموت: مزگێنیەکی خۆشت دەدەمێ خەمەکانت دەڕوێنێتەوە

نامەی ئیقامەکەیم پێ پیشاندا. خۆشی و شادی گرتی و توند دەستی گوشیم و گوتی:" فەرموو لەگەڵم با ژوورەکەی شیلانی هاوسەرت پیشاندام."

دەستمان لەناودەستی یەکتربوو. بە ئەسانسێرەکە سەرکەوتین، هەستم بە موچڕکە تەزوویەکی پڕ لەخۆشیکرد بەجەستەم تێپەڕی. کەژاڵ بۆ یەکەمین جار سەیرێکی کردم و گوتی: "مامۆستا، تۆ ساحریت؟ دەستەکانت گەرمن و موچڕکە بەلەشمدا دەهێنن."

کاتێ گەیشتینە بەردەم دەرگەی ژووری شیلانی هاوسەرم. دووبارە لەباوەشی کردم گوتی: "سوپاس بۆ هاتنت."

کەژاڵ بەرەو ژوورەکەی خۆی لە ڕێڕەوەکە ڕۆیشت. لەدڵی خۆم گوتم: "ئەگەر ئاوڕم لێبداتەوە واتە هەستیم وروژاندووە."

پێش ئەوەی دەرگەکەی بکاتەوە، بە نیگایەك جەستەی وروژاندم.

*

هەروەك پیرەمێردێك لە تەمەنی گەنجیمەوە وا ڕاهاتووم كە بەیانیان زوو لەگەڵ سپێدە لە خەو هەڵسم و ڕۆژ بكەمەوە. لەخەو هەڵسام و بەرەو چێشتخانەی هوتێلەكە كەوتمە ڕێ. گارسۆن وچێشتلێنەرەكان لەسەر مێزەكان نانی بەیانیان دەڕازاندەوە پەرداخێك ئاوی ساردم خواردەوە و كوپێك قاوەم تێكرد و لە دەرگەی هوتێلەكە هاتمەدەرەوە.

هەرچەندە بیرم لە ژیانی ڕابووردووم دەكردەوە كە بەخەونێكی ناخۆش دەچوو، بەڵام ماوەیەك دەبێت لەو خەونە بێداربوومەتەوە كە باقی تەمەنم تا پێم بكرێت بە خۆشی بەرمە سەر هەر كێشەیەك هاتە بەردەمم جگەرەیەكی بۆ داگیرسێنم. لەم كاتە لەپڕ گوێم لەدەنگی كەژاڵ بوو بەیانی باشی لێكردم. هاتە تەنیشتمەوە دانیشت و گوتی: "مامۆستا، تۆ هەمیشە پشت و پەنای من بوویتە، نازانم چۆن چۆنی وەڵامی چاكەكانت بدەمەوە.

من پێمباشە لەدوای هەر ناخۆشییەك مرۆڤ جگەرەیەك بكێشی و خەمەكانی بدا بە با.

دەستم خستە گیرفانم دوو جگەرەم داگیرساند. كەژاڵ بە قامكە نەرم و شمشاڵییەكەی جگەرەكەی لێ وەرگرتم، بە لێوە تەنك و ناسكەكەی مژێكی لێدا. وەك جگەرەكێش كە بۆ ماوەیەك جگەرەی لێ بڕابێت. لەدڵی خۆمدا گوتم ئەوە بۆچی ژن هەمیشە جوانتر لە پیاو جگەرە دەكێشن؟ كەژال كەوتە قسە و دەزووی خەیاڵی پچراندم.

"مامۆستا لەژیاندا زۆر ڕقم لە جگەرە كێشان بووە، بەڵام ئەمجارە هەست دەكەم خەمڕەوێنە."

بەروویەکی خۆشەوە و گوتم:" منیش ناو ناوە جگەرە دەکێشم، وەك تۆ لەو کاتانەی زۆر بیردەکەمەوە یان مێشکم هەراسان بێت. قوومێکم لە قاوە ڕەشەکەم داو جگەرەکەم خستەوە سەر لێوم."

کەژاڵ قاوەکەی لەدەستم وەرگرت و قوومێکی لێدا و گوتی: "لەمەودوا تۆ چی بڵێیت من وادەکەم. تۆ لە بەلاش سەرت سپی نەکردووە. ئێستا پێمبڵێ من چیبکەم؟"

" نامەکەی دوێنێ شەو دامە دەستت چەند دڵخۆش بوویت کاتێ خوێنتەوە."

"بەڵی بوونم بە هاووڵاتی کەنەدی و بتوانم پاسەپۆرتی خۆم هەبێت خۆشییەك بوو لە کاتێکی گوونجاو."

"کەژاڵ گیان ،سەر لەخۆت مەشوێنە. ئەم هەموو کێشانە دەبنە یادگاری. ئەوەی پێویستە لەسەر تۆ بە زووترین کات فۆرمی پاسەپۆرت پڕ کەیتەوە و خۆت کۆکەیتەوە، سەردانییەکی دایك وباوکت و شارەکەت بکەیت."

کەژاڵ قنکە جگەرەکەی خستە ژێر پاپووچەکەی و گوتی: "منیش وابیردەکەمەوە کە بڕۆم و نەگەڕێمەوە."

بە پێکەنینەوە و گوتم:" بلیتی دووسەرە ببڕیت چاکترە، چونکە زۆر کەسم بینی وایانگوت و گەڕانەوە."

کەژاڵ دەستی خستەوە ناو دەستم بۆ ئەوەی دووبارە هەست بە موچڕکەی خۆشی بکاتەوە. یاریم بە پەنجەکانی کرد و وگوتم: من و تۆ دوو برادەری جوانین.

"بەڵێ، منیش لەگەڵ تۆدا هەست بە خۆشی و ئاسوودەیی دەکەم، حەزدەکەم ڕۆژێك لەڕۆژان بتوانین پێکەوە دانیشن و

بەسەرهاتی خۆمت بۆ بگێرمەوە، بۆئەوەی جوانتر یەکتر بناسین."

*

ڕۆژێك پێش ئەوەی کەژاڵ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. لەماڵی ئێمە میوان بوو. لەلایەك دڵخۆشبوو کە ببوو بە هاووڵاتی کەنەدی و نامەی جیابوونەوەشی لەگەڵ کەمەران ئیمزا کردبوو، بەڵام بەهۆی ترس لەفڕین بەفڕۆکە نیگەران ببوو، خۆی سەرقاڵی باخچەکەمان دەکرد. نەمام و لقە درەختەکانی بە گوونیە پۆشی و پاشان بەتێل بەستییەوە. دەیگوت پۆشینی درەختەکان لەترسی سەرمای زستانە، هەروەها ئەم تێڵە دڕکدارانە پارێزگاری لە ڕەگی درەختەکان دەکات، چونکە لەوەرزی زستان گیانلەبەرەکان برسییان بێت پەنا بۆ خواردنی درەختەکان دەبەن.

گوتم:" ئەی پێنەگەیت دوو ڕۆژە لە کەنەدای ئەم هەموو شتە لەکویێ فێر بوویت."

کەژاڵ چاوەڕەش وقەترانەکەی لەچاوم بڕی. منیش لە شەرما زوو ڕووم وەرگێرا.

گوتی :" مامۆستا شەرم مەکە، من دەزانم لە تەمەنی لاویتیدا عاشق بوویتە."

"بە چی دەزانیت کەژاڵ خانم؟"

"بە هەڵسوکەوتت بە ئاخافتنت. یان لەوەبێت رووخسارم بە کچێکی دەزگیرانت بکات، دەزانم شتێکت لیێ شاردومەتەوە، تووخودا بەسەرهاتێکی خۆتم بۆ بگێڕەوە."

"کەژال گیان، لەم ساتە هیچ یادگارییەك نایەتەوە یادم. دەچمە خواردنگەکە چاییێك لێدەنێم."

"مامۆستا ڕامەکە، بۆم بگێڕەوە، من دەزانم  هەرکەس حەز بە باخ و گوڵ بکات لە عیشق تێدەگات. تۆ بەم باخچە خنجیلانەت پۆلێك باڵندەش دەکەیت بە میوان."

هاوسەرەکەم لە پەنجەرەی هەیوانەکەوە هاواری کردە سەرم: "دەلێیگەڕێ وا باخچەکەمان بۆ دەڕازێنێتەوە."

لە باخچەکە گەڕامەوە بۆ خواردنگەکە ئاوم کردە سەر ئاگر تا چاییێك بە دارچین لێبنێم.

لە پەنجەرەی ماڵەوە دەست و پلی کەژاڵم بینی لە  قوڕ و خۆڵ گیرابوو، گەڵا زەردەکانی لە لقی درەختەکان لێدەکردەوە. بیرم لەوە دەکردەوە مێشکی مرۆڤ بەچی ڕابهێنیت سەرکەوتوو دەبێت. واتە دەبێت خوولیا و ئارەزووت لەو شتە هەبێت کە بیری لێدەکەیتەوە. جگە لە کاری پیشەیی وەك پزیشکی وباخەوانی و هونەری، لە کاری فکریش ئەگەر زۆر لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی بۆ بکەیت سەرکەوتوو دەبیت، بەڵام هەندێکجار زۆر بیرکردنەوەش ئەنجامەکەی خراپ دەردەچێت، لەگەڵ زیکەی کترییەکە زنجیرەی بیرکردنەوەم پسا و چاییێکی بۆنداری دارچینیم لێنا.

کەژاڵ و هاوسەرەکەم هاتنە ژوورەوە و گوتیان:"بۆنی دارچینەکە گەیشتە ماڵە هاوسێکان."

بەدەم چایی خواردنەوە کەژاڵ دووبارە پرسیاری لێکردم:" مامۆستا، لەوانەیە من بڕۆم و نەگەڕێمەوە دە یادگارییەکی خۆشمان بۆ بگێڕەوە، یان پێمان بڵێ چۆن چۆنی بڕیاردا ببیت بە نووسەر."

قەندێکم خستە ژێر زمانم و قوومێکم لە چاکە دا و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتم: "چایەکە باش دەمی کێشاوە کەژاڵ خان، یادگارییەکی شیرینم لەبیرماوە، بۆتانی دەگێڕمەوە."

(کچێکی جوان هەبوو لە گەڕەکەکەمان گەنجەکانی شێت کردبوو. ناوی نەشمیلێ بوو. منیش یەکێ بووم لەو کوڕانە. ڕۆژێکیان یەکێ لە هاوڕێکانم هات بۆ لام و داوای لێکردم کە نامەیەکی دڵداری جوانی بۆ بنووسم تا بیدات بە نەشمیل. منیش لە کانگای دڵەوە نامەکەم بۆ نووسی. نامەکە بوو بە پەخشانێ، ئەو کوڕەی نامەکەم بۆ خوێندەوە و دامە دەستی بەسەرسوڕمانەوە گوتی: "تۆ ئەم نامەیەت بۆ خۆت نووسیوە. من هەرگیز بەم شێوەیە عاشقی نەشمیل نیم. نامەکەی لەدەست پچڕاندم پیشانی گەنجانی گەڕەکی دەدا، پاشان لە قوتابخانەش لە نێوان خوێندکارەکان نامەکەم ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد. چەند قوتابییەك نامەکەمیان دووبارە دەنووسیەوە و نووسخەیەکیان بۆ خۆیان هەڵدەگرت، تا ڕۆژێکیان مامۆستاکەم بانگی کردم و نامەکەی پیشاندام و گوتی: "بەختیار ئەم نامەیەم بۆ بخوێنەوە.

منیش هەموو وشە و ڕستەی ناو نامەکەم لەبەربوو، بەترس و لەرزەوە بۆ مامۆستاکەم خوێندەوە. کە لە خوێندنەوەی نامەکەم بوومەوە، مامۆستاکەم چەپڵەی بۆ لێدام و گوتی: "ئافەرین، کوڕ خۆم، من نازانم ئەم نامەیەت بۆ کێ نووسییوە. بەڵام تۆ لە وانەی داڕشتن دە لە دە وەردەگری.

ئیتر لەو ڕۆژەوە زۆربەی خوێندکارەکان دەهاتنە لام و داوای نامە نووسینیان لێدەکردم. کاتێکش گەورە بووم، وازم لە نووسین نەهێنا و بەردەوام بووم لەداڕشتن.)

لەم کاتە هاوسەرەکەم قسەکەی پێبڕیم و بە تووڕەیەکەوە گوتی: "داستانی شیرین و فەرهادە."

هەستمکرد کەژاڵ زۆر بەجوانی گوێی بۆ ڕاگرتبووم، بە پێکەنینەوە گوتی:" من دەمزانی سەرت لە بەلاش سپی نەکردووە."

دنیا تاریک داهات، منیش هەرچەند خەوم نەدەهات، بە ئەنقەست یەك دووجار باوێشکمدا و گوتم: "نەیکەین بەشەو؟"

کەژاڵ دوا چایی خواردەوە و بۆ ڕۆژی دوایی کۆچی کرد و بۆ سێ مانگی ڕەبەق لە کوردستان مایەوە.

*

لەپاش سێ مانگ کەژاڵ زەنگی بۆ ماڵ لێدا و گوتی:" سبەینێ دەگەڕێمەوە، دەتوانن لە فڕۆکەخانەی مۆنتریاڵ چاوەڕوانم بن."

بەم هەواڵە من خۆشحاڵبووم، لێ هاوسەرەکەم و چناری کچم تووڕەیی خۆیان دەربڕی و گوتیان:" ئای لەم کچە شێتە، سێ مانگە یەك تەلەفۆنی بۆ نەکردووین و لە هەواڵی نەپرسیوین، ئێستا دەیەوێت بچین بە دوای."

من قسەم پێیان بڕی و گوتم:" گلەیی لە چی دەکەن، جاران خەڵکی تەلەفۆن و مۆبایلی نەبوو، دەچوونە نووسینگەکان زەنگیان بۆ کەسوکاریان لێدەدا. ئێستا ڕۆژگار گۆڕاوە، بووکێ گەڕاوەتەوە و دەبێت پێشوازی لێبکەن."

هاوسەرەکەم کە وەك زۆربەی ژنان بە گلەییە، گوتی:" هیچ نەبوایە، هەفتەیەك پێشتر ئاگاداری بکردینایە و بەڵکو ئێمەش پێویستیمان بە شتێك دەبوو."

من کەژاڵ بناسم ، بەدەستی خاڵی نایەتە ماڵمان، ئەو کچە نەك وشیارە، بەڵکو شەیتانیشە. دەزانێت چۆن بژێت

"بۆ ئێمە، کەر و گۆلکین، نازانین چۆن بژێین؟"

بە پێکەنینەوە بە هاوسەرەکەم گوت: "مەبەستم تۆ نییە، مەبەستم خۆمە. ماوەیەك بە کەری ژیام."

هاوسەرەکەشم کە جارە جار شۆخیم لەگەڵ دەکات، بە پێکەنینەوە گوتی :" ئەی ئێستا؟"

دام لە قاقای پێکەنین و گوتم: "سوپاس، بەڵام هێشتا بۆ من درەنگ نییە تا باقی ژیانم بە ژیریی بەرمەسەر"

بەهەربار ڕۆژی دوایی چووین بۆ فڕۆکەخانە بۆ پێشوازی کەژاڵ خانم. کاتێ ئێمە گەیشتین، فڕۆکەکەی کەژاڵ زووتر گەیشتبوو، وەلێ کەژاڵ دیار نەبوو، یاخود کەمێك دواکەوت. پاشان کەژاڵ تێکستێکی کرد و نووسی: "نیگەران مەبن، چارەکێکیتر دێمە دەرەوە."

کەژاڵ هاتە دەرەوە، ڕەنگ و ڕووی لە جاران جوانتر بوو. چنار بەسەرسووڕمانەوە گوتی: "خەڵکی دەگەڕێتەوە کەرکووك پێستیان ڕەشتر و بەڵەك دەبێت، کەچی ئەم کچە شێتە گەشتر و جوانتر بووە."

هەرچەندە کەژاڵ تەمەنی نزیك بە سی ساڵێك دەبوو، بەڵام هەرکە ئێمەی بینی وەك کچە هەرزەکارێك هەڵبەز هەڵبەز بەرەو رووومان هات و باوەشی گەرمی پێمان کرد. کاتێ باوەشی بەمندا کرد، لەجیاتی ماچ، توووند لە ئامێزم کرد و سێ چوارجار بۆنم کرد.

کەژاڵ گوتی:" ببوورن، کە دوا کەوتم، چونکە لە گومرگی فڕۆکەخانە. جانتەکەیان پشکنیم ودەیانگوت دەبێت باجی ئەو کراسانە بدەیت کە بە دیاری بۆ دایکی چنارم هێناوە. هەرووەها پشکنینیان لەو کتێبانەش دەکرد کە بە دیاری بۆ تۆم هەڵبژاردووە."

ئەم هەواڵە دڵخۆشی کردم ، پێشئەوەی وەڵامی دەمەوە. خێزانەکەم قسەی پێبڕیم و گوتی:" کراسی چیت بۆمان هێناوە؟"

"سەرو دەستە جلی کوردیم بۆ تۆ و چنار هێناوە."

هەرکە خێزانەکەم گوێی لە جلی کوردی و دیاری بوو، دڵیان گەشایەوە و ڕەفتاریان گۆڕا و جوانتر لەگەڵ کەژاڵ دوان لە ڕێگە

چناری کچم ماشێنەکەی لێدەخووڕی. کەژاڵش لەتەنیشتی دانیشتبوو. من و هاوسەرەکەم لە کورسی دواوە دانیشتبووین. بە کەژاڵم گوت: "دوو کاتژمێر ڕێگەمان لەبەردەمە، بۆم هەیە جانتاکەت بکەمەوە و کتێبەکانم ببینم."

هاوسەرەکەم نوچڕکی لێگرتم و گوتی: "سەبرت هەبێت."

"لەم دوور وڵاتە، کتێب جوانترین دیارییە ناتوانم سەبر بگرم."

کەژاڵ گوتی: "من دیاریم بۆ هێناون،، جانتاکەم بکەنەوە، لەوەبێت سوپرایزی تری تیابێت."

لەچاوەکانی کەژاڵ شتێك یان نهێنییەکەم خوێندەوە.

دەستم برد بۆ پشتی کورسییەکە و زنجیری جانتاکەم کردەوە. دوو کیسەم ڕاکێشا. کەژاڵ گوتی:" ئەو کیسانە کراسە کوردییەکانی تێدایە."

خێزانەکەم کیسەکانی لێوەرگرتم و گوتی: "دەمەوێت بیانبینم."

زەرفێکیترم بینی کە چوار پێنچ کتێبی تێدا بوو. خێرا ڕامکێشا و لە باوەشم دامناو هەڵمپچڕی. جگە لە سێ چوار کتێبی مێژوویی و ئەدەبی، دوو کتێبی تر سەرنجیان ڕاکێشام، یەکیان: کتێبی (ملوانکە)ی (شێرکۆ بێکەس) بوو، ئەویترشیان کتێبێکی گیرفانی شیعرەکانی (نزار قەبانی) بوو.

بەلاچاوێکەوە کەژاڵ سەیری کردم و گوتی:" ها مامۆستا، دیارییەکانمت بە دڵە؟"

کتێبەکانم بۆنکرد و لەپەنجەرەی ماشێنەکەوە ڕووانیمە ئەو دەشت وکێوەی کو ساڵانێکە من تیایدا ونبوومە، بە ئەسپایی

وەڵامیمدایەوە و گوتم:" بەڵێ زۆریشم  بەدڵە، چونکە بۆنی خاکی نیشتیمانی لێدێ."

*

گەیشتینە ماڵ. جانتاکەی کەژاڵم ڕاکێشا و لە پشتی دەرگەکەی حەوشە دامنا.

کەژاڵ گوتی: "مامۆستا چۆن دڵت دێت، بەتەنیشت پێڵاوەکانەوە جانتاکەم دانێیت. هێشتا سوپرایزی تری تیا ماوە."

ناچار جانتاکەم هەڵگرتوو بردمە ژووری دانیشتن. لەم کاتە کەژاڵ چەندین تێکست و ماسجی بۆ دەهات وەڵامی نەدەدایەوە. زەنگی مۆبایلەکەی لێیدا. سەیری سکرینەکەی کرد، خێرا چووە دەرەوە چەند خولەکێك دواکەوت و پاشان گەڕایەوە ژوور، من خۆم سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێبەکان کرد، هاوسەرەکەم و چناری کچم کراسە کوردییەکەیان تاقیدەکردەوە، کەژاڵ بانگی هەموومانی کرد و جانتاکەی کردەوە، تابلۆیەکی پۆشراو بە ڕۆژنامە پیشاندااین و گوتی: "کێ دەزانێت ئەم تابلۆیە وێنەی کێی تیایە؟"

لە هزرم دەمزانی کەتنێکی کردووە. بەرگی تابلۆکەی هەڵپچڕی وێنەی خۆیی بە کراسی بووکێنی ولەگەڵ لاوێکی ڕەشتاڵە بە پێوە ڕاوەستابوون.

گوتی: "سوپرایز، ئەمەش زاوای تازە."

چوارچێوەکەم لێوەرگرت و بەزەردەخەنەیەکەوە و گوتم:" بڵێ شووکردنی سێیەم یان زاوای ژمارە سێ، کچێ تۆ بۆ وا بەپەلە شووی دەکەیت و جوودا دەبیتەوە."

کەژاڵ کەنی، هاوسەرەکەم واقی وڕمابوو، ڕووی دەمی لە چناری کچم کرد و گوتی: "کچم تۆش وەك کەژاڵ ئازابە، مێردێك بۆ خۆت بدۆزەرەوە، چنار زەردەخەنە لەسەر لێووی بوو."

گوتی: "مەگەر کەژاڵ، کوڕمان بۆ بدۆزێتەوە."

یەك باوەشمان لە کەژاڵدا و پیرۆزباییمان لێکرد، لێ کاتێ من لە ئامێزم گرت، لەناخەوە دەمویست هاوارکەم و بڵێم ئاخ بۆ گەنج نابمەوە. لەم کاتە کەژاڵ هەستی بە هەناسەی گەرمم کرد و گوتی: "ببوورە ئەگەر پەلەم کردوە لەم شووکردنە. چنار وێنەکەی لەدەستم وەرگرت و دووبارە سەیری کردەوە. لە کەژاڵی پرسی: ئەم کراسی بووکێنیە، هەمان کراس بوکێنییە کە لەزەماوەندی کاك ئومێد پۆشیبووت؟"

کەژاڵ:" ئافەریم چنار، کراسە بووکێنیەکەم لەگەڵ خۆم بردەوە، ئێستاش هێنامەوە ئەگەر زاوا بگاتە ئێرە ئاهەنگێکی خنجیلانە دەگێڕین."

گوتم: "کەژاڵ، تووخودا بەسە ئاهەنگ گێڕان، ئێستا پێمبلێ ئەم کوڕەت لەکوێ ناسی و ناوی چییە؟"

کەژاڵ : "ناوی عەباسە کۆلیژی ئەندازایاری تەواو کردووە، لەڕێگەی خوشکەکەمەوە یەکترمان ناسی."

شیلان گوتی: "ئەوە بۆیە ئاگات لە ئێمە نەمابوو."

"کەژاڵ، تۆ گوتت ناگەڕێمەوە."

مامۆستا ژیان زۆر سەیرە لە دڵەوە حەزم نەئەکرد بگەڕێمەوە و دەمویست لەناو کەس و کارم بژێم. لێ جوانی دارودەرخت و بۆنی خاکی کەنەداش چووەتە جەستەمەوە. پاشان کاری باخەوانی و کشتوکاڵ لێرە بە ئاسانی دەستدەکەوێت لە کوردستان درەختێك بە پێوە نەماوە.

لەم کاتە دووبارە تەلەفۆنەکەی کەژاڵ زەنگی لێدا، گوتم شەرم مەکە زاوای تازەیە و وەڵامی بدەرەوە. کەژاڵ تەلەفۆنەکەی خستە بن گوێی، چووە دەرەوە.

هاوسەرەکەم گوتی: "چی دەلێت، ئەمجارە لەگەڵ ئەم عەباسەش دەمێنێتەوە."

سەرێکم باداو بە لەپی دەستم قژم هەڵدایە پشتەوە وبەرەو خواردنگەکە چووم و گوتم: "با چاییەك لێنێم وەڵامت دەدەمەوە؟"

*

وەرزی زستانی سارد و سەختی شارەکەم بەرەوە کۆتایی دەچوو، بەڵام ناوناوە بەفر دەباری.  لەم وڵاتە تا کۆتایی مانگی نەورۆز زستانە و دەبێت بەردەرگەی ماڵ بماڵین و بەفری سەر ماشێنەکان پاککەینەوە.

ئەو چەند ڕۆژەی کەژاڵ  لە لامان مایەوە وەك شێر هاوکاری دەکردم لە بەفر ماڵین. بەداخەوە شەوێکیان بوخچەی پێچایەوە و داوای لەمن کرد بیگەیەنمە سەنتەری شار. لە ئەپارتمانتێکی بچکۆلانە ژوورێکی بە کرێ گرت بوو. پێشئەوەی ئێمە زار بکەینەوە بە کەژاڵ بڵێین پێویستی نەدەکرد لەم ماڵە بگوازیتەوە، خۆی دەست پێشخەری کرد و گوتی: "من هەمیشە ئێرەم بەماڵی خۆم زانیوە، بەڵام لە سەنتەری شار لە دوکانێکی گوڵفرۆش کارم پەیدا کردوە، ماڵەکەشم نزیکی کارەکەم دەبێت. ڕاستی دەکرد، لەماڵی ئێمەوە دەبوایە دوو پاس بگرێت و یەك کاتژمێر بەڕێگەوە بێت."

گوتم : "بەڵام کرێی خانووەکەت گرانە و تۆش دەبێت فۆرم پڕکەیتەوە و زاوا سپۆنسەر بکەیت."

ئەویش  گوتی: "باش بوو ناوی زاوات هێنا، بەڕاستی داوای لێبووردن دەکەم ئەم چەند ڕۆژە بەردەوام زەنگی لێدەدا ئێوەشی بێزار کردبوو."

هاوسەرەکەم گوتی: "دەی بوك و زاوای تازەن ، لێت دەبوورین، هەروابوو ئەو چەند ڕۆژەی کەژاڵ لە ماڵمان بوو هێدفۆنی لە گوێ بوو، بەردەوام لەگەڵ عەباس دەدوا."

چنار و کەژاڵ بارگەکەیان خستە ناو ماشێنەکە. لە درزی دەرگەی حەوشەوە، بینیم کەژاڵ بە ئەسپایی چەند وشەیەکی لەبن گوێی چنار چرپاند. پاشان باوەشیان بەیەکتر کرد و بە ماچێکی کچانە ماڵئاواییان لەیەکتر کرد.

چنار هاتە ژوور و گوتی: "باوکە ،کەژاڵ پێی باشە تۆ بیگەیەنیتە ماڵەکەی."

گوتم:" بەڵێ دونیا تاریکە، بووە بەشەو باشترە خۆم بیگەیەنم." سویچی ماشێنەکەم لە چناری کچم وەرگرت و لەگەڵ کەژاڵ خانم کەوتینە ڕێ. سەر شەقامی کۆڵانەکەمان یەکپارچە بەفر پۆشیبووی، بەڵام لەشەقامی سەرەکی و ناوشار بەفر تەنیا لەسەر شۆستەکان مابووەوە، لە ڕێگە بێدەنگی و ئارامییەك لەنێوان من و کەژاڵ هەبوو. لە دڵەوە ئارەزووم دەکرد دەستخەمە ناودەستی و وەسفی عەشقی بۆ بکەم، یان هیچ نەبوایە وەسفی هەڵەکانی ژیانم و گەمژەیی ڕابووردووم بگێڕمەوە. کەچی نازانم بۆ نەدەکرا کەسێك هەبێت گوێم بۆ ڕاگریێ و لەگەڵ تەواو بوونی گوتەکانم لە ئامێزم بگرێت و بڵێ هەر تۆ بە تەنیا نیت. ژیان پڕە لە گورگ و دەبێت ئاگاداری خۆمان بین، بۆ ئەوەی کۆتایی بەم بێدەنگییە بهێنم، بیرم کردەوە ڕادیۆکە داگیرسێنم. کاتێ بەلا چاوێك ڕووانیمە کەژاڵ، بینیم کەوتبووە خەیاڵ، ئەم بیدەنگی و ئارامییەم خۆشویست. کەچی بەداخەوە لەپڕ زەنگی مۆبایلەکەی کەژاڵ لێیدا، وەك ئەوەی بۆمبێك تەقیبێتەوە لەنێوانمان پێکەوە ڕاچڵەکین.

کەژاڵ سەیری سکرینی مۆبایلەکەی کرد و رووخسار گرژکرد و برۆکانی جووتکرد و بە تووڕەبوونێکەوە، ڕووی دەمی لەمن کرد و بەبێزارییەکەوە گوتی: "دیسان عەباسە،
موبایەلەکەی کوژاندەوە."
بێدەنگی کەوتەوە نێوانمان پێمگوت:"کەژاڵ خانم پێتخۆشە ڕادیۆکە داگیرسێنم، گویٚ لە مۆسیقا بگرین."
کەژاڵ بە چاوە ڕەشە قەترانیەکەی سەیرێکی کردم و گوتی: "نەخێر مامۆستا، بەڵام حەزناکەم بە ئۆتۆبان و جادەی خێرا بمگەیەنیتە ناو شار، ڕێگەیەکیترم پیشاندە."
زەردەخەنەیەکم کرد، پێمگوت: "ئێستا بەناو دارستانێك دەتبەم، کە هێشتا لقی درەختەکان کلۆ بەفری لەسەر نیشتووە بەئارامی و لەسەرخۆ پێچمدایەوە. شەقامێکم گرتە بەر کە لە وەرزی هاوین جێگەی سەیران و گەشتیارە، لە وەرزی زستان چۆڵ وسەهۆڵ بەندانە و دیمەنێکی تایبەتی هەیە."
لەبەرئەوەی ئێمە تەنیا ماشێنێك بووین بەو شەوە لەسەر ئەو شەقامە، فووللایتم داگیرساند تا بە هۆی رووناکییەکەی کەژاڵ وردترو جوانتر دیمەنی شەختە بەستوەکانی سەرلق و گەڵای دار سنەوبەراکان ببینێت، کە وەك مرواری دەبریسکانەوە هەستم کرد بینینی تاریکی و ڕوناکی چراخی ماشێنەکە و دەرکەوتنی دارودرەختی پتەو وئەستووری لێوار شەقامەکە سەرنجی کەژاڵی ڕاکێشابوو. لەگەڵ کرێوەی بەفری بەر گلۆپی ماشێنەکە، لەشوێنی خۆی جوولا و بە ئاستەم پەنجەرەکەی تەنیشتی خۆی کردەوە،

کزە بایێکی فێنك و سارد هاتە ژوور. ئینجا دەستی خستە بان شانم وەك ئافەرینێك. گوتی: "مامۆستا بەختیار."

"بەڵێ."

"من، چیتر لە وەرزی زستان ناترسم."

*

گەیشتینە شوقەکەی کەژاڵ. سەیری ژوورەکەیم کرد. پاك و خاوێن و بە ڕەنگی شینی ئاسمانی سەر لەنوێ بۆیە کرابوو. پەنجەرەکان خرابوونە سەر پشت تا بۆیەکە زووتر وشك بێتەوە.

پێمگوت:" کەژاڵ خانم، ژوورەکەت هێشتا ئامادەنییە، بۆچی ئاوا بەپەلە پەل لەماڵ ئێمە گواستەوە."

کەژاڵ وەك هەمیشە بەڕوخساری گەش و سادە و بێ میکیاج، نەختۆکەك سەر لگوتی سوور بووەوە، وەڵامیدامەوە: بۆیەکە وشکە، بەس بۆنەکەی ماوە.

"ببوورە، دەبوایە خاوەن شووقەکە ژوورەکەتی نۆژەن بکردایە."

خاوەن ئەم بینایە کاتێ بینی من ژوورەکە خاوێن دەکەمەوە وبۆیەی دەکەم، سەد دۆلاری لە کرێکە بۆ شکاندم و پێیگوتم ئەگەر لە داهاتوو ببینم ژوورەکەت بە پاك وخاوێنی ڕادەگریت، هاوکاریت دەکەم لە کرێ.

کەژاڵ کچێکی پاك وخاوێن بوو. ئەو ئاکارەی لەودا دەمبینی کەم ژن هەبوو بەو جۆرە بیرکاتەوە. ڕێزی دەگرتی و شۆخی لەگەڵت دەکرد، وەك منداڵێك پاك و بێگەرد. هەروەك چۆن شیرین تەشی دەڕست، کەژاڵیش ئەگەر نەمامێك یان گوڵدانێکت پیبدایە یەك کاتژمێر سەرگەرمی ڕازانەوەی دەبوو.

بەهەربار کەژاڵم لە ماڵی خۆی بەتەنیا جێهێشت. ئەمجارە بەڕێگەکەی خۆم نەگەڕامەوە. ئۆتۆبانە خێراکەم گرت و گوێم لە ڕادیۆی سی بی سی کەنەدا گرت. بێژەرەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژنە ڕۆژنامەنووسێك دەکرد کە بۆ ماوەی چل ساڵ بوو لە دەزگەی ڕادیۆ کاری ڕۆژنامەنووسی دەکرد، هەرچەندە بیروهۆشم

لەشوێنیکتر بوو. وەلێ گوێم لێبوو گوتی: "مەرج نییە توند گوتیژی تەنیا بە دەمانچە ولێدان و کوشتن بێت، ڕێز نەگرتن و گوێ نەگرتن و هەراسانکردنی یەکتر بەشێکە لەتووندوتیژی، لەپاش نیو کاتژمێر گەیشتمە ماڵ. ماڵەوەش لە قوولی خەودابوون."

لەپڕ زەنگی ماڵ لێیدا.

"بەڵێ فەرموو."

"مامۆستا گیان چۆنی، من عەباسم هاوسەری کەژاڵ."

"بەڵێ فەرموو، کاك عەباس. خێر؟"

"بمبەخشە، دەزانم کەژاڵ لەماڵی ئێوە باریکردووە. بەڵام هەرچەند زەنگی بۆ لێدەدەم وەڵامم ناداتەوە، ئایە بەڕێزتان هەواڵی دەزانن؟"

"خەمت نەبێت، ماڵی خۆی داناوە، لەوانەبێت نووستووبێت."

"مامۆستا گیان، پرسیارێك، باشتر نەبوو لەماڵی ئێوە بمایە تا منیش دەگەیشتم. مامۆستا، مەبەستم ئەوەیە جوانتربوو هەر لە لای ئێوە بمایە، تا خۆم دەگەیشتم".

هەستمکرد ئەم عەباسە لە سەردەمی چەرخی بەردین دەژێت.

"عەباس، گوێ لە مامی خۆت بگرە، کە هاتییە کەنەدا بە شێوەیکیتر بیر دەکەیتەوە. لەوانەیە هەربیرش نەکەیتەوە، بەڵام تۆ بۆچی ئەوەند تەلەفۆن دەکەیت بۆ کەژاڵ. عەباس ئاگاداربە، ئەگەر پیاو ژن بێزار بکات لێی دووردەکەوێتەوە."

"مامۆستا گیان، ئەوە تۆ باسی چیدەکەیت، من عاشقی کەژاڵم، لەوەتەی ئەو سەفەری کردووە خواردنم لێ تاڵ بووە، بیری دەکەم بۆیە تەلەفۆنی بۆ دەکەم."
"زۆرباشە، ئێستا نیوە شەوە، خەڵکی لە کەنەدا بە ئارامی نووستوون، دەکرێت سبەی زەنگ لێدەیتەوە."

تەلەفۆنەکەم داخست وبە پلێکانەکە سەرکەوتمە ژووری نووستن. هاوسەرەکەم پانتایی قەرەوێلەکەی داگیکردبوو، بیجامەکەم لەبەرکردوو بەتەنیشتییەوە ڕاکشام. ئەویش ڕووی لێمکردو بەچاوی خەواڵووەوە گوتی: "گوێم لەزەنگی تەلەفۆنەکەیماڵەوە بوو."
خۆم خستە ژێر بەتانییەکە وبە زەردەخەنەیەکەوە، گوتم:"نەخێر، ئەوە تۆ خەون دەبینیت، شەوشاد."

*

هاژەی باو باران بێداری کردمەوە. پەردەی ژوورەکەم لادە و سەیرێکی دەرەوەم کرد، باران بەخوڕ دەباری. ئەم بارانە دڵخۆشی کردم چونکە بەفری سەر شۆستە و کۆڵانەکان ڕادەماڵێت. حەزم چووە قاوەخواردنەوە.

هەرچەندە لەماڵەوە قاوەمان بوو، بەڵام ئارەزووی قاوە بەرازیلییەکەی کامەرانم دەکرد. قاوە خواردنەوەش لەگەڵ برادەر هەروەك مەشروب خواردن وایە هەستی گوێگرتن و ئاخافتن بەهێزتر دەکات. ئێستاش لەبیرمە کاتێ کەژاڵ قاوەی دەخواردەوە، بە هەردوو لەپی دەستی کوپی قاوەکەی دەگرت وچەند جارێك بۆنی قاوەکەی دەکرد، قوومی لێدەدا. بەئاسپایی پێیدەگوتم:" مامۆستا قاوە مێشك دەکاتەوە، ئارامی بەدڵ دەبەخشێ. "

لەبەرئەوەی هەر لە گەنجییەوە پەردەی گوێچکی ڕاستم بە هۆی ڕووداوێکەوە لە لەدەستداوە، سەرم دەهێنایە پێش و دەمگوت:"چیتگوت؟"

کەژاڵ بەزەردەخەنەیەکەوە لەسەر سکرینی موبایەلەکەی دەینووسی: "مامۆستا گیان، دانیشتن لەگەڵ تۆ زۆر خۆشە."

لە خورادنگەکە ئاوم خستە سەرئاگر. پاشان دوشێکم کرد و خۆم ئامادەکرد بۆ سەرکار. هاوسەرەکەشم لە خواردنگەکە چایی و نانی بەیانی ئامادەکرد.

پێکەوە نانی بەیانیمان خوارد. هاوسەرەکەم گوتی: "ئەی من بەچی بچم بۆ سەرکار، دەبینیت باران دەبارێت."

"تۆ بە ماشێنەکە بمگەیەنە بەردەم وێستگەی پاسەکان. من ئەمڕۆ پاس دەگرم."

سەروچەترێکمان هەڵگرت، هاوسەرەکەم منی گەیاندە لای وێستگەی پاسەکان.

پاسی ژمارە ٩٥ لەسەرکات گەیشتە وێستگەکە. لەگەڵ موسافرەکان یەك بەدوای یەکتر خێرا لەترسی دڵۆپە باران خۆمان خزاندە ناو پاسەکەوە. شوفێری پاسەکە ژنێکی سەر ڕەشی ئەفریقی بوو. رووخساری موسافرەکانی تریش هەریەك بە جۆرێك بوو، کە دەتگوت مرۆڤی سەر زەوی لەناو ئەم پاسە کۆبوونەتەوە.

بە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتم، پیرەمێردێکی جووش هاتە تەنیشتمەوە دانیشت. کلاوە بچکۆلانە و ڕەشەکەی سەری بە قرتێنەیەك بەستبوو. پیرەمێردەکە ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوە گرت و کەوتە خوێندنەوەی، لە هەمانکاتدا زۆربەی موسافرەکانی تر بە چاو کزییەوە سەرقاڵی مۆبایلەکانیان بوون. منی ماندوو، خەیاڵ بردمییەوە. چاوم نووقاند تا کەروێشکە خەوێکی بۆ بکەم، نازانم بۆ چەند چرکە یان خووڵەکێك چاوم لێکنابوو. لە پڕ پیرەمێردەکە دەستی ڕاکێشام و بێداری کردمەوە، ئەوە چییە خەون دەبینیت؟ نیگەران و سەرلێشێواو بووم. گوتم :" بەڵێ خەونم دەبینی."

"ببوورە کە لە خەگوتم کرد،بەڵام بەڕاست و چەپ دەستت ڕادەوەشاند. تۆ باشیت پێویستیت بە یارمەتی هەیە؟"

"نازانم خەونێکی ناخۆشم بینی. لەخەونما ئاگر لە ماڵم بەربوو،سەیر لەوەدابوو تەنیا کتێبەکانم دەسوتان"

پیرەمێردەکە ڕۆژنامەکەی دەستی لوول کرد و لێمی پرسی: "دەتوانم بزانم پیشەت چییە؟"

"من پیشەم نووسینە، لێ بۆ گوزەرانی ژیان کاسبیش دەکەم."

پیرەمێردەکە، خەندەیەکی کرد و گوتی با خەونەکەت بۆ شیکەمەوە: ئاگر لە خەوندا باشی و خەراپی هەیە. ئەگەر کەسێکی دەولەمەند بیت واتە سەرمایەکەت بەشێکی دەسگوتێ. بەڵام لەبەرئەوەی تۆ دڵێیت نووسەری کەواتە گۆڕانکارییەك لەژیانتا ڕوودەدات. ئاگر بیر و هزر گەشتر دەکات. دوورنییە کتێبەکانت ببن بە ئاگر و خوێنەر لەگەڵ خۆیان بسگوتێنن.

بزە پێکەنینم بۆ کرد و گوتم:" دەڵێیت مێشکم دەخوێنیتەوە."

پیرەمێردەکە دەستی ڕاکێشا و پەنجەی نا بە دوگمەی وەستان و هەستایە سەرپێ و خۆی ئامادەکرد بۆ دابەزین. بە زەردەخەنەیەك پێشئەوەی ماڵئاواییم لێبکات گوتی: "کۆڵ مەدە وبەردەوامبە لە نووسین."

*

نم نم بارارن دەباری. لەسەر شوێنی کارەکەم هاتمە دەرەوە و چەترەکەم کردەوە وزنجیری چاکەتم ڕاکێشاو ملپێچەکەم بەست. بڕیارمدا سەردانییەکی  کامەرانی شێوەکار بکەم.

دەبوایە چارەگە سەعاتێك بە پیٚ بڕۆم و چەند کۆڵانێك ببڕم. ملی ڕیگەم گرتە بەر

هەرچۆنێك بوو توانیم لە گەلەرییەکەی کامەران نزیك بمەوە وخۆم بکەم بەژوورا

سەرەتا نیلۆفەر دەستگیرانی کامەرانم بینی کۆرپەیەکی لەباوەش بوو. کورپەکە وەك بووکە شووشە ناسك وپەپوولە ئاسا نووست بوو.

نیلۆفەر باوەشی پێماکرد. منیش یەکسەر دەستم بە گلەیی کرد و گوتم: "کامەران ئاگاداری نەکردووم کە مندالّتان بووە. ئەگینا بە دەستی خالّی نەدەهاتم، بەڵام بەلّێن بێت جارێکیتر دیارییەکی جوانی بۆ دەهێنم، پێمبلیٚ ئەم جووجکە کچە یان کوڕ؟"

"کچە."

لەم کاتە کامەران لە پلّیکانکە هاتە خوارەوە و لە دوورەوە لەگەلٚ زەردەخەکەی ددانە سپییەکەی بریقەی دایەوە و باوەشی پێماکرد و گوتی: "مامۆستا ئەوە بۆ لێمان ناپرسی، بووم بە باوك."

پیرۆزباییم لێکرد.

"مامۆستا پێم بلیٚ بەم بارانە چی خۆشە."

"قاوە بەرازییلیەکە."

نیلوفەر پێکەنی، من و کامەران لەبەرخاتری نیلۆفەر جار جار بە زمانی ئینگلیزی قسەمان دەکرد. کامەران دەستی برد بۆ ترمزەکە و گوتی: "فێربوویتە نهێنیشمان لیّ دەشاریتەوە."

بەسەرسوورمانەوە پرسیم: "کام نهێنی."

"بیستوومە کەژاڵ هەمان هەڵەی من دووبارە دەکاتەوە."

"جا چ پەیوەندی بەتۆوە هەیە، تۆ پارەی خۆت وەرگرت، ئێستا بوویتە بە باوك."

"پێمخۆشە شووی کردۆتەوە. بەڵام باوەڕ ناکەم کەژاڵ لەگەڵ کەس بتوانێت بگوونجێت."

"کەژاڵ کچی باشە."

"بەس من چاکی دەناسم، ئەو مرۆڤێکی خۆپەرستە ودەیەوێت بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت بژێت."

زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و گوتم:" قاوەکە تێکە و واز لە ڕابردوو بهێنە."

"قاوەکە تێدەکەم، بەڵام تێناگەم بۆچی کەژاڵ تۆی خۆشدەوێی و هۆگری تۆیە؟"

چاوم لەچاوی کامەران بڕی، وەك ئەوەی پێی بڵێم ئاگاداربە چی دەبێژی. کامەران ڕووی خۆی وەرگێڕاو سیّ کوپ قاوەی تێکرد. کۆرپەکەی لە باوەشی نیلۆفەر وەرگرت و گوتی: "نیلۆفەر ئەمەش مامۆستا بەختیارە، زۆر حەز بە قاوەی بەرازیلی دەکات."

نیلۆفەر دای لە قاقای پێکەنین خەریکبوو کوپەکە لەدەستی بەربێتەوە. منیش بەدوای ئەو پێکەنیم و بەسەرسوڕمانەوە

پرسیم: شتێك هەیە لەمنی دەشارنەوە. کامەران کۆرپەکەی خستە باوەشم و گوتی: "بۆنی کە بزانە بۆنی قاوەی بەرازیلی لێنایەت."

کۆرپەکەم خستە باوەشم، کەوتمە جیهانێکی ترەوە. بەڕاستی بۆنێکی تایبەتی هەبوو

کامەران سەری هێنایە بن گوێی چەپم و بە ئاسپایی گوتی: "دایکی بەرازیلییە."

هەموو دامان لە قاقای پێکەنین. لەم کاتە پۆستەچییەك بە سەبەتەیەك پڕ لە دەستە گوڵ هاتە ژوورەوە. کامەران کاغەزێکی ئیمزاکرد و سەبەتەکەی لە دەست پۆستەچییەکە وەرگرت.

نیلۆفەر خێرا دەستی کردە ناو جانتاکەی و پێنج دۆلار بەخشیشی دا بە کابرای پۆستەچی

کامەران پێشئەوەی بۆنی گوڵەکان بکات، کارتی نوێنەرەکەی خۆێندەوە تا بزانن لە کێوە هاتووە. لەپاش خوێندنەوەی پێکەنی و کارتەکەی پیشاندام و گوتی: "پێمگوتی ئەم کچە زۆر میهرەبانە باوەڕ ناکەم کەس لەگەڵیا هەڵکات."

بەدەستێك کۆرپەکەم گرت و بەدەستەکەی تر چاوێلکەکەم لەچاوکرد لەسەر کارتەکە نووسرابوو:" پیرۆزە کۆرپەی تازەتان "

*

له گەلەرییەکەی کامەران دوورکەوتمەوە، زۆرم برسی بوو. پێم باش بوو چایی و کێکێك بخۆم تا دەگەڕێمەوە ماڵ. بەڵام لەبەرئەوەی دوکانی گوڵفرۆشییەکەی کەژاڵ لە سەنتەری شار بوو، بڕیارمدا زەنگێکی بۆ لێدەم .

"ئەلوو، کەژاڵ گیان، لەماڵیت یان لەسەرکار؟"

"مامۆستا گیان قوربانتبم، لەسەر کارم زۆر ماندووم و برسیشمە. چارەکێکیتر دەگەڕێمەوە ماڵ. فەرموو کارێکتان هەبوو"

"منیش لە سەنتەری شارم نزیك بە شەقامی سپارك ستریت."

"مامۆستا، ئەگەر بۆ تۆ درەنگ نییە فەرموو میوانم بە.گ

"کەژاڵ گیان، وا بەڕێگەوەم دە خوولەکیتر لەلاتم."

چەترەکەم بەدەستەوە گرتوو شەقام بەشەقام ڕێم دەکرد. تا گەیشمە نزیك بە گوڵفرۆشەکە کە لە سەرتابۆلۆکەی نووسرابوو گوڵفرۆشی ئەمستردام. لە دوورەوە کەژاڵم بینی لەناو دووکانەکە چەپکێ گوڵی دەپێچایەوە و لەگەڵ کڕیارێك قسەی دەکرد. کڕیارەکە لەسەر پارچە کاغەزێك چەند زانیارێکی نووسی پاشان بە کارتی بانکی پارەیدا و باوەشێکی بە کەژاڵدا کرد و لە دوکانەکە هاتە دەرەوە. کەژاڵ سەتڵ و گۆزە پڕ لە چەپکە گوڵەکانی خستە لاوە و ڕووناکی گڵۆپەکانی کزتر کرد ودەرگەی دوکانەکەی داخست. چەترەکەی بەدەستەوەبوو. ڕووانییە دەوروپشتی. لەپڕ منی بینی و گەشایەوە. منیش زەردەخەنەیەکم پێشکەش کرد، لێ سەرم سووڕمابوو لەم ژنە پێش یەك چرکە رووخساری ماندوو دیاربوو، هەرکە منی بینی رووخساری بووەوە

بە خانمە جوان و گەشەکەی جاران. ئەمجارە کەژاڵ وەك ژنێکی شەرمن لەگەڵم دواو گوتی: "مامۆستا ئەگەر وەك من برسیتە دەمەوێت داوەتی چێشتخانەیەکی هیندیت بکەم.
بەم بارانە خواردنی کاری و بیبەری تیژ زۆر پێویستە، پێمبڵی ئەو پیرێژنە کێ بوو باوەشی پێتاکرد؟"
"ئەو پیرێژنە، زۆر ڕووخۆش و تەنیایە،چەپکێ گوڵی کڕی سبەینێ دەبێت پۆستی کەین بۆماڵەکەی خۆی."
"خۆی بۆخۆی گوڵ دەنێرێت."
"بەڵێ، مانگی جارێك دێت و دەستێ گوڵی تازە دەکڕێت وەستاکەم پۆستی دەکات بۆ ماڵی."
"کەواتە ژیان، پڕە لەچیرۆکی سەیروسەمەرە."
چێشتخانە هیندییەکە لەناو مارکێتێك بوو بەڵام لەنهۆمی سەرەوە. لەسەر کورسییەك دانیشتین و بۆ چەند چرکەیەك سەیری کردم و پێکەنی و گوتی: "دەنگ و باسی ماڵەوە. دەنگ و باسی خۆت ئێستا چیدەکەیەت و چی دەنووسیتەوە، قسەم بۆ بکە."
منیش بە پێکەنینەوە وەڵامم دایەوە:" بەسەرهاتەکانی کەژاڵ دەنووسمەوە، بەڵام لە شوێنێکدا گیرم خواردووە، نازانم چۆن کۆتایی پێ بهێنم."
کەژاڵ وەك ئەوەی بیەوێت هەر بەڕاستی ژیاننامەی بنووسمەوە گوتی: "لە کوێ گیرت خواردووە؟"
"لە لای عەباس، بۆچی وەڵامی نادەیتەوە؟"
قوومێکی لە پەرداخە ئاوەکەی سەر مێزەکەیدا و گوتی: "بەلای منەوە کۆتایی هاتووە، وەڵامم داوەتەوە ئەو گوێم لێڕاناگرێ. بە

خوشکەکەم گوتووە چۆن منت تووشی عەباس کرد ئەوهاش لە کۆڵمی بکەوە. کەچی سەرم سوورماوە و نازانم بۆ ماڵەوەمان بەتایبەت خوشکەکەم ئیلهام پشتگیری عەباس دەکات."

"تێگەیشتم. دەکرێت هۆکارەکەشی ڕوونکەیتەوە."

"مامۆستا نازانم بۆ کوڕانی لای خۆمان سەرەتا کە دەیان ناسی لێت دەبنە شاعیرێکی هەست ناسك و ڕۆمانسی، هەر ئەوەند دەستەمۆیان کردی، ئیتر دەبنە ئەکتەرێکی دڕندە."

بەزەردخەنەیەکەوە: "کەژاڵ خان، لەسەرخۆ، لەوانەبێت عەباس عاشقت بێت و ئیرەییت پێ ببات."

"نەخێر، لەو ڕۆژەوەی عەباس لە تەلەفۆن پێی گوتم دەمەوێت ئاگاداری هەموو هەنگاوێکت بم کە لەکەنەدا چیدەکەیت چی ناکەیت، ئیتر لەپێش چاوم کەوت، چیتر ناتوانم دەمێك ماچ بکەم کە وشەی زبری لێ بباریێ."

"ماچ."

"کاتی شۆخیکردن نییە و نامەوێت هەمان هەڵەی کامەرانی شێوەکار دووبارە بکەمەوە."

"تێنەگەیشتم، کامەران تۆی خواست و تۆ هێنا بۆ کەنەدا، هەڵەی چی کردووە؟"

"کامەران دونیایەکی هونەری تایبەتی هەیە، منیش دونیایەکی تایبەتی خۆم هەیە و بەشێوەیەکیتر بیر دەکەمەوە."

بە سەرسووڕمانییەوە لێم پرسی: "کەژاڵ خانم ئەم هەموو بیرکردنەوەت لە کوێ فێربوویت؟"

"له ژیاننامەی تۆ، لەئەزموونی ژیانم لەگەڵ عەباس و ئومێد و کامەران فێربووم کە چیتر بە سادەیی نەژێم و دیلی دەستی پیاو نەبم، ڕاستە من هەڵەم کرد لە ژیان بەڵام لە هەڵەکانم فێربووم، فێربووم لەخۆم بپرسم کە بۆچی من لەسەر زەویم و لەو تەمەنەی لە ژیاندامāومە چی بکەم باشە ؟"

هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی وپرسیم: "چیت هەڵبژاردووە، دەتەوێت چی بکەیت؟"

"چیتر نامەوێت هاوسەرگیری بکەم و تەنیا لە کاتی سێکسکردن هاوسەرەکەم ماچم کات، بڕیارمداوە لەگەڵ گوڵەکانم بژیم و ببم بە باخەوان، ژیانم تەواو بگۆڕم."

بەداخەوە لەم کاتە گارسۆنەکە خواردنی هێنا و لەسەر مێزەکە داینا. قاپێك نیوەی برنج نیوەکەی تری زەڵاتە بوو، لەگەڵ شلەیەکی پڕ لە گۆشتی مریشك. بۆ کەژالیش زەڵاتەیەك و سینگە مریشکی برژاو بە بەهارات.

چنگاڵەکەم گرتە دەست و گوتم: "چۆنچۆنی کۆتایی بە تەلاق دان دەهێنیت؟"

"سەیرە تەلاق بووەتە کێشەی ژن، کاتێ ژن بیەوێت جیابێتەوە پیاو یەکسەر دەڵێت تەڵاقت نادەم،ئێستا لێرە کێشە نییە بەڵام لای دایك و باوکم و کەس و کارم ئابڕوویان بردووم پێمدەڵێن تۆ حەیای ئێمەت بردووە."

هەروەك هەمیشە زەردەخەنەیەکم بۆ کرد. کەژاڵیش بەدوای منەوە پێکەنی و گوتی: "دەی بێژە بەچی پێدەکەنیت؟"

"نانەکەت بخۆ ،کێشەکەت لەگەڵ عەباس ئاسانە."

چاوەڕەشە قەترانییەکەی لەچاوم بڕی. هەروەك جاری پێشوو لەشەرما سەرم داخست و خۆم سەرگەرمی نانخواردن کرد. لەپاش ئەوەی لە نانخواردن بووینەوە، دوو چای شیرینمان نۆش کرد. کەژاڵ گوتی :"مامۆستا، قوربانت، دەتوانیت لەکێشەی عەباس ڕزگارم کەیت؟"

"بەڵێ ئاسانە، هەروەك خۆت دەزانیت پارە مرۆڤی شێت کردووە، بڕێك پارە بۆ عەباس بڕژێنە و دەستت لێ دەکاتەوە."

"من پارەم نییە، بڕواشم بەوە هەیە کە پارە مرۆڤ سارد دەکاتەوە."

"کەژاڵ گیان، تۆ ئەو کارە بۆ من جێبهێڵە چاری دەکەم."

کەژاڵ لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بڵێت، دەستی گرتم و گوتی: "لەبیرم چوو دیارییەکم لە دوکان بۆ دانابوون، با بگەڕێینەوە دوکان هەڵیگرین."

"پێویست ناکات ڕۆژێکی تر."

"مامۆستا دیارییەکە بۆ تۆ نییە بۆ شیلان خانمی هاوسەرتە."

*

کەژاڵ چەپکێ گوڵی پێشکەش بە هاوسەرەکەم شیلان کرد، منیش بەجوانی لەباوەشم کرد تا پەڕەی گوڵەکان هەلنەوەرێن. گەڕامەوە بەرەو ماڵ. کاتێ گەیشتمە ماڵ و دەرگەم کردەوە.

بینیم شیلانی هاوسەرم رووخساری دابوو بەیەکاو دەستی کرد بەگلەیی:" بۆچی درەنگت پێچوو؟"

"بمبوورە، سەرێکم لە کامەران و کەژاڵ خان دا."

"دە وابڵێ ، بلێ لەگەڵ کەژاڵ بووم. ئەم گوڵانە چییە بەدەستەوە؟"

"ئەوە دیاری کەژاڵە پێشکەش بە تۆی کردوە و گوتی هەرگیز لە بیرتان ناکەم."

شیلان چەپکە گوڵەکەی لەدەستم ڕاپچکاند وپەنجەرەی خواردنگەکەی کردەوە و فڕێیدایە دەرەوە. سەرم سووڕما لەم کردەوە ناشیرینەی و لێم پرسی:" چی بووە؟"

"چیتر حەزناکەم هاتووچۆی کەژاڵ بکەیت، پێویستیشم بە گوڵی کەس نییە."

"باشە، بەڵام پێم بڵێ چی بووە؟"

"چی بووە، تۆ ئەوەندەی لەگەڵ کەژاڵ قسە دەکەیت، ئایە ڕۆژێك لەگەڵ من دانیشتوویت قسەم لەگەڵ بکەیت؟"

"ژنەکە عەیبە بۆ تۆ، کەژاڵ لەمن گچکە ترە،ئێستا پێم نالێیت تۆ بۆ وادەکەیت؟"

"ئەو کچە سەرەخۆرەیە و شەرمیش ناکات بەم تەمەنە بچووکییەی سێ شووی کردووە، دوور نییە خۆی بە تۆش دا بدات."

"به جوانی تێگەیشتم کە شیلانی هاوسەرم ئێرەیی گرتوویەتی، لەم ساتە تووڕەییە کەڵکی ئەوەی نییە قسەی لەگەڵ بکرێت."
پێڵاوەکانم لە پێ کرد و چوومە حەوشە گوڵەکانم یەك بەیەك کۆکردەوە و هێنامەوە ماڵ. بەپێ چوومە سەر کورسییەك، دەستە گوڵەکەم لە بنمیچی خانووەکە بە وایەری فنجانەی گڵۆپێك سەربەرەو خوار هەڵواسی و بێدەنگ لێیدانیشتم. هەرکاتێکش بێدەنگ بم هەستدەکەم هاوسەرەکەم زیاتر ترس دەیگرێ و لێم دوور دەکەوێتەوە. هەرچەندە لەژیانمدا ئازارم نەداوە بەڵام فێری ئەم فێڵە بوومە کە خۆم تووڕەکەم و بۆ ماوەیەك لەگەڵی نادوێم، تا هێواش هێواش هەردووکمان هەمووشتێکمان لەبیر دەچێتەوە.
لەو تووڕەییە و بە ئەنقەست ئەو چێشتەی هاسەرەکەم لێینابوو نەمخوارد. لە خواردنگەکە نان و ماستم لەسەر مێز داناو لەگەڵ چەند کەوچکێك هەنگوین نۆشی گیانم کرد. لەم کاتە زەنگی ماڵمان لێیدا.
" بەڵێ"
"مامۆستا، من ئیلهامم خوشکی کەژاڵ."
"بەڵێ، بەڵێ فەرموو"
"سەبارەت بە کەژاڵی خوشکم گوتم، ئەگەر بتوانی ڕازی بکەیت عەباس ڕاکێشێتە لای خۆی یان کەژاڵ بگەڕێتەوە لەگەڵی بژێت."
"ئیلهام خانم، ئەی تۆ لەگەڵ کەژاڵ قسەت کرد، ئەو دەڵێت چی؟"
"مامۆستا گیان، کەژاڵ گەنجە و شێت بووە،دەڵێت عەباسم ناوێت."

"ئەی باشە خۆ بەزۆر نایدەن بەشوو."

"مامۆستا، تۆ بەس پشتی کەژاڵ بگرە،کەژاڵ ژن عەباسە،عەباس تەڵاقی نادات. دایکم لە خەفەتا ئیفلیچ بووە، بۆیە تەلەفۆنم بۆتکرد تا نەختۆکەك ئامۆژگاری بکەیت."

" باشە بەسەرچاو، بەڵام تۆش خوشکی کەژاڵیت، دەبێت پشتی کەژاڵ بگریت نەك عەباس."

"کەژاڵ بێ عەقڵە،کێ ژنێکی دەوێت سێجار شووی کردبێت."

لەم کاتە هەستم کرد ئیلهام و کەژاڵ ئەگەرچی خوشکن، بەڵام دوو مرۆڤی جیاوازن لەبیرکردنەوە و قسەکردن.

لە کۆتاییدا پێمگوت:" ئیلهام گیان هەرچی بەمن بکرێت بەسەرچاو بەڵام دەکرێت تۆش بە عەباس بڵێیت زەنگێکم بۆ بکات؟"

"بەڵێ ، بەڵێ، بەڵام بە کەژاڵ بڵێ عەباس هەڕەشەی لێمان کردووە."

پەیوەندییەکەمان پسا. دەنگێك لەناو گوێم دەزرنگایەوە ولەدڵی خۆمدا گوتم: "ئایە من سەرم لێشێواوە یان دونیا گۆڕاوە و میلەتێکی سەرلێشێواوین؟"

*

هەرچەندە شیلانی هاوسەرم هەڕەشەی لێمکرد بوو کە نابێت جارێکتر کەژاڵ ببینم، وەلێ دەبوایە بیبینم. ئایا هیچ هێزێك هەیە ڕێ لە ئارەزووەکان بگرێت؟ بۆچی کاتێ مرۆ ڕەبەن بێت، خاوەنی پۆلێك برادەرە هەر کە هاوسەرگیری کرد، پەیوەندییەکانی نامێنێ؟ ئەگەرچی من و کەژاڵ خانم وەك یەکتر بیرناکەینەوە، بەڵام کاتێ لەگەڵی دادەنیشم هەرچی لەدڵمدا بێت دەیڵێم. وەك ئەوەی کەسێکم دۆزیبێتەوە من بە شێت نەزانێت. لەبەر ئەوە چاکترین کردار ئەوەیە کە مرۆڤ یان ژن و مێرد هەوڵی بە قەفەزکردنی یەکتر نەدەن، چونکە هەرکات گیانلەبەرێکت کردە قەفەزەوە، بێگومان ئەو گیانلەبەرە بیر لە ئازادی دەکاتەوە.

بەتایبەتی کاتێ من و کەژاڵ یەکتر دەبینین، کاتەکان خۆشتر و خێراتر تێدەپەڕێت. سەرەرای ئەوەی جیاوازی تەمەنمان، بەڵام بۆ من ئەم کچە وەك دیارییەکی بێگەردە و غەریبیم لەبیردەباتەوە. هەروەها هەستدەکەم وەك مامۆستا و قوتابی گوێ لەیەکتر دەگرین، لە بێدەنگییەکان تێدەگەین. مەرج نییە هاوسەرەکان لەیەکتر تێبگەن. لەوانەیە برادەرێك جوانتر لە برایەك لە خەونەکانت بگات. لەوانەبێت برایەك فێڵت لێ بکات و برادەرێك یارمەتیت بدات.

بەهەربار بۆ من کە تەمەنم بەرەو هەڵکشان دەچێت ژنێك برادەرم بێت، زۆر خۆشترە لەوەی هاوسەرم بێت. بەکورتی و پەتی کەوتوومەتە تەمەنێکەوە کە چیتر پێویست ناکات لە پرتە و بۆڵە و چەنەبازی شیلان بترسم.

زەنگم بۆ کەژاڵ کرد و پێمگوت دەمەوێت بتبینم.

ئەویش گوتی:" بەڵێ، دڵ ئاگای لەدڵە. مامۆستا گیان، چ کاتێکت پێباشە؟"

"ئێستا دەچم بۆ سەر کار، ئێوارە باشە؟"

"بەڵێ، حەزدەکەم بێی بۆ ماڵم، دەمەوێت ماڵەکەم ببینی."

"نا کەژاڵ گیان با بمێنێت بۆ جارێکی تر، لە قاوەخانەیەك دەتبینم."

"دەزانم خەمی منتە، ئیلهامی خوشکم زەنگی بۆ لێدای؟"

"بەڵێ لەمەڕ ئەو بابەتە دەمەوێت لەگەڵت بدوێم."

"خاڵە بەختیار، دەزانیت ژەمەکانم لێبووەتە قوزەڵقورت، بەسایەی خەڵکی نەزانەوە."

"دەی دەتبینم، قاوەخانەی ستۆن برج باشە؟"

"بەسەرچاو. ئێوارە یەکتر دەبینین."

لەپشتی هەر ڕستە و وشەیەکەوە هەستم بە خەمەکانی کەژاڵ دەکرد. هەندێکجار مرۆڤ کێشەی نییە کەچی لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە حەز و ئارەزووی زیاتر کێشە بۆ خۆی پەیدا دەکات. من بۆ خۆم ئێستا لەگەڵ کێشە و خەم وەك ڕاوچییم لێهاتووە، دەبێت کێشە وەك نێچیر ڕابکەن لەدەستم، ئەگینا دەبمە کێشە بۆیان. هەرچەندە کەژاڵ مرۆڤێکی بە سۆزەو بە ئاسانی فریو دەخوات، هەر بۆیە زوو زووش تووشی کێشە و گێروگرفت دێت. هەتا یەك مرۆڤی گەمژەش لەسەر گۆی زەوی هەبێت دەبێت ئێمە بێ سەر ئێشە و کێشە نەبین. کەواتە هیچ چارێکمان نییە جگە لە پەنا بردن بۆ یەکتر و خۆ سەرگەرم کردن بە شتێکەوە.

بۆ نموونە: لە بیرمە منداڵ بووم خۆشیم لە تووڕەبوون و گاڵتەوگەپ و قسەخۆشەکانی مرۆڤە بەساڵەچووەکان دەبینی. خاڵێکم هەبوو شەوان تا درەنگ لەگەڵ برادەرکانی لە چایخانە دۆمینەی دەکرد. منیش بەدیاریانەوە دادەنیشتم. لە کاتی دۆڕان و بردنەوە شۆخی و توانجیان لە یەکتر دەدا. جارێکیان رەفیقێکیان دواکەوتبوو، چاوەڕوانی بوون. کاتیّ رەفیقەکەیان گەیشتە سەرمێزەکە، یەکسەر گوتی: "بمبوورن، تا لە دەستی ئەو دوا براوانەی ماڵەوە رزگارم بوو، شەیتان شەقی برد."

خاڵم پێکەنی و گوتی: "دانیشە با یاری خۆمان بکەین و هەمووشت لەبیر خۆمان بەرینەوە."

لەو ساتەوە، تێگەیشتم گەورەکان بیّ کێشەنین. کارکردن یان پەنا بردن بۆ یاریکردن و کتێب خوێندنەوە چاکترین چارەسەرە بۆ لەبیربردنەوەی خەمەکان. کەواتە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی کێشە دەنێتەوە و مەرگی لە بیردەچێتەوە

*

ئێوارە کە دەستم لە ئیش بەربوو. لە قاوەخانەی بورج هێد چاوەڕوانی کەژاڵم دەکرد. لەم شارە چەندین جۆر قاوەخانەمان هەیە. قاوەخانەی تایبەت بە هاوڕەگەزبازەکان، قاوەخانەی تایبەت بە کرێکارو خەڵکی هەژار. هەروەها قاوەخانەمان هەیە شوێنی خەڵکی دەوڵەمەند و بورژوازییەکان. ئەم قاوەخانەیەی ئێستا تێیدا دانیشتووم شوێنی گەنج و قوتابی و مامۆستاکانە. شوێنەکەشی زۆر جوان و ڕێکوپێکە. کەوتۆتە سەر بەرزاییێك و چواردەوری بە شووشە ڕازاوەتەوە. تیشکی خۆر لە بەیانییەوە تا ئێوارە دێتە ژوور. بە لێواری پەنجەرەکان چەند نەمامێکی سەوز و گەش دانرابوون.

کەژاڵ هاتە ژوور و لەسەر مێزەکەم دانیشت. ئەم ئێوارەیە پەشۆکاو و خەمبار دیاربوو. پێمگوت:" چی بووە کچی باش؟"

"مامۆستا خەمی عەباس، وێرانی کردووم. هەڕەشەی لە باوکم کردووە."

"قەت باوەڕم نەدەکرد تۆ ئەوەندە گەمژە بیت، حەز بە کوڕێکی وابکەیت."

"ئێستا بۆم دەرکەوتووە، ئیلهامی خوشکم هەموو نهێنییەکانی ژیانمی بۆ عەباس درکاندبوو."

"مەبەستت چییە؟"

"کاتێ عەباسی پێناساندم ، عەباس ناوی گوڵەکانی بۆم ژمارد، ناوی دەیان جۆر درەختی هێنا، دەیگوت خەونم ئەوەیە نەمامگەیەك بکەمەوە گوڵ بفرۆشم، توومەز ئیلهام بۆ هەڵخەڵەتاندنی من، ئارەزووەکانمی بە عەباس گوتبوو."

"واتە ئەگەر ناوی گوڵەکانت بۆ بژمێرم، ماچێکم پێشکەش دەکەیت؟"

"ئەگەر ناوی دە گوڵ بژمێری ماچێکت دەدەمێ."

گوڵەهیرۆ و گوڵەنێرگز و گوڵەباخ... ببوورە یارمەتیم بدە؟"

"گوڵە شلێر، گوڵاڵە سوورە، بەیبون و بەهار و گەزیزە،، تکات لێدەکەم مامۆستا بەختیار کاتی گوڵ ژماردن نەماوە. پێم بڵێ چیبکەم، باوکیشم زۆر تووڕەیە و قسەم لەگەڵ ناکات؟"

"گوێی مەدەرێ کەژاڵ گیان، مادام تۆ لێرە ناونووست نەکردوە وەك هاوسەری خۆت. با عەباس هەر لەگوپی خۆی بدات."

"بەڵام، لەوێ لای مەلا مارەی کردووم."

"بەپێی شەریعەت ئەگەر ژن و مێردێك ساڵێك و دووان پێکەوە نەژیان، هاوسەرگیریان بەتاڵ دەبێت."

کەژاڵ بە کلێنکسێك فرمێسکەکانی سڕی. هەڵسایە سەرپێ و دوو شەربەتی لیمۆی داوا کرد و گەڕایەوە سەرمێزەکەم. سەیرێکی نەمامەکانی سەر لێوار پەنجەرەکانی کرد. دەستی برد بۆ نەمامێك چەند گەڵایەکی کون کون و وشکبووی لێکردەوە سەرێکی بادا و دانیشتەوە. کچەگارسۆنەکە دوو شەربەتەکەی لەسەر سینیەك بۆ هێناین و لەسەر مێزەکە داینا، ڕووی لە کەژاڵ کرد و باوەشێکی پێاکرد. گوتی: "ببورە نەتمناسییەوە."

کەژاڵ بە بزەی پێکەنین وەڵامی دایەوە:" ئاساییە، بەڵام کێ ئەو دارانەی ئاوداوە؟"

"ئاگام لێ نییە و نازانم!"

"تکایە بە کرێکارەکانت بڵێ ئاوی مەدەن، من خۆم ڕۆژ نا ڕۆژێك ئاویان دەدەم."

کچەگارسۆنەکە دەستی نایە بان شانی کەژاڵ و گوتی: "خەمت نەبێت."

لێرەدا دەبوایە پرسیار لە کەژاڵ بکەم و بزانم چیبووە؟

کەژاڵ گوتی: "چەند هەفتە پێش لەگەڵ خاوەنی ئەم قاوەخانەیە قسەم کرد، ئەگەر بتوانم چەند نەمامێك بە لێوار ئەو پەنجەرانەوە دانێم، ئەوان زۆریان پێخۆش بوو. پێیانم گوت کە خۆم خزمەتیان دەکەم."

"ئەی خۆت شوێنت نییە نەمامی لێ دانێیت؟"

"نەخێر،ماڵەوەم پڕکردووە لە نەمام."

"دەتەوێت چی لەم هەموو نەمامانە بکەیت؟"

"کەمێك دونیا گەرم بێت و خەڵکی خەریك باخچە ڕازانەوەدەبن، دەیانفرۆشمەوە."

"ئەی پێنەگەیت، منیش کڕیارم."

لەم کاتە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا، سەیرێکم کرد، عەباس بوو.

*

" مامۆستا بەختیار، من دەزانم کەژاڵ گوێ لە تۆ ڕادەگرێ، پێیبڵێ بگەڕێتەوە یان وەك بەڵێنی دابوو، من ڕاکێشێتە کەنەدا."

"عەباس گیان، ناوبژیوانی تۆ و کەژاڵ بە من ناکرێت، چونکە کەستان گوێڕاناگرن."

"فەرموو، دەتەوێت بڵێیت چی؟"

"بڵێم چی، کاتێ کەسێك پێت بڵێت تۆم ناوێت، کەواتە تۆی لە دڵ نەماوە. چاکترە دەست لە یەکتر بەردەن!"

"چۆن دڵت دێت ئەم قسانە بکەیت، من واز لە کەژاڵ ناهێنم! خۆشمدەوێت."

"زۆرباشە واز مەهێنە، لە دوورەوە بۆ خۆت سیر بخۆ و زووڕنا بژەنە."

"مەبەستت چییە؟"

" گوێبگرە عەباس، تۆ گەنجیت و هێشتا تەمەنێکی درێژت لەبەردەمە، بڕێك پارە وەرگرە کۆتایی بەم کێشانە بهێنە."

"پێویست ناکات من ئامۆژگاری بکەیت. دەزانم تۆ و کەژاڵ شتێك لە نێوانتاندایە، زۆر نەنگە بۆ تۆ ژنت هەیە خەریك ژنی خەڵکی تری."

"بێ ڕێزی مەکە، تەلەفۆنەکە داخە."

"تۆ دایخە، من ئەو پیاوە نیم بۆ پارە بچەمێمەوە، کەژاڵیش تەڵاق نادەم."

"ئاخر هەی گەمژە، خۆ تۆ لای مەلا مارەت کردووە، بەڵام لە ڕەگەزنامە هێشتا ناونووس نەکراون. ژیربە بڕێك پارە وەرگرە."

"لەگەڵی نووستووم، بە شەریعەت ژنی منە."

"نەخێر تۆ لەشەریعەت نازانیت، ئەگەر ژنەکەت نان نەدەی و ساڵێك دووان لێت دووربێت مارەی تەواو دەبێت. لە بیرشت نەچێت شەریعەت دەڵێت: ئەگەر ژن یان مێرد بڵێت من تۆم ناوێت، ئیتر تەڵاق و مەڵاق نامێنێت."

"من تەڵاقی بدەم و تۆش بۆ خۆت مارەی کەیت؟"

"هەی نەگبەت، تەڵاقدان و مارەکردن هەر لای ئێوە باوی ماوە، تۆ پێدەچێت نەخۆش بیت."

تەلەفۆنەکەم داخست، تەنگەنەفەس ببووم. کەژاڵ پەرداخێ ئاوی ساردی پێدام و گوتی: "لەسەرخۆ مامۆستا بەختیار، تۆش تووڕە دەبیت."

پەرداخە ئاوەکەم بە یەك نەفەس خواردەوە. بە پێکەنینەوە و گوتم: "چۆن دەورێکم هەبوو؟"

"مامۆستا تووخودا دەست لە من بەردە، من نامەوێت کەس بەو شێوەیەی تۆ خۆشیبوێم."

"کەژال گیان، خۆشەویستیم تایبەتە و هەموو هەوڵێکم ئەوەیە کە تۆ چیتر بیر لە رابردووی خۆت نەکەیتەوە، نەبیتە دیلی دەستی عەباس. لەگەڵ ئەم عەباسە گەمژەیە بەس من دەزانم ڕەفتار بکەم."

"ئەم عەباسە زۆر کەڵەڕەقە، بە پارەش ڕازی نابێت."

"ڕازی دەبێت، من سەرم لەبەر خۆر سپی نەکردووە. تەلەفۆن دەکاتەوە و ڕازی دەبێت."

کەژاڵ هەڵسایە سەرپێ و بەرەو دەستشۆرینەکە ڕۆیشت. سەیرێکی لەشولاری و ڕێکردنەکەیم کرد، هەستمکرد لەبەر خەم و خەفەت چیتر ئەو کچە گورجوگۆڵ و ناسکەی جاران نەماوە. بەڵکو ببوو بەخانمێکی ماندوو، بەمن بوایە هەر ئێستا لەگەڵ دەنگی مۆسیقایەك سەمام لەگەڵی بکردایە. چونکە دڵنیام مرۆڤ جگە لەخەم، نەبوونی سێکس و خۆشەویستی دەیچەمێنێتەوە.

لەم کاتە عەباس زەنگی لێدایەوە، سەرەتا ویستم وەڵامی نەدەمەوە، پاشان لە دڵی خۆم گوتم:" لەچی دەترسم، تا گۆمەکە قووڵتربێت مەلەوانی خۆشتر دەبێت."

"فەرموو."

"مامۆستا بەختیار گیان، بمبوورە ئەگەر بێڕێزیم کرد، بۆیە تەلەفۆنم بۆتکردەوە تۆ هەرچی بڵێیت من ئامادەم."

"زۆرباشە، پێدەچێت ئێستا کەرایەتی بەرتی دابێت، بڵێ چیت دەوێت؟"

" پانزە هەزاردۆلار."

"بۆچی پانزە هەزاردۆلار، کەژاڵ لە کوێ قەرزت بۆ بکات."

"ئەی بۆچی کات خۆی پانزە هەزاردۆلاری داوە بە کامەرانی شێوەکار."

"هەی زاڵم، تۆ ئەم شتانە لە کوێ دەزانیت؟ بە پێنج هەزار ڕازییە."

"ئیلهام هەموو شتی پێگوتووم. من لە دەهەزار کەمتر ڕازی نابم."

"باشە، من بە کەژاڵ دەڵێم لە بانك قەرز کات و بۆت بنێرێت."

"بەڵام تەنیا یەك هەفتە مۆڵەتتان پێدەدەم."

لەم کاتە کەژاڵ گەڕایەوە و گوێی لە گفتوگۆیەکەمان بوو. تەلەفۆنەکەم داخست.

"چیبوو مامۆستا، شێر یان ڕێویی؟"

" برۆ شیرینییەك بهێنە، تا هەواڵێکی خۆشت پێڕابگەیەنم."

وەك ئەوەی کەژاڵ تێگەشتبێت کێشەی عەباسی لە کۆڵ بووبێتەوە. چاوەڕەشەکانی زەق بوونەوە، لەخۆشاندا وەك ئاسکەکێوی بە ڕاکردن بەرەو سەر مێزی باڕی کافتریاکە ڕایکرد.

*

دونیا تاریك داهات و گڵۆپەکانی سەر شەقام داگیرسان. هەریەك لەتێك لە کێك وشەربەت و لیمۆکەی سەر مێزەکەمان خواردبوو. بێدەنگ دانیشتبووین، وەك ئەوەی گوێ لە سەمفۆنیایەك بگرین و چاوەڕانی خۆرئاوابوون بکەین.

کچەگارسۆنەکە گڵۆپەکانی قاوەخانەکەی داگیرساند. کەژاڵ پەتی خەیاڵی پساند و بەدەنگێکی نزم گوتی: "مامۆستا دەزانیت ئەم غەریبیە چی ناخۆشە؟"

"دەمزانی دەیەوێت نهێنییەکانی دڵی بۆم هەڵڕێژێ."

"ئەم غەریبیە، ئەوەی ناخۆشە لە کەس وکارت دەبیت، چیتر برادەرەکانت وەك جاران نابینی. لەگەڵیان پێناکەنی و تێکەڵ بە خەمەکانیان نابی، چیتر نازانیت ئاخۆ ئەوان چۆنچۆنی بیر دەکەنەوە. دەترسم ڕۆژێك بگەڕێمەوە وبرادەراکانم نەناسمەوە."

"کەژاڵ، ئەو دەردە لەمنیشدا هەبووە و ماوە، بەبیرت هێنامەوە. ئەم بەیانیە خەونێکم بینی. برادەرێکم دوو برای کۆچیان کردبوو. چەندە حەزمدەکرد لە پرسەکەیدا ئامادە بوومایە، لەخەونمدا ئەو برادەرەم گلەیی دەکرد و دەیگوت: تۆ هەرجار دەگەڕێیتەوە سەردانیم ناکەیت. دونیایەکی سەیرە ڕۆژگارێك یەك خەونمان هەبوو کەچی ئێستا بە هۆی ئەم دوورییەوە خەونەکانمان خنکان."

"پێم سەیرە، چۆن بەم دڵە ناسکەت بەرگەی بیست ساڵ غوربەتت گرتووە؟."

سەیر نییە، کات خێرا دەڕوات. فریای فرمێسکەکان ناکەوین.

"مامۆستا بەختیار، لەم ژیانە تەنیا نەمام و گوڵەکان دڵنەواییم دەدەنەوە."

"کەژاڵ گیان کاتی هاتووە بیکەین بەشەو."

"منیش ماندووم دەگەڕێمەوە ماڵ، بەڵام مامۆستا جار وایە هەستدەکەم مرۆڤێکی سەرلێشێواوم. لەگەڵ هەڵبڕینی هەرهەنگاوێك هەڵەیەك دەکەم."

" بە پێچەوانەوە، ئێستا تۆ ژیانێکی گەشت لەبەردەمدایە. لە گوڵفرۆشییەکە بەردەوامبە و کاتەکانی تر دابەش بکە بۆ خۆشییەکانی تر."

"واتە، من بە تاقی تەنیا دەتوانم بژێم؟ ئایا داهاتووم چی دەبێت؟"

"داهاتووت پڕە لە گوڵ و گوڵزار، ئەی تۆ نەتگوت: دەمەوێت لەگەڵ گوڵەکانم بژێم. تۆ نەبوویت گوتت: دەبێت بزانم بۆچی لێرەم و دەبێت چیبکەم لەژیان؟."

"ئاااى مامۆستا. تۆ ئاگر لە دڵ مرۆڤ بەردەدەیت، تۆ ئاییندەی من دەخوێنیتەوە."

"ئاییندە لەبەردەم تۆدایە، بۆ من ئایندە کاتێکی کورت وخێرایە دەبێت ڕاوی بکەم بەخۆشی بەڕێی کەم. زۆربەی ڕەفیقەکانم ماڵئاواییان لەژیان کردوە. کاتێ بیریان دەکەم و ڕووخساریان دێتە بەرچاوم. ژیانم لەبەرچاو دەکەوێت ولەخۆم پرسیار دەکەم، ئایا من بۆ ئەوە بەجێماوم خەمیان بۆ بخۆم."

کەژاڵ لێوە تەنك و ناسكەكەی گەست و گوتی:" ببوورە مامۆستا ئەگەر برینی یادگارییەكانتم كولانەوە، كێ ناڵێت منیش لەم غوربەتە پرچم سپی ناكەم؟"

"بۆ تۆ، ئەستێرەكان لە خزمەتتدان، هێز بەتۆ دەدەن، دەرگەی ژیانت بۆ دەكەنەوە. تۆ دەبێت فێرببیت هەڵەكانت دووبارە نەكەیتەوە."

"دەزانم تۆ دەرد وخەمی ئینسانەكان لەدوورەوە هەست پێدەكەیت. دەمەوێت ئەم باسە بگۆڕین."

"بیكەین بەشەو."

"بەڵێ ، بۆ تۆش درەنگە. شیلان خانم چاوەڕێت دەكات، بەڵام دەمەوێت ئاگادارت بكەم كە بڕێك زێڕوخشل و پارەم لای ئیلهامی خوشكم وەك ئامانەت بەجێهێشت بوو، زەنگێكی بۆ دەكەم بزانم پارەكەی عەباس جێبەجێ ناكات."

"زۆرچاكە، بەڵام بڕواناكەم ئیلهام هاوكاریت بكات."

" لەبەر قسەكەی تۆ هەر ئێستا تاقی دەكەمەوە."

"لەوەبێت كات درەنگ بێت و نووست بێت."

كەژاڵ نووكەیەكی كرد. ئیلهام یەكسەر زەنگی لێدایەوە.

"ئیلهام، عەباس داوای پارەی لێكردووم، تۆ دەتوانیت ئەو زێڕ وخشڵەم بفرۆشیت و لە كۆڵمی كەیتەوە؟"

"كەژە، تۆ لەجیاتی هەواڵی دایك و باوكت بپرسی، لە زێڕ و خشڵ دەكۆڵیتەوە."

"بۆ هیچ بووە."

"هیچ نەبووە، دایکت ئیفلیج بووە، باوکت قسەمان لەگەڵ ناکات. پارەی چیت لامە، من پارەکەتم هەمووی بە پزیشك و دەرمان داوە."

"ئیلهام، دەمت داخە و لەسەرخۆ، من دەزانم درۆ دەکەیت، زێڕەکان بفرۆشە."

" تۆ شێت بوویتە، هیچت نەماوە دەمێکە فرۆشتوومە داومەتە دەرمان و فەحسی دایکت، ئەگەر باوەڕ ناکەیت لەخۆیان بپرسە."

"پێویست ناکات، باوکم ڕاستی گوتووە، هەرچی ئیلهام بڵێ درۆیە."

"باشە کەژە، تۆ لە خارج ڕادەبوێریت و منیش لێرە خزمەتکاری دایکت و باوکت دەکەم، هەی بێ ڕەحم."

" کچە شێت، تۆ خزمەتی دایك و باوکی خۆت دەکەیت، وابزانە من مردووم، زێڕەکانیش بە حەرامت بێت."

تەلەفۆنەکە داخرا، کەژاڵ لەو تووڕەییە سوور هەڵگەڕابوو. دڵۆپە فرمێسك کەوتە سەر ڕوومەتی. دەستیم گووشی و دڵنەواییم دایەوە، بە قوڕگی پڕ لە گریان گوتی: "من بۆ زێڕەکانم ناگریم، بۆ دایك و باوکم دەگریم، ئاخ ڕۆژگار دووری خستمەوە."

دەستیم گرت و گوتم:" هەستە با بڕۆین، من پارەم هەیە و عەباس کێشە نییە."

"چووینە دەرەوە هێشتا سەرمای شەو هەڵمی لە دەممان دەردەهێنا."

بەبێ دەنگی شانبەشانی یەك ڕێگەمان دەکرد. کەژاڵ قۆڵی لە قۆڵم نا و گوتی: "مامۆستا، هەرکات لەگەڵ تۆ دەبم کامەرانی

جەستەم دەپۆشێت، تۆ مامۆستا شەماڵم بەبیردەهێنیتەوە، ئەو تاکە مامۆستا بوو سروشتی ژیانی پێناساندم. من کاتێك لەگەڵ ئێوە دەبم  خەمی دونیام لێدەڕەوێتەوە. "

لەپاش چەند خووڵەکێك جوودا بووینەوە، بەڵام لەدوورەوە گوێم لە هەناسە و تەپەی پێ وئازاری دڵی کەژاڵ بوو، هاواری دەکرد: ئەم دڵتەنگییە چییە. ئەم هەناسە کێشانە بۆ وا سەختە. بۆ کەس گوێ لەکەس ناگرێ؟

*

بەهەر جۆرێك بوو. پارەکەی عەباسم جێبەجی کرد و بە ڕێگەی نووسینگەی هەلەبجە ڕەوانەم کرد. هەرچەندە ئەم کارەم بەدزی شیلانی هاوسەرەمەوە ئەنجام دابوو. بەڵام دڵنیام و دەزانم کەژاڵ کچێکی ئیشکەرە و بەدڵناییەوە قەرزەکەم دەداتەوە. لە پاش تەواوکردنی ئیشەکەم. زەنگێکم بۆ کەژاڵ کرد.

"کەژاڵ گیان، بۆ ئەوە تەلەفۆنم کرد کە ئاگاداربیت چەند ڕۆژ پێش پارەکەم بۆ عەباس نارد و عەباسیش پارەکەی وەرگرتووە."

"مامۆستا، وەرە بۆ ماڵم دەبێت بتبینم."

"سبەینێ یەکتر دەبینین."

"ئەم بەیانییە پۆلیس زەنگی بۆ لێدام ، داوایان لێکردووم کە بە زگوترین کات ئومێد ببینم.

ئومێد، ئومێد لە زیندانە؟"

"بەڵێ، لە زیندانی کینگستنە، دەتۆ وەرە بۆ ئێرە ،پێویستیم بە ئامۆژگاریتە، بەڕاستی من دەترسێم وسەرم لێشێواوە."

لە بیرکردنەوە و پلانەکانی ئومێد دەترسام، بۆیە خێرا بەرەو شوقەکەی کەژاڵ کەوتمە ڕێ.

شوقەکەی کەژاڵ چوار نهۆمی بوو. ئەسانسێری نەبوو، لە ناوەڕاستی بیناکە بە پلەکان سەرکەگوتمە سەرەوە. لەگەڵ هەر نهۆمێك پەنجەرەیەکی گەورە. دوو مەتر پانی و سێ مەتر درێژی بوو. لەهەر پەنجەرەیەك دوو سێ نەمامی تیا دانرابوو.

لە دەرگەی ماڵی کەژاڵم دا.

کەژاڵ هێشتا نیگەرانی لە رووخساریدا دەبینرا. باوەشی پێمدا کرد.

ژوورەکەی پڕ لە نەمامی بچووک بوو، چوار پێنج گوڵدانیشی لە گۆشەی ژوورەکەی ڕازاندبووەوە.

کراسێکی تەنکی لەبەردابوو. شاڵێکی دابووە سەر شانی. پانتۆڵێکی کابۆی لە پێکردبوو. لەسەر قەنەفەکە دانیشتم و گوتم:" ژوورەکەت جوانە و بۆنی گوڵاوی لێدێ."

کەژاڵ پێدەچوو پێشوەخت چایی لێنابێت. پرسیاری لێکردم:" مامۆستا چەند کەوچك شەکر بکەمە ناو چاکەتەوە؟"

"کەوچکێك."

کەژاڵ لەسەر سینیەك دوو پیاڵەچای هێنا و گوتی: "دەزانیت من حەز ناکەم خزمەتی پیاو بکەم، بەڵام تۆ ڕێزت هەیە."

" زۆر توونددڕە مەبە، ژن بە سەماوەرەوە جوانە، تۆ پێم بڵێ ئەو هەموو نەمام و دارانەی ڕێڕەوەکە و بەر پەنجەرەکانی شوقەکە شوێن دەستی تۆی پێوە دیارە."

"هەواڵێکی خۆش، مستەر ڕادی خاوەن شوقەکە، پێیگوتم ئەگەر ئەم هاوینە چاوم لەشوقەکەیان بێت، هەفتەی جارێك فریزەکان ببڕم و باخچەیەك لەبەردەم شوقەکە دروست بکەم، بۆ یەك ساڵ کرێ نادەم."

"ئافەرین، بەڵام ئایا پێتدەکرێت؟"

"بەڵێ، ئەو کاتەی قوتابی بووم لە بەشی کشتوکاڵ، ئامۆژگاریی مامۆستاکەم قەت لە بیرناکەم: ئەگەر بۆ چەند ڕۆژێك لە ماڵێك میوان بوویت و مایتەوە، گۆشەیەك لەماڵەکەیان بکە بە نەمامگە"

"کەژاڵ پێمبڵێ پۆلیس بۆچی تەلەفۆنیان کرد؟"

" پۆلیس تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتیان ئومێد باری دەروونی خراپە و چەند جارێك ناوی منی هێناوە و داوای کردوە من ببینێت. هەروەها پێیان گوتم ئارەزووی خۆمە ئەگەر بمەوێت یان نەمەوێت بیبینم. جا تۆ دەلێیت چی، چیبکەم باشە؟"

قوومێکم لە چاکە دا. لە دڵی خۆمدا گوتم کێشە تەواونابێت، لەوەبێت مرۆڤ بۆ ئەوە لەدایك بووبێت چیرۆك یاداشت بکات بۆ گێڕانەوە.

" کەژاڵ، من پێمباشە بیبینی، چونکە ئەگەر نەیبینی و شتێك ڕووبدات لەوەبێت پەشیمان بیتەوە و ببێتە گرێ لەدڵت کە بۆ چاوپێکەوتنەکەت ڕەتکردۆتەوە."

کەژاڵ چەند پەڕەیەکی گوڵی لە نەمامێك لێکردەوە و کردیە ناو پیاڵەکەم و گوتی: " کەی پێت باشە بڕۆین؟"

"دەتەوێت منیش لەگەڵتدا بێم؟"

"دەبێت بێیت و یارمەتیم بدەیت. بێ تۆ ناڕۆم."

ڕۆژی سێشەمەی داهاتوو بێکارم، بە ئۆتۆمبیلەکەم دەتبەم تا بزانین ئومێد چی لێتدەوێت."

لەم کاتە کەژاڵ پەڕە گوڵەپەمەییەکانی هەڵدەوارند و دەیخستە ناو پیاڵەکەمەوە

قومێکی ترم لە چاکەدا، بۆنی عەتری لێدەهات.

"کەژاڵ ئەم پەڕەی گوڵانە چیبوو خستە ناو چاکەمەوە؟"

"ئەم پەڕەی گوڵانە، ئەگەر ڕاستەوخۆ بیخۆیت تفتوتاڵە و گێژت دەکات، بەڵام لەناو چا ئارامت دەکاتەوە و دەتخەوێنێت."

کەژاڵ هەستایە سەرپێ ولە ژوورەکە چووە دەرەوە. بە دوو دڵی و نیگەرانییەوە، چاکەم خواردەوە. لەسەر قەنەفەکە ڕاکشام و چاوەڕوانی گەڕانەوەی کەژاڵم دەکرد، وردە وردە هەستم دەکرد پەڕەی خەیاڵم دەفڕێ بەسەر هەوردا بازدەدەم. ئاگام لە خۆم نەماو بێهۆش کەوتم.

*

ڕۆژی سێشەممە بەرەو شاری  کینگستن بەڕی کەوتین. کەژاڵ کراسێکی ڕەشی پۆشی بوو. سەبەتەیەك مێوەی جۆراوجۆری لەگەڵ خۆی هێنابوو، کیسەیەکی بەدەستەوە بوو پێدەچوو دیاری بێت بۆ ئومێد. گوتی: "ئەم پرتەقاڵانە شیرین و تەڕن، بۆنی ناو ماشینەکە خۆش دەکەن."

"هەروەك چا خواردنەوەکە بێهۆشم نەکەیت باشە؟"

"نا مەترسە، پەڕەی گوڵەکان بۆ هێورکردنەوەی هزر و ئارامی جەستەت بوو."

"بەڵام من ئێستا ئارەزووی چا خواردنەوە دەکەم؟"

"بەسەرچاو، چایی و قاوەش دەخۆینەوە."

گەیشتینە سەر ئوتوبان و تەسجیلەکەم داگیرساند گوێمان لە دەنگە خۆش و زوڵاڵەکەی خالقی ڕاگرت. بەدرێژایی ٨٠ کیلۆمەتر ئوتوبانەکە بەناو دارستانێکدا تێدەپەڕی. هەتا گەیشتینە  سەر جادەی سەرەکی کەژاڵ قسەی بۆم دەکرد و ناو ناوە منگە منگێکی لێوەدەهات وەك ئەوەی  بیەوێت گۆرانی بڵێت و شەرم بکات. کەوتە دووان:

"جوانترین بیرەوەرییم لەگەڵ دایکم و مامۆستاکەم بوو. دایکم ژنێکی باریکە  وبچکۆلانە و خوێن شیرین بوو. هاوسێکان خۆشیان دەویست. لەبیرمە  لەگەڵ دایکم لە مەتبخەکە دادەنیشتین بەدەم چێشت لێنانەوە باسی دونیامان دەکرد. ئایە دەزانیت  دایك جێگای بڕوایە و دەتوانی نهێنی ژیانتی بۆ بدرکێنیت."

"ئەی چۆنە ماوەیەکە، نابیستم لەگەڵ دایکت قسە بکەیت؟"

"هەستدەکەم، ئیلهام کۆنترۆلی ماڵەوەی کردووە و نایەڵێت زەنگم بۆ لێدەن."

"بۆچی ئیلهام؟ ئەی باوکت؟"

"پێمگوتی لەو ڕۆژەوەی شووم بە عەباس کرد باوکم وەك جاران هەڵس وکەوتم لەگەڵ ناکات و لێم زوویرە."

لەسەر جادەی ئۆتۆبانەکە تابلۆی قاوەخەنەیەك هاتە بەرچاوم، ماشێنەکەم هێواش کردەوە تا گەیشتینە بەردەم قاوەخانەکە. دوو کوپ قاوەم کڕی وکەوتینەوە ڕێ. لە کەژاڵ م پرسی: "نیوەی ڕێگەمان بڕیوە، ئێستا حەزدەکەم باسی سەردەمی خوێندنت بکەیت، بەتایبەت ئەو چەند ساڵەی لە کۆلیژ بوویت."

کەژاڵ چاوی لەچاوم بڕی، هەردووکمان بە بزەوە پێکەنین. درکمان بەوە کردبوو کە چیرۆکێکی یاداشت نەکراو و شاراوە هەیە و نەگێڕدراوەتەوە. پاشان ڕووخساری وەرگێڕاو ڕووانیە درەختە بەرزەکان و تاقە خانووەکانی دەم ڕێ، مێگەلێ مانگا بەسەر سەوزایی و دەشتێکی ڕەنگینەوە دەلەوەڕان.

"مامۆستا بەختیار، ژیانی جوتیار زۆر سەختە. لێ هەست دەکەم لێرە مانگاکان بەختەوەرتر دەژێن. ببینە بەم یەك دوو ڕۆژ باران بارینە، چۆن بەفر توایەوە و گیا بستێك بەسەر زەوییەوە سەری دەرهێناوە. ئەگەر ئەم سەوزاییە لای خۆمان بێت دەبێتە شوێنی سەیران."

بزەی پێکەنین گرتمی و گوتم:" لە کۆتاییدا هەموومان گیانلەبەرین، بەڵام مرۆڤ کەمێك زێتر بیر لە نەمری دەکاتەوە."

کەژاڵ قامکی کرد بەشانەو پرچی هەڵدایە دواوە، رووخساری گەش و ناوچەوانێکی ساف و بێگەردی وەك کاغەزێکی سپی درەوشایەوە ، لێوە تەنکەکانی بزواند و کەوتە گێڕانەوەی بەسەر هاتی سەردەمی خویندنی:

"دەمەوێت بزانیت کە من بە ئارەزووی خۆم نەچووم بۆ کۆلیژی کشتوکاڵ، بەدەستی من بوایە دەروونناسیم تەواو دەکرت، بەڵام خۆت دەزانیت عێراق وڵاتێکی وێرانە، حەز و ئارەزووی هاووڵاتی دەخنکێنێت. بەهەربار کاتیَ لە کۆلێژ وەرگیرام لەپاش یەك هەفتە دەوامکردن ویستم وازبهێنم، بەڵام بەرێکەوت لەگەڵ یەکیَ لە مامۆستاکانم لەناو یەك کۆستەربووین دەگەڕاینەوە بۆ ناو شار. لەڕێگە هەرچی لەدڵمدا بوو بۆم هەڵڕشت و گوتم ئەمە چ وڵاتێکە بە ئارەزووی خۆت نەتوانیت بخوێنیت. من ئاییندەی خۆم بە کشتوکاڵەوە نافەوتێنم. مامۆستاکەم زۆر لەسەرخۆ و بەڕوویەکی خۆشەوە وەڵامی دامەوە: زۆرشت هەیە لەژیان مرۆڤ بیَ بەشە لەخۆشییەکانی. من ناتوانم بە قسە پێتی بڵێم ونیشانتی بدەم، یەك تکام هەیە لەبەر خاتری من و ژیانی خۆت یەك ڕۆژ تەرخانکە و وەرە لە کۆلیژ بمبینە."

"مامۆستاکەت ناوی چیبوو، خەڵکی کویَ بوو؟"

"مامۆستاکەم گەنجێك بوو، خاوەن بڕوانامەی ماجێستێر. ناوی شەماڵ بوو، وابزانم خەڵکی کەلار بوو. زرنگ و وشیار. هەمیشە دەبەیەك ئاوی بەدەستەوە دەگرت و بەتەنیشت هەر درەختێك تێپەرییبایە قوومیَ ئاوی دەڕژاند بەسەریان و تینوویەتیانی دەشکاند."

"بەیانییەکی زوو گەیشتمە کۆلێژ. بینیم مامۆستا شەماڵ لەگەڵ باخەوانەکان درەخت و فریزی باخچە بچکۆلانەکەی گۆڕەپانی قوتابخانەکە ئاودەدات. هەرکە منی بینی لەدوورەو سۆندەکەی دەستی بە قەد لقی درختێکە شۆڕکردەوە و بەرەو ڕووم هات بەیانی باشی لێکردم. گوتی: با پیاسەیەك بکەین. من جانتاکەم بەشانەوە بوو کەوتینە ڕێ بە چواردەوری کۆلیژەکە دەسووڕاینەوە. سەرەتا گیانم دەلەرزی شەرمم دەکرد لەبەرئەوەی یەکەمین جارم بوو لەگەڵ پیاوێك یاخود کوڕێك پیاسە بکەم. لەپاش چەند هەنگاوێك وردە وردە ڕاهاتم و شەرمم شکا."
دەلێن قسە قسە ڕادەکێشی کچێك هاوپۆلم هەبوو دەیگوت:" جاران وامدەزانی لەپیاو نزیك بیتەوە و دەستت بەردەستی بکەوێت دووگیانە دەبیت."
بەهەربار ئەو ڕێچکەیەی ئێمە گرتبوومان، شوێنی پیاسەی قوتابییەکانی کۆلیژ بوو. کە بە چواردەوری کۆلیژەکە دەسووڕایەوە، بەدرەخت پەرژین کرابوو. هەروەها لە دیوی دەرەوەی پۆلەکان لەبن دیوارەکان لەناو تەنەکە نەمام و گوڵدان چێنرابوون. مامۆستا شەماڵ کەوتە ئامۆژگاریکردنم.
"کەژاڵ تۆ لەوەبێت ئارەزووتکردبێت وانەیەکیتر بخوێنیت. بەڵام زۆرجار لەژیان حەزەکان نایەنە دی. لەوانەبێت مرۆڤێکی ژیر وشیارمان هەبێت بە دڵنیاییەوە ئاییندەی خۆی ببینێت و بزانێت چی هەڵدەبژێرێت و چۆن بژێت. بەڵام لەناکاو جەنگ یان ڕووداوێك ڕوودەدات خەونەکانی لێ تێکدەچێت. ئەوەی من دەمەوێت پێتی بڵێم، خوێندن لە بواری کشتوکال بە هەموو جۆرەکانی

پێویستییەکی ژیانی مرۆڤە. خوێندن لەسەر ژیانی مێرووله و هەنگ تا دەگاتە ئاژەڵ و درەختەکان. مەبەستم ئەوەیە مرۆڤ لەسەرەتاوە لەناو دارستان ژیاوە. وەك دەبینی کاتێ شار دروستبوو ژینگە چی بەسەرهات. بەڵێنت پێدەدەم کە ئەم چوارساڵەی لە کۆلیژدەبیت خۆشترین ژیان دەبینی. بەتایبەتی تۆ و هەزارەهای وەك تۆ کە لەشار ژیاون نازانن تەمەنی دارودرەختەکان چەندە یاخود چۆن لقە دارێك ببڕنەوە و بەنەرمی لەگەڵ درەختەکان بدوێن. دەزانیت باڵندەکان زۆر زیرەکترن لە مرۆڤ بۆ سروشت، کاتێ هێلانە دروستدەکەن لەنێوان دوو لقەدار، درەختێك هەڵدەبژێرن کە نەخۆشی لێی نەدابێت سیس نەبووبێت. هەروەها دەزانن درەختەکان چ جۆرە بەرهەمێکیان هەیە بۆ ئەوەی لەداهاتوو سوودی لێببینن. ئایا تا ئێستا خەڵکی ئەم دەڤەرە توانیویانە سوود لە درەخت و بۆنی گوڵ ببینن. ئایا تۆ دەزانیت بۆنی هەر گوڵێك دەرمانێکە بۆ مرۆڤ. تکات لێدەکەم ئەگەر دەتەوێت چێژ لە ژیان ببینی تێکەڵ بە سروشت بە و وانەی کشتوکاڵ بخوێنە، بەو بەیانییە مامۆستاکەم سێ شتی پیشاندام، یەکەم لەمێژبوو لەگەڵ کەسێکی غەریبە قسەم نەکردبوو. دووەم ڕاستی دەکرد لەژیانمدا نەکەس گوڵی پێشکەش کردبووم، نە بیرشم لە دارودرەخت کردبۆوە. "

لە کۆتاییدا مامۆستا شەماڵ کیسەیەکی پڕ لە پەڕەی گوڵی لەناو گیرفانی دەرهێنا و گوتی: "هەر پەڕەیەك جۆرە بۆنێکی تایبەتی هەیە. ئەگەر پەمەییەکە بۆنکەیت مێشکت ئارام دەکات و لەوانەبێت بنووی. هەروەها ئەم پەڕە سوورانە دڵ

دەکاتەوە.منیش شەرمم لێشکا بوو، پێمگوت دەمەوێت گولە سوورەکان تاقی کەمەوە. مامۆستا شەماڵ پەڕەی گولە سوورەکانی  خستە ناو لەپی دەستم و گوتی: "بیانکووشە تا ناو دەستت تەڕ دەبن.

پەڕەی گوڵەکانم خزاندە ناو لەپی دەستم و توونـد گووشیم و فلیقاندمەوە، پەنجەکانم سوور هەڵگەران. ئینجا لەپی دەستم خستە بەر لووتم چەندین جار بۆنە خۆشەکەم هەڵمژی. دڵم گەشایەوە  و دونیام بەسەوزی بینی، هەستم دەکرد لە خۆشی و سەیرانم.

لەم کاتە قوتابیەکانیش هێواش بەرەو دەوام دەهاتن. چەند قوتابیەك بە گومانەوە لە پیاسەکردنەکەیان دەڕوانی. خۆتدەزانی لە ولاتی ئێمە پیاو وژن کوڕوکچ مامۆستا وقوتابی،  گفتوگۆکردن وپێکەنین لەنێوانیاندا حەرامە."

بەمجۆرە دڵم چوە کۆلیژەکەم عاشقی دارودرەخت بووم. ئەو چوار ساڵە زۆرشت لە مامۆستا شەماڵەوە فێربووم چەندین نهێنیتر هەن لەسەر درەخت و بۆنی گوڵ ئەگەر دەرفەت بوو لە ئاییندە بۆتی باسدەکەم.

"کەژاڵ، دڵنیام یادگاری خۆشترت هەیە. بەڵام با بمێنێت."

"بەڵێ، مامۆستا شەماڵ وەك خزمانی لێهاتبوو. چەندجارێکش دەهات بۆ ماڵمان و پێکەوە دەچووین بۆ دەوام. ئا شتێکی سەیر هاتەوە یادم.  لە کۆلیژ حەزم چوو لە هاوپۆلێکم کە کوڕێکی موو زەرد و باڵا بەرزبوو. لەپاش یەکساڵ ئەو هەر نەهاتە پێش ناچار خۆم گوڵێکم پێشکەش کرد و پێمگوت خۆشمدەوێت وحەزدەکەم

عیلاقەمان هەبێت. کەچی گوتی: "هەموو دەزانین کە تۆ دەزگیرانی مامۆستا شەماڵیت."

ئەو بەسەرهاتەم بۆ مامۆستا شەماڵ وماڵەوە گێڕایەوە. ناڕاستەخۆ چەند قوتابییەکمان ئاگادارکردەوە کە ئێمە وەك خوشك و براین. کەچی کەس ئامادە نەبوو گوێ لەڕاستیەکان بگرێت.

لەبیرمە مامۆستا شەماڵ بە تایبەت بە قوتابییە مووزەردەکەی گوتبوو، کە بمخوازێت ئەم بەختەی لە دەست نەدات. کەچی گوتبووی :" ئەی چی لە قسەی خەڵکی بکەم."

" کەژاڵ، ئێستا مامۆستا شەماڵ کەوتۆتە کوێوە.؟"

"نازانم، خۆتدەزایت، لای خۆمان هەرکە خوێندنت تەواوکرد پەیوەندییەکان وەك خۆی نامێنێت. بەڵام وەك بیستوومە چووە بۆ هۆڵەندا چونکە ئەو کاتەی لە کۆلیژ بووین دەیگوت بۆ بینین و بۆنی گوڵ پێویستە مرۆڤ لە هۆڵەندا بژێت."

"هۆڵەندا."

" بەڵێ، لەو بڕوایەم ئێستا لەناو کۆخێکدا بژێت، باخچەیەکی بچکۆلانەی هەبێت و بۆنی گوڵەکان بکات."

هەر بۆ شۆخی گوتم:" لەوانەبێت بووبێت بە تارزان لەناو دارستانێك بە زمانی شێروپڵنگەکان بدوێت."

دامان لە قاقای پێکەنین. کەژاڵ دەستی برد بۆ بۆڵەترێیەك و چەند دەنکێکی هەڵبژارد و خستیە ناو لەپی دەستمەوە.دەنگی مۆسیقاکەم بەرزکردەوە، بێدەنگییەك خامۆشی کردینەوە. لە دڵەوە ئارەزووم دەکرد دەستێکم بەسووکانەکەوەبێت و دەستێکی

ترم لەناو دەستی ئەودابێت، لێ کاتێ ئاوڕمدایەوە فرمێسك سەر ڕوومەتی کەژاڵی تەڕ کردبوو.

تووند دەستیم گووشی وخێرایی ماشێنەکم هێورکردەوە، گوتم:" چیبووە کەژاڵ."

"هیچ نییە، بیرەوەرییەکی ناخۆش هاتەوە یادم."

بە لەپی دەستم فرمێسکەکانیم سڕی و گوتم:" هەرچییەك بووبێت، ژیان بەردەوامە، هەریەك لە ئێمە کەسێکی خۆشەویستی لەناخدا حەشارداوە و بۆی دەگرییێت."

کەژاڵ گوتی: "حەزمدەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان نووسەرێك هەبوایە بەسەرهاتی هاوپۆڵە مووزەردەکەمی یاداشت بکردایە. چونکە دڵنیام مرۆڤی پاکی وەك ئەو کەمن."

"کێ بوو، ناوی چیبوو، بۆم بگێڕەوە؟"

"ناوی سمکۆ بوو، بیرکردنەوەیەکی چەپی هەبوو. جارێکیان داوای لێکردم پیاسەیەکی لەگەڵدا بکەم، منیش خوا خوام بوو، لەکاتی پیاسەکردن ڕەخنەی لە قوتابیانی کۆلیژەکە دەگرت و دەیگوت ببینە کەژاڵ لەم کۆلیژە فرە نەتەوەیە تێکەڵأبووینە وپێکەوە یەك مادە دەخوێنین، بەڵام لەبەر ڕەگەز پەرستی ناتوانین وەك ئینسان لەیەکتر بڕوانین. هەر کات نەتەوەیەك سەردەستە بێت مافی ئەویتر دەخوات. ئێمە پێویستە دژی ئەم نەژاد پەرستییە خەبات بکەین."

لەوکاتەی سمکۆ قسەی بۆم دەکرد من تەقەی سەرم دەهات، چونکە هەر چاوەڕوان بووم پەردەی دڵی خۆیم بۆ بکاتەوە و پێمبلیت کە خۆشیدەوێم.

لەبیرمە جارێکیان کتێبێکی نەزار قەبانیم پێشکەش کرد، کەچی ئەو لەپاش هەفتەیەك کتێبێکی تازە چاپکراوی نازم حیکمەتی بۆ هێنام و گوتی : ئەگەر دەتەوێت سەربەستانە خۆشەویستی بکەیت، پێویستە ئەم کتێبە بخوێنیتەوە.

ئەو ڕۆژەی کتێبەکەم بردەوە ماڵ شەو نەنووستم تا بەری بەیان خەریك خوێندنەوەی شیعرەکانی بووم.

کەژاڵ ڕووی دەمی لەمن کرد و گوتی: "ببوورە، مامۆستا هەڵبەت تۆش نازم حیکمەت دەناسیت؟"

"بەڵێ، شاعیرێکی یاخی و ڕوحێکی شۆڕشگێڕی هەبوو."

"بەڵێ سەرەڕای ئەوەی شیعرەکانیم پێ جوانبوو، بەڵام نامەکانی جوانتری کردبوون."

بەهەربار سمکۆ برادەری منی پێخۆشبوو، بەڵام من هەرگیز نەمدەتوانی وەك برادەرێك یان گەنجێکی ئاسایی سەیری کەم. بەمن بوایە لەباوەشی بگرم و تێر ماچی بکەم. ئێستاش بیری دەکەم. بەڵام کێشەی ئەو کوڕە ئەوەبوو کە هێشتا نەختۆکەك دەمارگیری و توندڕەوی تیابوو. کە جگە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هەندێك بابەتیتر کە دوور بوون لە جیهانی بیرکردنەوەی من هیچیتری نەدەزانی باس بکات.

" سەیرە، ئەی چۆن ئەو جوانییەی تۆ هەستی نەبزواندووە."

"ئەو ئەوەندەی سەرگەرمی وانەکانی و نەشرەی حزبەکەی بوو ، ئاگای لەمن نەمابوو."

بە بزەخەندەیەکەوە گوتم: "حزب خەساندبووی."

" تووخودا مامۆستا قسەی پیٚ مەڵیٚ، چونکە ڕۆژێکیان بەڕێوبەری زانکۆ بانگی کرد و پێیگوت کە نابێت چیتر کتێبی مارکسی و چەپ لەگەل خۆی بهێنێت بۆ زانکۆ. سمکۆش تووڕە ببوو وەڵامیدابوونەوە: کە بۆچی کتێبی قورئان قەدەغە نییە؟ ئەی بۆچی ژوورێکتان ڕازندۆتەوە و کردووتانە بە مزگەوت و بۆ شوێنی موسڵمانان؟ بۆچی بۆمن ئاسایی نییە مومارەسەی فکری خۆم بکەم. ئێستا سەردەمی بەعس بەسەرچووە، چیتر کەس ناتوانێت لیٚ پرسینەوەم لەگەڵدا بکات. "

لەپاش چەند ڕۆژێك هەڕەشەیان لێکرد کە نەگەڕێتەوە زانکۆ، بەڵام سمکۆ چاوقایم و کەڵەڕەق بو، وازی لەدەوام نەهێنا. تا ڕۆژێکیان چەند قوتابییەکی توندڕەوی موسوڵمان دارکاریان کردبوو، گوتبوویان هەتا شەهادەو ئیمان بە ئیسلام نەهێنیت وازت لێناهێنین.

سمکۆ لە ترسا ناچار بووبوو شەهادە و ئیمان بهێنێت. لە پاش ئەو ڕووداوە سمکۆ بەیەکجاری ونبوو و نەگەڕایەوە بۆ کۆلیژ.

بەداخەوە کێشەکان لە عێراق و ناوچەکە لە دەست دەرچووە، سەدان کەسی وەك سمکۆ بوونە قوربانی ڕژێمە فاشیەکان. ئێستا ئێمە لەسەردەمی گەمژەکاندا دەژێین. هەرکەسێك دەسەڵات بگرێتە دەست، تەنیا بیر لە سەرکەوتن و داگیرکردن دەکاتەوە.

کەژاڵ ئاخێکی هەڵکێشا و خێرا پەنجەرەکەی لایخۆی کردەوە و هەوایەکی ساف هەڵمژی و دایخستەوە. دەستی برد بۆ تەسجیلەکە ودەنگی مۆسیقاکەی بەرزکردەوە و گوتی: "ئەگەر ڕۆژێك

فرسەتمان بوو پێکەوە دووبارە شیعرەکانی نازم حیکمەت دەخوێنینەوە."

*

له پاش دووکاتژمێر گەیشتینە بەردەم زیندانی کینگستن. دیمەنی زیندانەکە کۆنە قەڵایەکی پان و بەرین بوو.  نزیکی دووسەدساڵ پێش درووستکرا بوو، وەلێ  نۆژەن کرابووەوە

لەپاش پشکنین و لێکۆلینەوە، ڕێگەیان پێدابن بچینە ژوورەوە. لە هۆڵێك دانیشتین کافیتراپەکی تێدابوو بەبێ کارمەند. پاسەوانێك کیسە دیارییەکەی کەژاڵی هەلپچریبوو، هاتە لامان و بەکەژالی وت دوامکەوە.

پاسەوانەکە کۆدی دەرگەی لێدا وپاشان سەیری کامیرایەکی کرد بە بنمیچی هۆڵەکەوە هەلواسرابوو. دەرگە کرایەوە. لەگەل چوونە ژوورەوەیان کەژاڵ بۆ دواجار ئاوڕێکی لێمدایەوە، منیش بۆ ئەوەی ترسی بڕەوێنمەوە چاوێکم لێداگرت و زەردەخەنەیەکم پێشکەش کرد. پاشان چوومە سەر مێزی قاوەخانەکە کوپێك چاییم تێکرد و دوو دۆلارم هاویشتە ناو دەخیلەکەوە.

هەست وبیر و هۆشم لای ئەو دیمەنە بوو کاتێ کەژال و ئومێد یەکتر دەبینن. بە بۆ چوونی من سەردانی کردنی زیندانییەك لە حەجێك خێری زۆرترە. چونکە ئەو  بەندە بۆ چەندین هەفتە بەو چاوپێکەوتن و دیدارە شادمان دەبێت.

دە خوولەکی نەبرد کەژاڵ بەچاوی ڕەش هەڵگەڕاو و فرمێسکاویی لەگەڵ پاسەوانەکە هاتنە دەرەوە. پێشئەوەی بێت بۆ لام و داستانی ئەو دیدارەم بۆ بگێڕێتەوە لە پڕمەی گریانی دا بەرەو دەستشۆرییەکە ڕۆیشت. لە دڵی خۆمدا دەمگوت دەبێت ئومێد چی پێگوتبێت؟

کەژاڵ درەنگی پێچوو، لە دەستشۆرینەکە نەهاتە دەر. چووم بۆلای پاسەوانەکە گوتم بۆم هەیە بچمە دەستشۆری خانمان؟ وابزانم برادەرەکەم حاڵی باش نییە. پاسەوانەکە بەپەلە خۆی بە دەستشۆرییەکەدا کرد و لەپاش چەند خولەکێك لەگەل کەژال هاتنە دەرەوە.

کەژاڵ باوەشی پێمدا کردو بە قورگی پڕ لەگریان گوتی با بچینە دەرەوە. پەرداخێك ئاوم پێدا و خواردییەوە. بەبێدەنگی سواری ماشێنەکە بووین و تا کەوتینە سەر ئوتوبانە خێراکە، نە من پرسیارم لێکرد و نە ئەویش دوا. کەژاڵ لەناو ئاوێنەی ماشێنەکەوە تەماشای رووخساری کرد. دەستی برد بۆ تەسجیلی ماشێنەکە و رادیۆکەی داگیرساند، کەناڵەکە مۆسیقای جازی خستبووە سەر، ئەم ئاوازە لە کاتێکی باش هاتە گوێمان.

بە ئاسپایی بە کەژاڵم گوت :" زۆر ئاساییە مرۆڤ دڵتەنگ بێت و دڵی بگوشرێ."

بە چاوی پڕ لەگریانەوە تەماشای کردم و سەرێکی بادا. بە توندی بە پەنجەکانی پرچی لەسەر تەوقی سەری کۆکردەوە بەقرتێلەیەك بەستی. هەرچەندە توورە و مۆن دیاربوو، وەلێ بۆ من شا جوانێك بوو بە تەنیشتمەوە دانیشت بوو.

*

نزیکی یەك کاژمێر مابوو بگەین بە شاری ئۆتاوا. کەژاڵ کەوتە دووان:

لە ژوورێك دانیشتتبووم چاوەڕیی ئومێدم دەکرد، پاسەوانەکە بەدیار سەرمەوە وەستابوو. لەخەیاڵی خۆم دامنابوو کاتێ ئومێد دێتە ژوور باوەشی پێیا بکەم و دڵنەوایی بدەمەوە و پێی بڵێم کە تێدەگەم زیندانی ناخۆشە، بەڵام ڕێگە چارەیەکی تر نییە، جگە لە چاوەڕووانی تاماوەی زیندانییەکەت تەواو دەبێت. دەرگە کرایەوە ئومێد بەدەستی کەڵەپچە کراو هاتە ژوور. وەك بتێك وەستا و چاوەکانی زەق ڕیشی تاشی بوو مووی سەری لوول و درێژتا سەر شانی هاتبوو، ئەوەندەیتر لەلام جوانتری کرد بوو، بەمن بوایە قامکم لە پرچی گیرکەم و سەری ڕاکێشمە سەر سینەم.

لە پاسەوانەکەم پرسی :" بۆم هەیە باوەشی پیا بکەم؟"

پاسەوانە سەری رەزامەنەدی وەشاند و لەگەڵ هەنگاوەکانم جووت بوو. باوەشم بە ئومێد کرد و دەستیم گرت و گوتم وەرە دانیشە.

کەچی ئومێد وەك دارەڕەق بە پێوە وەستابوو، تەنانەت هەناسەشی نەدەدا.

منیش ناچار دانیشتمەوە. پاسەوانەکە بە ئومێدی گوت : "کاتەکەت تەواو دەبێت چاکترە دانیشی و قسەی خۆت بکەیت."

لەناکاو ئومێد بەدەنگێکی پڕ لە تووڕەیی، لاموابێت ئەگەر ئەو شوێنە زیندانی نەبوایە هەموو جیهان گوێیان لەهاواری ناخی ئومێد دەبوو. پێی گوتم : "کوانێ ئادەم؟"

منیش بەسەرسوورمانەوە سەیرێکی پاسەوانەکەم کرد وئینجا ڕووم لە ئومێد کرد، لێمپرسی:" تۆ وەرە دانیشە بزانم باسی کێ دەکەیت؟"

ئومێد لە کەلە ڕەقیدا دانەنیشت و هەربە پێوە گوتی :" کەژاڵ ئازیزم ئەی هاوسەری شیرینم، ئەو کاتەی منیان دەستگیرکرد تۆ دوو گیانە بوویت و کۆرپەیەکمان بوو ناوماندا ئادەم پێمبلێ بۆ ئادەمی کوڕمت لەگەل خۆت نەهێناوە؟"

پاسەوانەکە هەستیکردبوو ئومێد شێتانە قسە دەکات. منیش پێموابوو ئومێد باری دەروونی تێکچووە و لەم زیندانە دونیایەکی تایبەتی بۆ خۆی داڕشتووە.

کەمێك بێدەنگ بووم نەمدەزانی چی وەڵام بدەمەوە. ئومێد ئارام بووەوە هاتە سەرمێزەکەم دانیشت. بە پەنجەکانی چەند خەتێکی لەسەر مێزەکە کێشا و گوتی : کەژاڵ،جارێکیتر ئەگەر هاتی ئادەمی کوڕم لەگەڵ خۆت بهێنە. پێمبلێ ئێستا ئادەم چیدەکات، لای کێ بەجێت هێشتووە؟.

لەم کاتە من قورگم پر لەگریان بوو. ئومێد نووکی پەنجەی خستە ناو هێڵەکان کە کێشابووی و گوتی : "گوێبگرە کەژاڵ،تا من ئازاد دەبم ئێوە لە ماڵ خۆتان حەشاردەن و مەیەنە دەرەوە چونکە چواردەوری خانووەکەمان چاودێری لەسەرە. پەردەی پەنجەرەکان داخە و لەگەڵ ئادەم بۆ هیچ شوێنێك مەچن."

لە دڵی خۆم پێمباش بوو ئومێد لەم خەیاڵە خاوە دەرباز کەم. یەکسەر پێمگوت :" ئومێد گیان،ئێمە هەر برادەری جارانین و من لەژیانمدا دوو گیانە نەبوومە."

هەرکە قسەکەم تەواوکرد. ئومێد سەری نایە بان مێزەکە ئیتر سەری هەڵنەبڕییەوە.

پاسەوانەکە قۆڵی ڕاکێشام و لە ژوورەکە هێنامیە دەرەوە.

لەکاتی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە دڵم گووشرابوو. لەسەر ئوتوبانەکە هێواشم کردەوە هاتمە دەر لەناو پارکێکی بچکۆلانەی بەنزینخانەیەك ماشێنەکەم ڕاگرت. دەستی کەژاڵم گرت و پێمگوت : "کەواتە ئومێد تێکچووە؟"

"بەڵێ، لەئەنجامی دڵتەنگی و تەنیایی دونیایەکی خەیاڵی بۆ خۆی داڕشتووە."

"کەژاڵ چۆندەکرێت کەسێك تێکچووبێت، بەند کرابێت؟"

لە پاسەوانەکەم پرسی و پێمگوت چاکترە ئومێد پزیشکێکی دەروونی ببینێت. کەچی وەڵامی دامەوە و گوتی: " ئەوان ئاگاداری باری دەروونی ئومێد هەن،ەتا ئێستا لیژنەی پزیشکە دەروونیەکان هاتوون و سەردانیان کردووە، بەڵام دڵنیانین و بڕیاریان نەداوە بیگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی دەروونی."

"من دڵنیام ئەو پۆلیسە ڕاست دەکات، هەتا ئومێد خۆی نەکوژێت، پزیشکەکان دڵنیا نابن."

بێدنگییەك کەتە نێوانمانەوە. لە پاش چەند خووڵەکێك لە ئوتوبانەکە هاتمە دەرەوە و لە نەنزیخانەیەك ماشێنەکەم پڕم لە بەنزین کرد.

کەژاڵ دوو قووتی سەڤن ئابی کڕی بە تەنیشتمەوە دانیشت و کەوتینەوە ڕێ. دوا وتەی کەژاڵ کە لە منی پرسی :" مامۆستا بەختیار، ئایە تۆ قەت زیندانی کراویت؟"

هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی و گوتم :" بەڵێ کاتێ دەست بەنووسینەوە دەکەم، هەستدەکەم لە زیندان دام. وەك ئومێد دونیایەکی تایبەت بۆ خۆم دەڕازێنمەوە، لە ناخەوەش هاواردەکەم کوانێ: ئادەم."

*

لەپاش ئەوەی کەژاڵم لە ماڵی خۆی دانا، زەنگێکم بۆ شیلانی هاوسەرم لێدا وەڵامی نەبوو. پێم لە بەنزین داگرت و خێراتر بەرەو ماڵ ماشێنەکەم هاژووشت. هەرکە کلیلم لە دەرگەی ماڵ گیرکرد و دەرگەم کردەوە. چاوم بە جانتای سەفەری پڕ لە جلوبەرگی خۆم کەوت و لەگەڵ کۆمەڵێك کتێب و لاپتۆپەکەم، تەنانەت فڵچەی ددانشۆرین و مووسی ڕیشتاشینیش لەناو کیسەیەکی نایلۆن بەستراو دانرابوون.

بەسەر سوورڕمانەوە سەیرێکی شیلانی هاوسەرم کرد و گوتم :" خێر؟"

بە دەنگە ناخۆش و زیکە ژنانیەکەی هاواریکرد:" وس س س... هیچ قسە نەکەی. بارگەکەت کۆکەرەوە و لە کوێ بوویت بۆ ئەوێ بچۆ!"

"ژنەکە تۆ شێت بوویتە."

"بەڵی من شێتم، بێ عەقڵم گەمژەم، تۆ لەجیاتی بچیت بۆ سەرکار، لەگەڵ کەژاڵ خان دەچیت بۆ سەیران."

ئینجا تێگەیشتم کە کەر لەکوێ کەوتووە و کوندەش لە کوێ دڕاوە. بۆیە تاوێك خۆم ڕێکخستەوە و گوتم: "بەو شێوەیە نییە کە تۆ بیردەکەیتەوە."

"دیسان بە چیرۆکە هەڵبەستراوەکانت هەڵم مەخەڵەتێنە، لە بیرتە هەڕەشەم لێکردی و پێمگوتی کە نابێت جارێکیتر لەگەڵ کەژاڵ دەست تێکەڵاو بکەیت، ئایا تۆ ڕازی دەبیت من لەگەڵ گەنجێك سەفەر کەم؟ هەمووشتێك نێوان من و تۆ کۆتایی هاتووە، بارگەکەت هەڵگرە یان ئەگەر حەزدەکەیت من دەچمە دەرەوە."

"شیلان دەزانیت کێشەی نێوان من و تۆ ئەوەیە کە گوێ لە یەکتر ڕاناگرین، من هەرچی دەکەم تۆ بە شێوەیەکی تر لێکی دەدەیتەوە. من دەڕۆم لەبەر یەك هۆ، ئەویش ئەوەیە کە دڵنیابووم کە تۆ بەهیچ شێوەیەك گوێ ناگریت و سقەت بە من نەماوە."

"بە دڵنیاییەوە بڕوام پێت نەماوە."

" تۆ ئاگاداریت، من و کەژاڵ چووین بۆ سەردانی ئومێد."

"ئەی بۆ منت ئاگادار نەکردبووەوە."

" بۆ تۆ کەس دەوێرێت قسەت لەگەڵ بکات، ڕاستییەکەی ترسام پێتبڵێم. ئەم ترسەش بووەتە هۆکاری جیابوونەوەمان. شیلان، بۆ دواجار پێتدەڵێم ڕاستە ئێمە لە دوو دونیای جیاواز دەژین، بەڵام بۆ من ئەم جیاوازییە کێشە نییە، من تۆم خۆشدەوێت، بڕواشم بەوەنییە کە بتوانم لەگەڵ هیچ ژنێکیتر بگوونجێم."

"ئارەزووی خۆتە، ئەم شێروڕێوییە بۆ من باس مەکە، بڕۆ بۆ خۆت شوێنێك بدۆزەرەوە، لەوانەبێت باشترین شوێن بۆ تۆ ماڵی کەژاڵ بێت."

" تۆ ڕاستدەکەیت شیلان، بەڵام ئەگەر لەماڵ دەرچمە دەرەوە، هەرگیز پەیوەندییەکەمان وەك جارانی لێنایەتەوە."

بێ سێ ودوو جانتاکەم خستە ناو ماشێنەکەم و لە ماڵ هاتمە دەرەوە. هەرچەندە نەمدەزانی بۆ کوێ بچم و بۆ کوێ ماشێنەکەم لێخووڕم، بەڵام بۆ یەکەمینجارم بوو هەستمکرد ئازادم و دەتوانم بفڕم.

*

لە موتێلێکی هەرزان بەها ژوورێکم گرت. لەپاش دووشکردن لەسەر قەروێڵەکە پاڵ کەوتم. ژوورەکە بۆنی دەیان ڕێبواری لێوەدەهات کە لێرە میوان بوونە و بەرەو شوێنێکیتر گەشتیان کردووە.

کۆدی وایفای موتێلەکەم خستە ناو ئایفۆنەکەم، لە ئۆنلاین بەدوای خانوو یان ژوورێك بۆ کرێ گەرام. نزیك بە گەڕەکی خۆمان ماڵێکم دۆزییەوە ژوورێکیان بەکرێ دەدا. لەبەرئەوەی شەو درەنگ بوو، مەسجێکم نارد. هەستی تەنیایی ڕووا لە هزرم. هەرچەندە چەندینجار لەماڵ دوورکەوتوومەتەوە، وەلێ هەرگیز وەك ئەم شەوم بەسەرنەهاتووە. بیرەوەرییەکانم لەگەڵ شیلانی هاوسەرم لە مێشکم دەرنەدەچوو، هەستمدەکرد کە ئێمە تەنیا بەجەستە لە یەکتر جوودابووینەتەوە. رووخساری شیلان و چێشتلێنانی و ڕەفتار و کردەوەکانی دەبوون بە شریتێکی سینەمایی و لەبەرچاوم دەهاتن و دەچوون. بیرم لەو کەسانە دەکردەوە کە لەیەکتر جوودا بوونەتەوە. دەبێت لەناخەوە چ ئازارێك روحیان هەڵکێشێ. کەچی ئەو خەڵکەش بووختانیان پێدەکات وقسەیان بۆ هەڵدەبەستێ، نازانن کاتێ ژن و مێردێك لەیەکتر جوودا دەبنەوە دەیان نهێنی شاراوە لەنێوانیان بە زیندووی دەمێنێتەوە. نازانن لەوانەبێت تەنیا جەستەیان جوودا بووبێتەوە و خۆشەویستیان هەرمابێت.

بە خەیاڵی ڕابوودوو خەوم لێکەوت. بەیانی زوو لەگەڵ زەنگ لێدانی مۆبایلەکەم بێداربوومەوە.

"من خاوەن خانووەکەم، ئایە تۆ مەسجت بۆ ناردبووم."

"بەڵێ، کەی دەتوانم ژوورەکە ببینم."

"کەی کاتت هەیە؟"

" ڕاستی من لە موتێلێك دەنووم. دەتوانم هەر ئێستا بێم و ببینم؟"

" زۆر چاکە، دووبارە ناونیشانەکەم بۆت دەنێرم و چاوەڕێت دەکەم."

خێرا دەموچاوم شۆری و لە ڕێگە قاوەیەکم هەڵگرت و بەرەو ناونیشانەکە کەوتمە ڕێ.

خانووەکە چەند کۆڵانێك لەماڵەکەی خۆم دوور بوو ناونیشانەکەی ئاسان بوو زوو گەیشتم و زەنگی ماڵەکەم لێدا. پیرێژنێك دەرگەی کردەوە. دوای ئەوەی خۆم پێناساند. گوتی: "دوامکەوە،ژوورەکە بەتەنیشت خانوەکەیەوە، سەربەخۆیە."

بەڕێچکەی باخی ماڵەکە ڕێمکرد، خاوەن ماڵ دەرگەی ژوورەکەی کردەوە. شوێنەکە ژێر زەمینی خانوەکە بوو، بە پلەکان چووینە خوارەوە. ژوورێکی پاك و خاوێن و مێز و کورسییەك و دەسگەیەکی قاوەی کارەبایی لەسەر دانرابوو. باشبوو ئاودەست، حەمامی تایبەتم هەبوو.

داوای حەوتسەد دۆلاری دەکرد مانگانە. بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕایەوە و پێمگوت کە لەکوێ دەژیام. پیرێژن کەمێك بەزەیی بۆم بزوا و کرێکەی کرد بە پێنج سەد دۆلار و گوتی: "من هەمیشە پێشەکی وەردەگرم، بەڵام بۆ تۆ تەنیا کرێی یەك مانگم بدەرێ، هەستدەکەم هەفتەیکیتر لەگەڵ هاوسەرەکەت چاك دەبنەوە."

به پیرژنم گوت: "زۆر باشه، دەتەوێت چەکێکت بۆ بنووسم یان لەبانك پارەی کاشت بۆ بهێنم؟"

پیرژن بەسەرسوورِمانەوە وەڵامیدامەوە:" تۆ شیتی، پارەی کاش لەماڵی من نابینیت. حیساب بانکی خۆمت دەدەمێ دەتوانی کرێکە لەڕیگەی بانکەوە بۆم بنێریت."

پێشئەوەی پیرێژن بەجێبهێلم پێمگوت: "دەتوانم کلیلەکانم هەبێت، ئەمشەو دێمە ناوی."

پیرژن کلیلەکەی خستە ناو دەستم و گوتی: "زۆر نیگەران مەبە، سەرەتای جیابوونەوە وەك پرسە وایە. لەپاش چەند ڕۆژێکیتر ئارامتر دەبیتەوە هێواش هێواش ئازارەکان دەڕەوێنەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە یادگارییەکانە."

سوپاسی ئامۆژگارییەکانیم کرد، کەچی پیرێژن پرسیارێکیتری لێکردم:" چەند ساڵ لەگەڵ هاوسەرەکەت پێکەوەبوون؟"

" نزیکی بیست ساڵێك."

"باوەڕ ناکەم تۆ بتوانی بە تەنیا بژێیت، تۆ بیست ساڵە لەناو قەفەزێکدا ژیاویت، ئێستا ئەگەر ئازادش بیت، ناتوانیت بفڕیت."

بە زەردەخەنەیەکەوە خاوەن ماڵم جێهێشت. لەدڵی خۆمدا گوتم لەوانەبێت وتەکانی پیرێژن تا ڕادەیەك ڕاستبن.

*

شەوی یەکەم سەخت و دژوار بوو تا خەوم لێکەوت. هەروەك عاشقێکی گڕگرتوو. ئاگر لە دڵم بەربووبوو، ئەگەر فرمێسکەکانم نەبوایە ئاگری دڵم بەچی بکوژاندایەوە. بۆ سبەی زەنگم بۆ سەرکار لێدا وئاگاداریانم کردەوە کە تەندروستیم باش نییە و بۆ چەند ڕۆژێك مۆڵەتم وەرگرت.

نیوەڕۆ لەگەڵ کزە بای سارد و فێنکی پاییز، بەرەو لای کامەرانی شێوەکار چووم. لەڕێگە ڕەنگی گەڵای زێڕینی درەختەکان سەرنجیان ڕاکێشابووم، نیوە سەوز و سوور و زەرد هەڵگەرابوون، گەڵا وشك و هەڵوەرییوەکانی ژێر درەختەکە سیس و زەرد هەڵگەڕابوون و سیمای شار گۆرابوو، ئەو شارەی بیست ساڵە بێئاگا پیاسەی تێدادەکەم و هەرگیز ڕۆژێك سوپاسگوزاریم نەکردووە. ئاخر ئەمڕۆ هەر شەقامەکانی ئەو شارەیە من دەگرێتە باوەش و هەست بە قورسی پێیەکانم دەکات. گەیشتمە ناو گەلەرییەکەی کامەران، دەرگەم کردەوە. هۆڵێکی چۆڵ تابلۆکانی قەد دیوار تۆز لێیدابوو. لەسەر مێزەکە ترمزی قاوەکەی دانرابوو، سەرەکەیم کردەوە. دوو کوپ قاوەم تێکرد وبە پلەکان سەرکەوتمە نهۆمی سەرەوە، بۆ ستۆدیۆ و ژووری وێنەکێشان. گوێم لە یەکێ لە سەمفۆنیاکانی بتهۆڤن بوو. بۆنی بۆیە و دەنگێکی خۆش دەهات. هەستم کرد کامەران سەرگەرمی نیگارکێشانە، بە ئاسپایی بێئەوەی گوێی لەدەنگی پێمبێت و بمبینێ، سەرم کرد بەژوورا.

لەسەر قەرەوێڵەیەك خانمێك بەڕووتی پاڵکەوت بوو، مۆدێلی بۆ کامەران دەکرد. کامەرانیش لەگەڵ ئاوازی سەمفۆنیاکە سەمای

دەکرد و فلّچەکەی بەسەر تابلۆیەك دەکێشا. رووخسارێکی شێواوی خانمەکەی کێشابوو، جووتێ مەمکی وەك باڵندە بە ئاسماندا فڕیبوون، مووەکانی سەرگۆنای کردبوون بە باڵ و لەناو لەپی دەستی خانمەکە هێلانەی بۆ دانابوون. جووتە پێیەکانی خستبووە سەر یەك وزێییەکەی لەناوەڕاستی سکی کێشابوو.

خانمەکە منی بینی و بزەیەکی بۆ کردم بەدەستێك ئیشارەتی کرد، کە یەکێ لە کووپە قاوەکان بدەمە دەستی. لێی نزیك بوومەوە. پێیەکانی لەسەر یەك لابرد سەیرێکی لەشیم کرد. وردتر ڕوانیم ئامرازەکەی ڕێك بەسەر ناوکییەوە بوو. هەرگیز لەژیانمدا لەشێك بەو شێوەیەم نەبینی بوو. ئەگەرچی دەیان فیلمی ڕووت لەم ڕۆژگارە دەبینرێ و بڵاودەکرێتەوە، بەڵام هیچ لەژیانمدا ئافرەتێکم نەبینیوە زییەکەی لە بەرزی بێت.

سەیرێکی کامەرانم کرد کە هێشتا سەمای دەکرد و مەست دیاربوو. کوپە قاوەکەی ترم لەبەردەم کامەران دانا. وەك سەرخۆشێك وخەواڵووەیەك دەستی برد بۆ بتلە ڤۆدگاکەی ژێر پیی و پێکێك ڤۆدگای تێکەڵ بە قاوەکە کرد. خێرا بەسەر پلیکانەکان هاتمە خوارەوە، کوپێ لەقاوە بەرازییلەیەکەم بۆ خۆشم تێکرد. دونیا کشومات بوو، بە ئاسپایی گوێم لە سەمفۆنایەکە بوو. لەشم ئارەزووی سەماکردنی دەکرد. بە پلیکان سەرکەوتم. لەژێر پێی کامەران بتلە ڤۆدگاکەم ڕاکێشا و پێکێکم تێکەڵ بە قاوەکەم کرد. بۆ دواجار سەیرێکی ئامرازە جوانەکەی خانمەکەم کرد، بەری ببووە پووشی هێلانەی باڵندە. خانمەکە

سەیرێکی منی کرد وبە لەپی دەستی ئامرازەکەی شاردەوە. دەستەکەیتری خستە سەر گۆنای مەمکی.

بە سەماکردن بەسەر پلِّەکان دەهاتمە خوارەوە. لەپڕ پێم ساتمەی کرد و خلۆربوومە بوومەوە.

*

لەگەڵ بەربوونەوە بەرچاوم تاریك بوو، بۆ چەند خوولەكێك بێهۆش كەوتم. كاتێ چاومكردەوە بەچواردەوەری خۆم ڕووانیم تابلۆكانی كامەران بە قەد دیوارەكەوە دەلەرانەوە. تابلۆ لاكێشەییەكانی بە ڕەنگی گەرمی سوور و زەرد وێنەی ماسییە زێڕینەكانی تێدا كێشابوو، بەڵام بەناو حەوزێكی ئاوی پلاستیكی. وێنەیەكی تر كە سەرنجی ڕاكێشام پیرەمێردێك یاخود ڕووخساری پیاوێكی بە ساڵاچوو، شیری دەدا بە پەرییەكی دەریایی. لە بنمیچی هۆڵەكەم ڕوانی كۆمەڵێ هێڵی بەسەریەكدا كێشابوو، بەوە دەچوو وەك سكێچێكی تەواو نەكراوبێت، یاخود قەفەزێك بوو خێزانێكی تێدا زیندانی كرابوو.

لەتاو ئازاری قاچم وسڕبوونی پێیەكانم ئاخوئۆفێكم كرد. چاوەڕوان بووم كامەران بێتە خوارەوە و یارمەتیم بدات، لەپاش چارەكێك چاوەڕوانی كامەران دەرنەكەوت ناچار بەشەلەشەل خۆم گەیاندە بەردەرگەی دەرەوە، بەدوای خوولەكێك چەند هەنگاوێكم هەڵبڕی، سڕی پێم دەرچوو و ئازارم كەمتر بووەوە. بەناو شەقام و كۆڵانەكان گوزەرم دەكرد، خەیاڵم پچڕ پچڕ وشێواو بوو، خەیاڵی ڕۆژگارێكی پووچ كە لە دەستم دابوو. تەنیا خەیاڵێك كە لە كۆڵم نەئەبووەوە كەژاڵ بوو. لەگەڵ هەر هەنگاوێكم گیان وجەستەمی وەك موگناتیس بۆ لای خۆی ڕادەكێشا. تەنانەت ئەو ساتانەی بیرم لە شیلانی هاوسەریشم دەكردەوە كەژاڵ وەك پەروانە بە بۆشایی نێوانمان دەفڕی. ژیان لەگەڵ شیلانی هاوسەرم ئەو تام وچێژەی جارانی نەمابوو، ڕۆتین ببوو. هەرچەندە سەرەتای هاوسەرگیری پێكەوەبوون پڕ لە شۆخی و

خۆشی بوو، کەچی لەگەڵ ڕۆژگار پەیوەندیەکان کاڵبوونەوە، ئەوین و خۆشەویستی وەك خۆی نەما. تینووی بینینی کەژاڵ بووم و بەرەوە گوڵفرۆشیەکەی ئەمستردام کەوتمە ڕێ لەپاش دە خوولەك ڕێکردن گەیشتم بە نزیك دووکانەکە. کەژاڵم بینی گوڵێکی پەمەیی کردبووە تەوقەو بەسەرییەوە بەستبووی، مەقسەتێکی بەدەستەوە بوو. لق وپۆپی گەڵای نەمامەکانی دەبڕی وگوڵەکانی یەك یەك بۆن دەکرد و لە یەکتریانی جوودا دەکردەوە و لەناو سەتلێکی دادەنا. هەروەها چیلکە دارێکی لوولکراوی بەدەستەوە بوو، بۆنی کرد، پاشان وەك قردێلەیەك بەتەنیشت گوڵە پەمەییکەی بان سەری بەستیەوە. شێوە و ڕووخسارێکی غەمگینی هەبوو، کەچی خوێنشیرین و ڕەنگین بوو. دەرگەی دووکانەکەم کردەوە. گوێم لە هەمان مۆسیقای جاز بوو، کە چەند ڕۆژ پێستر گوێمان لێڕاگرت بوو. کاتی کەژاڵ منی بینی، مەقەستەکەی دەستی لەسەر مێزێك داناو بە گریانەوە باوەشی پێمدا کرد. ئەمجارەیان لە ئامێزگرتنەکەی توند وخۆش بوو. کەژاڵ یەکپارچە بۆنی گوڵی لێدەهات. لە دڵی خۆمدا گوتم تۆ بڵێی جەستەشی ئەم بۆنە خۆشەی لێوەبێت؟ دەستمان لەناو دەستی یەکتر بوو. فرمێسکەکانی سەر گۆنای سڕی.

"چی بووە، کەژاڵ بۆچی دەگری؟"

کەژاڵ گوتی :" برسیت بووە؟"

بەسەر ئاماژەم بۆی کرد: "بەڵێ."

دەرگەی گوڵفرۆشیەکەی داخست و تابلۆیەکی بە شووشەی دووکانەکە هەڵواسی، لەسەری نووسرابوو: بۆ نیو کاتژمێر داخراوین.

لەڕێگە کەژاڵ دەستی نایە بان شانم وەك ئەوەی دڵنەواییم بداتەوە:" تۆ باشی؟ دەزانیت شیلان ی هاوسەرت زەنگی بۆ لێدام و تێرجنێوی پێدام. بەڵام من بە هیچ شێوەیەك وەڵامیم نەداوەتەوە."

پێمگوت: "باشت کرد."

کەژاڵ دەستی ڕاتەکاندم و گوتی: "نا مامۆستا تکا دەکەم بگەڕێوە بۆ ناو خێزانەکەت. باجی شیلان ڕاستدەکات ئێمە زیاد لە پێویست یەکترمان خۆشدەوێت و ڕەفتار دەکەین."

"کەژاڵ، من شیلان بەجێ ناهێڵم بۆ هیچ ژنێك، ئەو لەماڵ دەریکردووم، پەیوەندی نێوان من و تۆ جیاوازە ئەمجۆرە پەیوەندییانە، ژن و پیاوی ڕۆژهەڵاتی بۆیان قووت نادرێت."

"مامۆستا تۆش جیاوازی، تۆ بەم ئاخری عومرەت بەدوای رۆمانسیەتدا دەگەڕێی، ئەو رۆمانسیەتە تەنیا لەناو کتێبەکاندا دەبینرێت، ئەم ژیانە خۆشی تێدا نەماوە مرۆڤەکان سەرقاڵن، ماندوون."

" کەژاڵ پەیوەندیەکی خۆش و تەندروست خۆی لەخۆیدا ڕۆمانسیەتە."

"مامۆستا باوەڕ ناکەم تۆ بتوانیت بێ شیلان بژێیت. جوان بیرکەرەوە، ڕابردووتان وەك لەزگە بەیەکەوە نووساوە. دەزانم

ئێستا من بۆ تۆ وەك خوایەك وام و باجی شیلانیش پێغەمەبەرێکە، بەڵام دەبێت من لە بیرکەیت."

"خوا؟"

"بەڵێ خوا، خوا ئەو عیشقەیە کە هەرگیز پێی ناگەیت و نایبینی، بەڵام پێغەمبەر ئینسانێکە پڕ لە هەڵە و کەموکوڕی."

وتەکانی کەژاڵ دەچوون بە عەقڵ، کە مرۆڤ شیری خاوی خواردووە و هەڵە دەکات، بەڵام بەم دوا عومرەم ئایە دەکرا پلان بۆ ژیانێکی نوێ دانێم؟ ئایندەیەکی کورتم لەبەردەم ماوە دەبێت تەنیا هەوڵێکم ئەوەبێت باقی تەمەنم بە خۆشی بەسەر بەرم. چیتر کاتی کێشە و ململانێم نەماوە. بەهەربار لەگەڵ کەژاڵ لە خواردنگەیەکی شۆربافرۆش دانیشتین. لەدڵی خۆمدا دەمویست پرسیارێکی جدی لە کەژاڵ بکەم و پێی بڵێم ئەو لەشەی من بینیم لە گەلەرییەکەی کامەران دەبێت بوونی هەبێت؟ لەبەرئەوەی کەژاڵ چاوی لەچاوم بڕی، لەپرسیارەکەم پەشیمان بوومەوە، بەڵام بێئاگا لەهەستم، لەپڕ هاتە سەرزمانم و گوتم: "تەوقەکەی سەرت زۆر جوانە."

*

لەگەل لێکردنەوەی تەوقەکەی سەری، پەڕەی گوڵە پەمەییەکە هەڵوەرینە سەر شان وملی. پەڕە گوڵێکش کەوتە سەر مێزەکە، پەڕەی گوڵەکەم هەڵگرت وخستمە گیرفانی قەمیسەکەمەوە.
کەژاڵ بەدەم کۆکردنەوەی پەڕە گوڵەکانی سەرشانی، گوتی: "گەشتێکم لەپێشدایە، پێش ئەوەی بڕۆم دەمەوێت بڕێك لە پارەی قەرزەکانم بدەمەوە."
"گەشت، بۆ دوور یان نزیك؟"
لە دڵی خۆم گوتم پارە، کەی بوونی هەبووە لە نێوان خۆشەویستەکان، کەژاڵ سەیریکردم و بزەیەکی کرد، وەك ئەوەی بمخوێنێتەوە وهەستبکات چۆن بیردەکەمەوە.
"مامۆستا شەماڵ فێریکردم هەرکات گوڵ لە دەستت هەڵوەری پێویستە شوێنەکەت بگۆڕی، یان گەشتێك بکەیت."
پەڕەی گوڵەکانی بە چیلکەدارە لوولکراوەکە ئالاند. چیلکەدارە لوولکراوەکەم لە چنگی کەژاڵ دەرهێنا و گوتم:" مەمترسێنە، گوڵەکان هەڵدەوەرێن و لە وەرزێکیتر بەڕەنگێکیتر دەبنەوە بە خونچە گوڵێکی جوانتر."
" پێویستیم بە گەشتێکە، بەناو دارستانێك وبەناو باخێك، دەمەوێت پشوویەك بدەم ماوەیەکە بەهۆی سەرقاڵیم ، خۆم ون کردووە، دەبێت دووبارە بیر لەخۆم بکەمەوە، بپرسمەوە کە بۆچی لێرەم، ئایە ئامادەم شوێن بگۆڕم یان دەتوانم زۆر شت هەیە لەبیریان بکەم؟"
"کەژاڵ گیان، تۆ دەتوانیت زۆرشت بکەیت، دەتوانیت گەشت بکەیت و خۆشی لەژیان ببینی، بەمەرجێ خاوەن هیچ شتێکی

مادی نەبیت، یاخوود دڵت سەد دەرسەد بە کەسەوە نەبێت، تۆ دەتوانی کار بکەیت و پشووش بدەیت. پێشئەوەی بڕۆیت دەمەوێت گەشتێك پێکەوە بکەین.

بەدڵنیاییەوە، زۆر ئارەزوو دەکەم من و تۆ لەشوێنێکدا، لەسەر سەوزاییەك ڕاکشێن و تۆ قسەم بۆ بکەیت و منیش گوێت بۆ ڕادێرم. دەمەوێت گەشتێکی ناخت بکەم و ڕوحت بدۆزمەوە، تا بزانم تا چەند لەمن نزیکی."

تاوێك بێدەنگ بووین.

"من هەرچەند لێت نزیك بم، لێت دوور دەبم، ئەو گەشتەی من دەمەوێت لەگەڵ تۆ بیکەم تەنیا بۆ شکاندنی تینوویەتی خۆشەویستییە، بۆ ئەوەی پێش مەرگم ئەو گوڵانە بۆن کەم کە خەونم پێوە بینوە!"

"مامۆستا بەختیار، من لەم جۆرە گەشتانەم زۆر کردووە، بەناو دارستان، بەنێو درەختە پیرەکان، قلێشاوەکان، سەر کەوتوومەتە سەر بلندترین لقی دار، تا چاو بڕکا سەوزایی گەڵا بۆم بووەتە بەرماڵەکەی عەلادین بەسەریدا فڕیوم، تینویەتیم بە شەونمی سەر گیاو پەڕەی گوڵەکان شکاندووە. بەڵام بەزەییم بە مرۆڤ دێتەوە کاتێ دەزانن میوانن لەسەر ئەم زەوییە کەچی لەجیاتی خۆشی و ئاشتی، جەنگ هەڵدەگیرسێنن، درەختەکان دەسگوتێنن."

" بۆ کوێ حەزدەکەیت سەفەر بکەین؟"

" بۆ شوێنێك، بێترس بتوانین پیاسەی تێدا بکەین."

لەم کاتە زەنگی مۆبایلەکەی کەژاڵ لێیدا.

" کەژە، خوشکە جوانەکەم من ئیلهامم."

"فەرموو."

"کەژە قسەیەکت پێدەڵێم، هەڵمەچۆ بە ئاسماندا و گوێم لێبگرە."

"فەرموو "

" ئێستا لەگەڵ عەباس لە وڵاتی یونانم، پارەمان لێبڕاوە، قاچاخچییەکان وەك بارمتە زیندانیان کردووین. ئەگەر دەفتەرێك، واتە دە هەزار دۆلار نەدەین، دەمان گەڕێننەوە بۆ تورکیا. تکایە یارمەتیمان بدە. بۆ مەسەلەی ئەم سەفەرەی من و عەباس دوایی بۆت دەگێڕمەوە."

"تۆ شێت بوویتە، ئێستا تۆ و عەباس لە یۆنانن؟ ئایا بەدوو کەوتووی؟"

"کەژاڵ خوشکی جوانم، تۆ لە عەباس جیابوویتەوە. منیش وەك تۆ دەمەوێت لە خارج بژێم. شووم بە عەباس کردووە. ئەمە چیرۆکێکی درێژە، دوایی بۆت باس دەکەم. ئێستا پێم بڵێ یارمەتیمان دەدەی یان نە؟"

"کەژاڵ تەلەفۆنەکەی داخست."

لەم کاتە گارسۆنەکە دوو قاپی سووپی گەرمی لەبەردەمان دانا. کەژاڵ بە پەنجەکانی کەوچکەکەی گرت و کەوتە سوپخواردنەوە. منیش لەکاتێکدا چاوەڕوان بووم کەژاڵ شتێك بڵێت، بەڵام ئەو سەری شۆڕکردبووەوە بەسەر قاپە سوپەکە و پڕ بەدڵ تامی لە خواردنەکە دەبینی. منیش بەدوای ئەوەوە کەوچکەکەم گرتە دەست و کەوتمە سوپخواردن.

*

کەژاڵ سەرێکی هەڵبڕی وسەموونێکی لەناو سەبەتەکەی بەردەممان هەڵگرت و کردییە دوو لەت، لەتێکی دا بەمن، گازی لە لەتەکەی تردا، چاوی لەچاوم بڕی، گوتی: "چیتر هیچ شتێك بۆم نابێت بە سوپرایز و جێی سەرسووڕمان. مرۆڤ باشترە دەمی داخا و لۆمەی کەس نەکات. دێتەوە یادم، ڕۆژگارێك لەگەڵ دایکم لە مەتبەخەکە دادەنیشتین و لۆمەی ماڵی پوور و هەندێك لەخزمانمان دەکرد، کە بۆچی لەناو یەکتر ناتەبان و بەردەوام شەڕیانە، یان بۆچی لەسەر میرات قۆڵی یەکتری دەبڕن، بەڵام ئێستا دەبینم خوشکەکەم لەوان خراپتری کردووە. هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ئەو سەرزەنشت و لۆمەیەی لە خەڵکم دەکرد، ڕۆژێك دابێت لەناو خێزانی ئێمەش ڕووبدات."

بیبەر و خوێدانەکەی سەرمێزەکەم بەدەستەوە گرتبوو، نەختۆکەك بیبەر وخوێم کردە ناو سوپەکەی هەردووکمانەوە. پێمگوت:" تا تەمەن بەرەو هەڵکشان بچێت شتی سەیر سەیر دەبینین. کاتێ مرۆڤ کێشەیەك دێتە پێشی یان کارەساتێکی بەسەردێت لەناخەوە وێران دەبێت، بەڵام لەپاش چەند ڕۆژ و هەفتە وردە وردە باری دەروونی ئاسایی تر دەبێتەوە. تۆش نیگەران مەبە ژیان بەردەوامە."

ژیان بەردەوام سەرقاڵی کردووین بە کێشەی مرۆڤەکانەوە.

"کەژاڵ لە بیرت نەچێت ئێمەش بەشێکین لەوان. ئێستا تۆ پێویستە بیر لە دایك و باوکت بکەیتەوە، خۆت لە بیربەریتەوە. ئەو ڕەفتارەی ئیلهام ئەنجامی داوە جەرگی دایکتی بریندار کردوە."

"ڕاستدەکەیت، هەستم کرد بوو شتێك ڕوویدابێت، چونکە ماوەیەکە دایکم زەنگم بۆ لێنادات و لە هەواڵم ناپرسێت."
" ئێستا تۆ دەبێت پشتی ئەوان بگریت و دڵنەوایيان بدەیتەوە."
" کەواتە دەبێت بگەڕێمەوە، سەردانیان بکەم."
" بگەڕێوە، چونکە ناخۆشترین شت بۆ دایك و باوك ئەوەیە کاتێ منداڵەکانی ماڵ بەجێدێلن. خۆشترین دیاریش لەژیان ئەوەیە کاتێ دووبارە بە منداڵەکانیان شاد دەبنەوە."
کەژاڵ پەرداخە ئاوەکەی سەرمێزەکەی بەدەستەوە گرت و قوومێکی لێداو گوتی: "هەندێکجار هەستدەکەم جەستەم پڕ دەبێت لە هەست وسۆز، سۆز بۆ دیدەنی دایکم، بگەڕێمەوە و باخچەیەکی بچکۆلانەیان پێشکەش بکەم، جارش هەیە بیری مامۆستا شەماڵ دەکەم ئارەزوو دەکەم گەشتێك بکەم بۆ هۆڵەندا."
" مامۆستا شەمال."
چیلکەدارە لوولکراوەکەی لە دەستم سەند و لە سوپەکەی وەردا و دەری هێناو لێوی وەك دەمی ماسی کردەوە و لێسایەوە و گوتی:
"ئەم چیلکەدارە  لوولکراوە دەبینی؟"
"بەڵێ."
" بەدەستی مامۆستا شەماڵ چێنراوە."
بەبێ ئەوەی لیێبپرسم چۆن دەزانیت؟ کەوتە دووان:
" ئەو کاتەی پێکەوەبووین و لە کۆلیژ، دوو چیلکەداری تەڕی بە قامکی لوول کرد و بە بسکمەوە شۆڕیکردەوە، پێیگوتم: کەژاڵ

ئەمە ببێت بە نهێنی نێوانمان، لە کوێ چیڵکەدارێکی  لوولکراوت بینی، بزانە کە بەدەستی من دروستکراوە."

چیلەکەدارەکەم لە دەستی وەرگرت. سەربەخۆم خەمبار بووم، پێمگوت: "کەژاڵ ئێستا کاتی ئەوەیە تۆ لەگەڵ دایك و باوکت بیت، گەشتی هۆڵەندا لەبیر خۆت بەرەوە."

کەژاڵ زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوی و گوتی: "وا چاکترە بگەڕێمەوە سەرکار، بەڵام بۆچی هەرکات من ناوی مامۆستا شەماڵ بێتە سەر زارم تۆ دڵتەنگ دەبیت؟"

بە پێکەنینەوە وەڵامم دایەوە: " ئەمە سروشتی مرۆڤە "

کەژاڵ هەستایە سەرپێ، دارچیلکە لوولکراوەکەی خزاندە درزی مەمکی و گوتی: "سروشتی منیش وایە، هەرکەس لەگەڵم باشبێت، خۆشمدەوێت."

*

شەو درەنگ گەڕامەوە بەرەو ژوورە سارد و سڕەکەم. بڕیارمدا سبەینێ بچم بۆ سەرکار، چونکە ئەم بێ کارییە کاردانەوەیەکی خەراپی دەبێت بۆ سەر دەروونم. پێشئەوەی پارەوەکە ببڕم. خاوەن ماڵەکەم بینی لەپەنجەرەی ژوورەکەی سەیری دەرەوەی دەکرد. دەستم هەڵبڕی سڵاوێکم لێکرد، کەچی ڕووی خۆی وەرگێراو وەڵامی نەدامەوە. زەردەخەنەیك کەوتە سەرلێوم، وتەی شاعیرێك هاتەوە یادم، دەیگوت: "ژن بوو بە پیرێژن بینێژن. " دەرگەی ژێر زەمینەکەم کردەوە و چوومە ژوور، بینیم شوێنی خەوتنم دەستکاری کرابوو. کراسەکانم دەق کرابوون. بە تووڕەییەوە سەرکەوتمە سەرەوە بۆ ئەوەی لە پیرێژن بپرسم کێ هاتووەتە ژوورەکەم و دەستکاری جلوبەرگەکەی کردووم؟
لە دەرگەم دا، پیرێژن دەرگەی کردەوە و گوتی: "فەرموو... وەرە ژوور."
"ببوورە کات درەنگە ..."
"دەبێت بێیتە ژوور. دەمەوێت لەگەڵت بدوێم"
پیرێژن بەتووڕەیی و ڕووخسارێکی گرژ و سامناك فەرمانیدا، ناچار خۆم کرد بە ماڵەکەیدا و لە هۆدەی میوان دانیشتم. پیرێژن پەرداخێك شەربەتی پرتەقاڵی لەبەردەمم دانا و گوتی: "گوێبگر، یەکەم ڕۆژ لەبیرم چوو پێت بڵێم و ئاگادارت کەمەوە، کە نابێت شەوان درەنگ بگەڕێتەوە ماڵ. دووەم نابێت کچی برادەرت لەگەڵ ببینم."
لەدڵی خۆمدا گوتم پیریی و هەزار عەیب.
" بەسەرچاو."

لەناکاو پیرێژن بە تەنیشتمەوە دانیشت و گوتی: ئەمڕۆ شیلانی هاوسەرتم بینی. هەستدەکەم پەشیمانە. تۆ دەڵێیت چی؟ ئاشتببنەوە."

پرسیارێکی چاوەڕوان نەکرابوو. لە پیرێژن زێتر تووڕە بووم، کە خۆی لە کێشەم هەڵقورتاندووە. سەرێکم بادا و گوتم: "سوپاس و دەستتخۆش، بەڵام بۆ من زۆر زووە پەشیمانبوونەوە. کاتم دەوێت بۆ بیرکردنەوە."

لەگەڵ هەستانە سەرپێ، گوتم:" ببوورە دەبێت بڕۆم کات درەنگە، بەڵام دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم."

پیرێژن ناوچەوانیدا بەیەکدا و گوتی: "هاوسەرەکەت خانمێکی نازدارە، بێ ویژدان مەبە، من و هاوسەری کۆچکردووم دەیانجار لە یەکتر تووڕە بووینە و تۆراوین و ئاشتبووینەتەوە."

"دەمەوێت ماوەیەك بەتەنیا بژیم."

" نا، باش نییە، بە تەنیا بژێیت، تەنیایی بۆ خوا باشە."

لەم کاتە خواخوام بووم لە دەست پیرێژن هەڵبێم، بە دوودڵییەوە پێمگوت:" باشە بەسەرچاو، بیرێکی لێدەکەمەوە، بەڵام تووخودا جاریکیتر نامەوێت سەردانی شیلان بکەیت. هەروەها پێمناخۆشە بەبێ ئیزنی من دەستکاری ژوورەکەمت کردووە."

بێئەوەی ئاوڕی لێبدەمەوە وخێرا دەرگەی حەوشەم کردەوە و هاتمەوە دەرەوە. کە بەتەنیشت خانووەکە تێپەڕیم ، بینیم پیرێژن قیت بەپێوە ڕاوەستاوە و دەڕوانێتە دەرەوە.

خۆم گەیاندە ژووورەکەم و ویستم بانتۆڕەکەم داکەنم، ترسێک کەوتە گیانمەوە، لە دڵی خۆم گوتم کێ ناڵێت پیرێژن کامیرایەکی شاراوەی دانەناوە و ئێستا تەماشام ناکات؟

*

لەگەڵ بەرەبەیان لەخەو هەڵسام و خۆم گۆڕی و بەرەو سەرکار کەوتمە ڕێ. لەڕێگە لە قاوەخانەیەك چایی و کێکێکم کڕی تا برسییەتی پێ بشکێنم. لە ناکاو هاتە یادم کە دوێنێ شەو کۆمەڵێ خەونم بەسەریەکدا بینیوە. لەخەونما پشیلەیەکی ڕەش هێرشی بۆ هێنام، بۆ کوێ دەچووم و ڕامدەکرد، پشیلەکە بەدوامەوە بوو. دەشزانم پشیلە لەخەوندا سیمبولی ژنە، لەوانەبێت ترسی پیرێژن بێت بووبێتە مێردەزمە، یان لەوانەبێت جوانی ژن کێشەیەك بێت بۆ پیاو. ئێستا لەگەل سێ ژن پەیوەندیم هەیە هەرسێکیان بوونەتە کێشە، شیلانی هاوسەرم کە بەدرێژایی هاوسەرگیرییمان لە یەکتر تێنەگەیشتووین، هەمیشەش لەم تێنەگەیشتنە من خەتا بار بوومە. پیرێژن نەخۆشی دەروونی هەیە وبێزارم دەکات، کەژاڵ بە جوانییەکەی و ڕەفتاری دڵی دزیوم.

کەواتە ئەگەر خەونەکەم لێکبدەمەوە دەبێت لە ژن دوور کەومەوە، وەلێ ئایا دەتوانم لە کەژاڵ دووربکەومەوە؟ لەو خانمە گوڵفرۆشەی کە بە بینینی زیندووم دەکاتەوە.

لەپاش نیو کاتژمێر گەیشتمە شوێنی کارەکەم. کە کۆگەی خواردن ئامادەکردن بوو بۆ دەزگا حکومی و بزنسەکان. ئێمە سی چل کرێکار دەبووین، سەندەویچ و زەڵاتەمان دەپێچایەوە و لەناو سندوقێکی پلاستیکی ساردکەرەوە دامان دەنا. لە کاتی کارکردنم گوێم لە بڵند گۆی هۆڵەکە بوو، ناوی خوێندمەوە، ڕۆیشتم بۆ ئۆفیس. لەگەڵ بەڕێوبەری کۆگەکە دانیشتم. جەنابی بەڕێوبەر مرۆڤێکی باڵا بەرز و بەقەڵافەت و کەتە بوو، شێوەی لە ورچ دەچوو. پشیلەیەکی قاوەیی لەباوەشدابوو، کاتێ ویستی

لەگەڵم بدوێ پشیلەکە بازیدایە سەر مێزەکە، خەونەکەم هاتەوە یاد. ئینجا جەنابی وەستا بێ شەرمانە پێیگوتم: "بەختیار، هەرکێشەیەکت هەیە دەبێت لەدەرەوەی بزنسەکەی مندا بێت. لەم ماوەیە دەبینین کە تۆ خەمبار و داماویت، تووشی گۆشەگیری بوویتە، ئەگەر ناتوانیت ڕەفتارت بگۆڕیت ناچارین بتنێرینەوە ماڵێ."

ئەم کردەوەی وەستاکەم چاوەڕواننەکراو بوو، بەسەر سووڕمانەوە لێمپرسی: "مەبەستت چییە؟"

"تۆ کاتێ ئیشکردن پێناکەنیت و خەیاڵت لە شوێنێکیترە."

تووڕەبووم و بەمن بوایە تفێك بکەم بەناوچاوانی، هەستامە سەرپێ و گوتم:" پێشئەوەی ئێوە دەرم کەن من خۆم دەڕۆم، بەڵکو ئەم دەرکردنە دەرگەیەکیترم بۆ بکاتەوە."

لەم کاتە پشیلەکە لەسەر مێزەکە بازیدایەوە باوەشی بەڕێوبەرەکە، ئەویش بە پەنجەکانی یاری بە کلکی پشیلەکە کرد. پێشئەوەی بچمە دەرەوە ئاوڕێکم لە بەڕێوبەرەکە دایەوە و پێمگوت: "لەبیرت نەچێت پشیلەش پێناکەنێت."

*

لەژووری خۆگۆڕین، جلوبەرگی ئیشم فڕێدا، دەموچاوم شۆری لە ئاوێنەکە تەماشەیەکی خۆم کرد، ڕووخسارێکی شێواو، داماو، خەمبارم بەرچاو کەوت، خۆم نەناسییەوە. لۆچی ناوچەوانم و سووربوونی پێستی سەر کەپووم ترساندمی. هەرچەندە هەستم بە پیربوون نەدەکرد، بەڵام ئەم گرژو لۆچیەی پێستم بێزاری کردم. گەیشتمە گەراجی کۆگەکە و دەرگەی ئۆتۆمبیلەکەم کردەوە،

سویچم لێدا، ماشێن نەکەوتە ئیش. تەنگە نەفەس بووم، دەرگەکەم کردەوە و دووبارە و سێ بارە هەوڵمدا، ئۆتۆمبیلەکە لە کەڵەڕەقیدا نەکەوتە گڕ.

"لەوانەبێت پاترییەکەی مردبێت."

گەڕامەوە ناو کۆگەکە و داوای هاوکاریم لە هاوکارێکم کرد. خێرا بە جلی سەرکارەوە هات. بە ماشینەکەی هەوڵی چەتاڵ کردنماندا، بەڵام ئۆتۆمبیلەکەم بوو بە پارچەیەك ئاسنی سارد و بێ کەڵك. بڕیارمدا ماشێنەکە بگوازمەوەتەو بۆ گەراجێك. زەنگم بۆ کۆمپانیای هۆندا لێدا، شوێنی ماشێنەکەم پێگوتن و سویچەکەم لەسەر دەشبوولەکە بەجێهێشت ، بە پیاسە شۆڕبوومەوە بۆ ناو بازاڕ. لەدڵی خۆمدا گوتم وادیارە ناخۆشییەکان بەسەریەکدا ڕوودەدەن.

هەرچەندە ژەمی نیوەڕۆ نەبوو، لێ زۆرم برسی بوو. لە خواردنگەی ماکدۆناڵد سەندویچێکی هەمبەرگەر وپەتاتەم کڕی و خواردم، کەچی برسیەتیم نەشکا، هەستم دەکرد کە ئەم برسیەتیە هیچ پەیوەندی بە گەدەمەوە نییە، بەڵکو مێشکم ماندووە. بازاڕییم کرد و بڕیارمدا بگەڕێمەوە ماڵ. لەجیاتی سواری پاس بم. تەکسی ئوبەرم گرت.   شوفێری تەکسییەکە پێستڕەشێکی ئەفریقی بوو. بەتەنیشتیەوە دانیشتم. لەسەر دەشبلی ماشێنەکە ناوی شوفێڕەکە و ژمارەی مۆلەتەکەی نووسرابوو.

شوفێرەکە بۆ ئەوەی سەرەداوی بابەتێك بکاتەوە، گوتی: "هەرچەندە کزەیە باییێکی سارد هەیە، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆشە."

"پاییزە، نابینی ڕەنگی گەڵاکان چۆن زەردهەڵگەراون."

"پایزیش جوانە، ئەگەر مرۆڤ دڵی خۆشبێت."

"ئایا تۆ دڵت خۆشە؟"

شوفێرەکە بە پێکەنینەوە گوتی: "برا، بۆ دڵخۆش نەبین، تەندروستیم باشە، لەوەتەی ئەم کۆمپانیایەی ئوبەر تەکسی کراوەتەوە بێ ئیش نەبوومە. "

"ئەی پێشتر بێ کار بوویت."

"نەخێر، بەڵام خۆت دەزانیت لەزۆر شوێن کار بە پێسترەش نادەن."

ئارەزووم نەکرد درێژە بە بابەتی ڕەگەز پەرستیی بدەم. ناچار بێدەنگ بووم. ڕووی خۆم وەرگێراو کەوتمە ناو خەیاڵی بیرەوەرییەکانمەوە. شوفێری تەکسییەکە بەدەنگێکی بەرز گوتی: "ئەی حەز دەکەیت گوێ لە مۆسیقا بگریت؟"

زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و وەڵامیمدایەوە :" ئەی ، بۆ نا "

دوگمەی تەسجیلەکەی داگیرساند، خۆشترین مۆسیقای جاز هاتە بەر گوێم. یەکسەر خەیاڵ بردمییەوە بۆ لای کەژە.

"ئەی مۆسیقاکەت بەدڵە؟"

"زۆرم بەدڵە، دەتوانیت فووڵ دەنگی بدەیتێ؟"

شوفێرەکە بە پەنجە گەورەکانی دوگمەی دەنگەکەی بەرزکردەوە. دەستی لە سووکان بەرداو کەوتە سەماکردنێکی نەرم و خوێندنی گۆرانییەکی شاد.

*

گەیشتمە ماڵ، دوو کیسە بازاڕییەکەم لەسەر مێزەکە دانا، لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشام، چاوم لێکنا تا سەرخەوێك بشکێنم.
لەناو خەوێکی شیریندا بووم، لەناکاو نەمزانی خەون بوو یان ڕاستی گوێم لە دەنگێك بوو بانگی دەکردم لە دەرگەی دەدا. دواجار تەقە تەقی دەرگەکە زیاتر بوو، لەخەو ڕاپەڕیم دەرگەم کردەوە. شیلانی هاوسەرم، وەك پەیکەرێك ڕاوەستابوو. بێئەوەی فەرمووی لێبکەم هاتە ژوور و باوەشێکی توندی پێمدا کرد و بە قوڕگی پڕ لەگریانەوە گوتی: "بیرت دەکەم."
بۆنی جەستەی شیلانم کرد، بۆدرەی منداڵی لە شانومل دابوو، چونکە دەیزانی خۆشترین بۆن لای من  بۆدرەی کۆرپەی ساوایە. تێر بۆنم کرد. لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتم. شیلان فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتی سڕی و گوتی: "لەوەتەی تۆ ڕۆیشتووی ماڵ چۆڵ بووە، تۆ بۆ وادەکەی؟ من هەڵەیەکم کردووە و پەشیمانم، تکایە بگەڕێوە."
دەزگەی قاوەکەم داگیرساند و کیسە چایەکم کردە بەر ئاوە گەرمەکەوە. پێمگوت:" شیلان، تۆ پێویستیت بەمن نییە، بەڵام لە تەنیایی دەترسێت، دەتەوێت کەسێك لەگەڵتدا بژی و تەنیاییت لە بیرباتەوە."
"بەڵێ من دەترسێم، بەڵام لەهەمان کات تۆم خۆشدەوێت، بۆیە هاتووم بۆلات و داوا دەکەم بگەڕێیتەوە.؟"
بێدەنگی کەوتە نێوانمانەوە. شیلان کیسە بازاڕییەکەی هەڵدایەوە و ماست ونانەکەی دەرکرد و مێزەکەی ڕازاندەوە. دوو کوپی دانا، چاییەکەش دەمی کێشا. پێکەوە دەستمان بەنانخواردن کرد.

شیلان چاوی سوور هەڵگەڕابوون و کڵی سەر برژانگی شۆڕبووبوونەوە بەسەر ڕوومەتی، بە قورگی پڕ لە گریانەوە، گوتی: "من وامدەزانی کە ماڵ جێدەهێڵیت، دەڕۆیت بۆ لای کەژاڵ، کەچی هەڵە بووم. بمبوورە ! ؟

" شیلان خۆشەویستی ماڵی نییە، ئایە تۆ پێت وایە ئەگەر دوو کەس پێکەوەبوون، خۆشەوسیتی دەیانبەستێتەوە؟ من پێموایە زۆرجار بەرژەوەندی کۆیان دەکاتەوە. من کەژاڵم خۆشدەوێت بە شێوەیەکی جیاواز و تایبەت و بێ هیچ بەرژەوەندییەك، تا ئێستاش هیچ نهێنییەکی شاراوە لەنێوانماندا نییە. لەبیرت نەچێت ئەویش ژیانی تایبەتی خۆی هەیە. من لەگەڵ تۆ دەتوانم بژێم، بەمەرجێ خۆشەویستی کۆمان کاتەوە، نەك منداڵ یان ترس لە تەنیایی."

"بەختیار هاوسەری جوانم، خۆشمدەوێت و پێمناخۆشە ژنێکی تر بۆنت بکات و دەستت بۆ بەرێت و لێت نزیك بێتەوە، تۆ دەبێت ڕێزی ئەم خۆشەویستیەم بگریت. "

"دووبارە دەستمان پێکردەوە، شیلان گیان لێگەڕێ با منیش کەمێك نەفەسی تەنیایی بکێشم، بیربکەمەوە تا بڕیار بدەم."

"بڕیاری ناوێت، ماڵ ماڵی خۆمانە، هەر ئێستا بووخچەکەت کۆ بکەرەوە، پێکەوە دەچینەوە ماڵ."

" ناتوانم."

شیلان توووند دەستی گرتم و چاوە دەنکەترێ ڕەشە جوانەکەی ترووکاند و گوتی: "پێم بڵێ، ئایا تۆ منت خۆشدەوێت یان نە؟

تکایە، وەڵامم بدەرەوە، من تۆم خۆشدەوێت، پێم بڵێ خۆشتدەوێم یان نە؟"

"خۆشمدەوێت. زۆرکەس یەکتریان خۆشویست و لەگەڵ یەکتر نەگونجان و جیابوونەوە."

"نەخێر، لە خێزانی ئێمە جیابوونەوە نییە، بە قسەی من بکە، واز لە کەژاڵ بهێنە، ئەو کچە تیوە، ڕێبوارێکە ئەمڕۆ لەگەڵ تۆیە سبەی لەباوەشی پیاوێکی ترە."

"چەندجار پێت بڵێم، ناوی کەژاڵ مەهێنە، ئەوەی من لەتۆ دەمەوێت تەنیا خۆشەویستی نییە، بەڵکو پێکەوە ژیانێکی پڕ لەبەختەوەری و برادەری و لەیەکتر تێگەشتنە. واتە من نامەوێت لە کۆشکێکدا بژیم و دڵم تەنگ بێت."

"چیتدەوێت؟"

"ژیان تەنیا پارە کۆکردنەوە و پێکەوە ژیان نییە. دەبێت ئێمە ئاگامان لە تەمەنمان بێت، کاتمان کەم بەدەستەوە ماوە، بەتایبەت من دەمەوێت ئەو نەختە تەمەنەی ماومە بە خۆشی بیبەمە سەر نەک بە دەمەقاڵێ."

"تۆ بگەڕێوە، چۆن دەڵێیت وادەکەم."

"کاتم دەوێت،تکات لێدەکەم جارێکیتر ئەگەر ویستت بێیت بۆلام زەنگم بۆ لێدە و ئاگادارم کەرەوە، وەك پیرێژن مەکە."

" پیرێژنی خاوەن ماڵ، ئەو شێتە، هەموو ئێوارەیەك دێت بۆ لام و باسی تۆ دەکات."

"بەڵام، من بە هەمووی دووجار پیرێژنم بینیوە، گوێ لە حکایەتەکانی مەگرە."

شیلان هەستایە سەرپێ و گوتی: "من دەڕۆم، بەڵام ماڵ شارەزاییت، هەرکات گەڕایتەوە پێویست ناکات تەلەفۆنم بۆ بکەیت."

لەبەردەم دەرگەکە دیسانەوە بە قوڕگی پڕ لە گریان، باوەشی پێمدا کرد و بە ئاسپایی لەبن گوێم چرپاندی:" بە من بێت کوێربم ژنێکی ترت لەگەڵ نەبینم، بگەڕێوە خۆشمدەوێت."

شیلان جێیهێشتم □

کوپی چایەکەم پڕ کردەوە. لەدڵی خۆمدا گوتم: چ پیاوێکی دڵڕەق و غەدارم.

*

چ بوونەوەرێکی سەرشێتم بەم ڕۆژی ڕووناکە لەژێر زەمینێك تەمبەڵ و غەزەل پاڵ کەوتووم. هەروەك ئەوەی نزیکە مەرگ بم یان مەرگ بەدوامەوە بێت و بڵێت خۆت کۆکەرەوە، بۆ گەشتێکی یەکجاری و شوێنێکی نادیار. هەستامە سەرپێ، بڕیارمدا وەرزش بکەم و تەندروستیم باش کەمەوە، چیتر تەسلیمی تەمبەڵی نەبم و لەم ژێر زەمینە خۆم لە تیشکی خۆر دوورنەکەم.

کالەکەم لەپێ کرد و خۆم ئامادەکرد بۆ مەشقکردن. نزیکی نیو چارەکە سەعات توانیم ڕاکردن بکەم، هەستم کرد جەستەم هێزی جارانی ماوە، بەڵام روحێکی ماندوو، مێشکێکی سەر لێشێواو و ناخێکی بەتاڵ لەناو جەستەم خۆی مەلاس داوە. بە هەناسەبڕکێ گەڕامەوە ماڵ. دوشێکم کرد و تراشم کرد وخۆم تازەکردەوە، بڕیارمدا ماڵەکەم بگوازمەوە، سەردانی کەژاڵ بکەم، لەپاش ئەوەش لە ئۆنلاین ئیشێك بدۆزمەوە. کۆمپانیای هۆنداش مەسجیان بۆ جێهێشت بووم کە ماشێنەکەم چاککراوەتەوە. لەهەمان کات کەژاڵ زەنگی لێدا و گوتی: "ماموٚستا، ئامادەیت؟"

"کەژاڵ گیان، ئەوەند دڵتەنگ و بێزارم لە خۆم، بۆ دۆزەخش بێت ئامادەم."

" ئەمشەو وەرە بۆ ماڵەکەم، دەمەوێت سبەینێ پێکەوە گەشتێك بکەین، چونکە لەوانەبێت لەپاش ئەو گەشتە نەمبینیتەوە."

لەکاتێکدا لەگەڵ کەژاڵ دەدوام. دەستم برد بۆ دەسکی دەرگەی ژوورەکەم تا بێمە دەر. بینیم قفڵ دراوە، چەند جارێك هەوڵمدا دەرگە نەکرایەوە.

" کەژاڵ لەگەڵم بە، لاموابێت دەرگەم لەسەر داخراوە."

دووبارە دەسکی دەرگەم ڕاکێشاو هەوڵمدا ، دەرگەکە نەکرایەوە.

"گوێبگرە کەژاڵ ، ئەو پیرەژنە شێتە، دەرگەی لەدیوی دەرەوە لەسەرم داخستووە. تەلەفۆنەکە داخە، دەبێت زەنگی بۆ بکەم، ئەگەر نەیکاتەوە، ناچارم تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەم."

خێرا زەنگم بۆ پیرێژن لێدا.

"دەرگەت لەسەر قفلْ کردووم، بەزووترین کات بیکەرەوە، تا تەلەفۆنم بۆ پۆلیس نەکردووە."

"پێمگوتی، بۆت نییە شەو درەنگ بچیتە دەرەوە. دەبێت چاوەڕوان بیت تا بەیانی."

"زۆرباشە، هەتا یەك دەقیقەی تر دەرگەکە نەکەیتەوە، تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەم، شووشەی پەنجەرەکەی ژێر زەمینەکەش دەشکێنم و لێی دێمەدەرەوە."

تەلەفۆنەکەم داخست و زەنگم بۆ کەژاڵ لێدایەوە. بە پێکەنینەوە گوتم:" کەژاڵ پیرێژن زیندانی کردووم، پێمگوتووە ئەگەر تا یەك دەقەیتر دەرگە نەکاتەوە، لە پەنجەرەکەوە دێمەدەرەوە."

" قوربانی تۆبم، هەر ئێستا تەکسییەك دەگرم و دێم بۆلات."

دوودەقیقە زیاتر چاوەڕوانی پیرێژنم کرد، هەر نەهات. ناچار زەنگم بۆ پۆلیس لێدا و چیرۆکەکەم بۆیان گێڕایەوە. پۆلیس گوتیان ئێمە بەڕێوەین و لە شوێن خۆت مەجوولێ. چەند خولەکێك چاوەڕوان بووم، پۆلیس دەرنەکەوت، دڵم خەریك بوو بتەقێت. ناچار شووشەی پەنجەرەی ژێرزەمینەکەم شکاند و بە گرمۆلەکردن و هاتمەدەرەوە. چوومە سەر جادە، ماشێنی پۆلیس

ڕاوەستابوون. دوو پۆلیس کە ژن و پیاوێك بوون، سەرەتا داوایان لێکردم ژێر زەمینەکەیان پیشان بدەم.

بە ڕێڕەوەکە ڕۆیشتین، بینیمان بەچوارچێوەی دەرگاکەوە دوو پارچە ئاسن بەستراوەتەوە.

پۆلیسە ژنەکە بزەی پێکەنین گرتی. بە کەیبڵەکەی دەستی، پارچە ئاسنەکانی لەیەکتر جوودا کردەوە. دەرگە کرایەوە. پۆلیسەکە بە منی گوت: "ئەگەر دەتەوێت شتەکانت کۆ کەیتەوە ئێمە لێرە چاوەڕوانت دەبین."

پۆلیسەکەیتر لە دەرگەی پیرێژنی دا، چووە ژوور. جلوبەرگ و بوخچەم کۆکردەوە و لەسەر جادەکە چاوەڕوانی کەژاڵم دەکرد. پێشئەوەی کەژال بگاتە لام، پیریژنم بینی گۆچانێکی لە دەست بوو، پۆلیسەکە دەرگەی ماشێنەکەی بۆ کردەوە، پیرێژن بە نقە نق لەسەر کورسییەکەی پشتەوە دانیشت، بەدەست ئیشارەتی بۆ کردم. یەکێ لە پۆلیسەکان هات بۆ لام گوتی: "پیرێژن دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات. ئەگەر داوای لێبووردنی کرد، تۆش بیبەخشە." لەدڵی خۆم گوتم: "مەجبوورم بیبەخشم، ئەو پیرێژنێکی سەرلێشێواوە."

سەرم شۆڕکردەوە بۆ ناو ماشێنەکە و گوێم بۆ ڕاگرت. پیرێژن بە تووڕەیی گوتی: "بۆت نییە بار بکەیت، تۆ دەبێت ئاگات لە ماڵەکەم بێت."

پۆلیسەکان سەرێکیان لەقاند و بەمنیان گوت: "باشترە دوورکەویتەوە، لەوانەبێت شێت بووبێت."

*

گەڵا هەڵوەریوەکانی بەردەم باڵەخانەکەی ماڵی کەژاڵ، لەگەڵ با سەمایان دەکرد. بە پلەکانەکان سەرکەوتین، بە قەد دەرگەی شوقەکەی دەستە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگی هەڵواسی بوو. سەیرێکی کەژاڵم کرد و گوتم: "ئەم هەموو سوپرایزە چییە؟"

کەژاڵ سوژدەی بۆ گوڵەکان برد، منیش بەدوای ئەو چەمیمەوە گوڵەکانم ماچکرد. دەرگە کرایەوە.. ماڵەکەی باخچەیەك بوو پڕ لە نەمامی گوڵ و بۆنی عەتر. وەك پەپوولەیەکم لێهات بوو، نەمدەزانی بەسەر کام لقی نەمام و پەڕەی گوڵ بنیشمەوە، لە نێوان کام پۆپی گەڵا باڵگرم.

"کەژاڵ، بۆ واملێدەکەیت و بەجێم دێڵیت؟"

پەنجەی نا بە دوگمەی ئایفۆنەکەی، ئاوازێك لەناخی پیانۆیەکەوە باڵی گرت و لە پەنجەرەی باڵکۆنەکەوە لە شەقەی باڵی دا و فڕی بەسەر ئەم شارە بێئاگایە. جانتاکەی لە دەستم وەرگرت و بەتەنیشت مەتبەخەکەوە داینا. بە قامکی تەوقەکەی سەری ڕاکێشا.

"دەتوانیت بەم تەوقەیە، قژم شانە بکەیت؟"

تەوقەکەم لەدەستی وەرگرت، پرچیم داهێنا. قژێکی ئالۆزکاو و دڕی هەبوو. چەند تەڵە موویەك بە تەوقەکەوە نووسا. بە هەردوو دەستی پرچی هەڵدایەوە و شنەبایەکی رۆحی کردم.

"مووەکانت هەلدەوەرێن، بۆ خزمەتیان ناکەیت؟"

زەردەخەنەیەکی کرد، پاڵێکی پێوەنام، کەوتمە سەر قەنەفەکە. گوتی: "حەز بە مۆسیقاکەم دەکەیت؟"

چاوم لە چاوەکانی بڕی: "شێت بوویتە یان دەتەوێت شەوێکی ئارام بەسەربەرین."

"بۆ قورگت نووساوە و بەشەرمەوە قسەم لەگەڵ دەکەیت؟"

"دەترسێم لەوەی شتی نوێ تاقی کەمەوە."

کەژاڵ لەگەڵ چوونە ژووری نووستنەکەی، گوێم لێ بوو، گوتی: "ئەو ترسەیە کە من لە ئێوە جیادەکاتەوە."

لەپاش یەك خوولەك بە کراسێکی تەنك هاتە دەرەوە. تووڵێکی پەمەیی لەشە نەرم و ناسکەکەی داپۆشی بوو، سوخمە سپییەکەی جووتە گوڵە هەنارییەکەی شاردبووەوە. چووە مەتبەخەکە بتڵێکی شەرابی سوور و دوو پەرداخی هێنا و گوتی: "ئامادەیت؟"

بتڵە شەرابەکەم لە دەست وەرگرت و هەڵمپچڕاند. پێشئەوەی دەست بەرم بۆ پەرداخەکە، گوتی: "دەتەوێت دووشێك بگریت و خۆت بگۆڕی."

خێرا دوشێکم گرت، لە هەمان کات بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ کەژاڵ چ پلانێکی داناوە، ئەم هەموو جوانی و بۆن و بەرامە چییە، کە من لەژیاندا نەمبینیوە. گرنگ ئەوەیە تینوویەتیم بشکێنم و کاتێکی خۆش بەسەربەرم، چونکە کەژاڵ وەك باڵندەی کۆچبەر وایە. پەردەی حەمامەکەم لابرد، بینیم رۆبێکی سووری جەرگی هەڵواسراوە. رۆبەکەم لەبەر کرد، بۆنێکی خۆش و فێنکی لێوە دەهات. گوڵاوی لێدابوو.

هاتمە دەرەوە.. چاوێکم بە ژوورا گێڕا و چوومە مەتبەخ و ژووری نووستنەکە، کەژاڵ دیار نەمابوو.

"کەژال چیت لێهات؟"
دەنگێك بە ئاسپایی گوتی: "من لەم ماڵە خۆم شاردۆتەوە، بمدۆزەرەوە."
سەیرێکی بنمیچی ژوورەکەم کرد.چەپکە گوڵی پێوە هەڵواسرابوو، دووبارە ژوور و مەتبەخەکەم پشکنی و قەنەفەکەم جوولاند. کەژاڵم نەدۆزیەوە.
"کەژاڵ گیان، ئەم ماڵەی تۆ دەڵێی دارستانە، تکایە بڵێ میاو."
دەنگێك لەناو نەمامێکی سەوز و سوورەوە هاتە گوێم.
لەناکاو کەژاڵ بە دوو دەستی بەرچاوی گرتم و گوتی: "پێم بڵێ بۆنی چی دەکەیت؟"
هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی:" بۆنی چێشتێکی خۆش، قیمە و گۆشتی باینجان."
دای لە قاقای پێکەنین و گوتی: "کەواتە تۆ سەگی و منیش پشیلە. چێشتی شێخ مەحشیم بۆ لێناویت."
لەم کاتە ئاوازی مۆسیقاکە گۆڕا بۆ ئاوازێکی شادی ئیسپانی، تێکەڵ بە دەنگە خۆشەکەی شەکیرا.
کەژاڵ دوو پەرداخەکەی پڕ لە شەراب کرد. پەرداخێکی دایە دەستم و گوتی: "نۆش، هەرگیز وا بیر مەکەوە کە بۆ دواجارە یەکتر دەبینینەوە."
" نۆش."
دونیا پڕ لە موعجیزەیە، لەوانەبێت ڕۆژێك بێت لە شوێنکیتر یەکتر ببینینەوە

بە دەنگێکی خەماوییەوە پێمگوت:" وەرە تەنیشتمەوە، پێم بڵێ بەڕاستی دەتەوێت بەجێم بێڵیت؟"

"من یەك دڵم هەیە، نازانم بیدەم بە کێ، بەڵام لە کۆتاییدا مرۆڤ دەبێت یەکتر جێبێڵێت."

"نۆش، کەژاڵ گیان، گرنگ ئەوەیە تۆ لەم غوربەتە دڵمت خۆشکرد."

کەژاڵ هەستایە سەرپێ، دەستی ڕاکێشام، لەگەڵ میلۆدی مۆسیقاکە کەوتینە سەماکردن. من گیانم دەلەرزی و شەرمم دەکرد.

کەژاڵ پەرداخە شەرابەکەی هەڵدا و بە یەك نەفەس خواردییەوە و گوتی:" مۆسیقا ئایینی منە. چی دەبوو ئەگەر پێخەمبەرەکان مۆسیقاژەن بوونایە."

توووند لە باوەشم گرت و سەرم لەناو قژیدا ونکرد.

"ئەوکات ژیان دەبوو بە ئۆرکیسترایەك و بە نۆتە سەمفۆنیای ئەوینی من تێیاندا دەژەنی."

لێوەکانم شۆڕکردەوە تا گەردنی ماچ کەم. لەپڕ بۆنی دووکەڵ لە مەتبەخەکە بەرز بووەوە.

خێرا چووینە مەتبەخەکە. دەرگەی فڕنی تەباخەکەی کردەوە. بە دەستکێشێ چێشتەکەی ڕاکێشا ولەسەر مێزەکەی دانا.

"برسیت بووە؟"

"بەڵێ، چێشتەکەت سوتاوە؟"

"خۆم حەزدەکەم خواردنم کەمێك تامی سوتاو بدات."

مێزەکەمان ڕازاندەوە. لەناو بەلەمێك شێخ مەحشیەکەی هەڵڕشت.
لەگەل نانخواردن جار جار قومێکم لە پەرداخە شەرابەکە دەدا. کات خێرا تێدەپەڕی، لە باوەشی یەکتر درێژ بووین. برژانگەکانی لە برژانگەکانم دەخشاند و وەك منداڵ پێدەکەنی، دەترسام لەوە زێتر نزیکی بمەوە نەوەك وەك سەهۆڵ لە جەستەم بتوێتەوە.
کەژاڵ مۆبایەلەکەی کوژاندەوە، گوتی: "گوێت لێیە، نم نم باران دەبارێت."
" نەخێر، من گوێم گرانە؟
دەستی ڕاکێشام و بردمیە باڵکۆنەکە باران نم نم دەباری، گلۆپەکانی سەر شەقام و شۆستەکان کز دەسوتان. کەژاڵ لە پشتەوە باوەشی پێمداکرد و گوتی: "ئەوەی تۆ دەتویست هاتە دی، دەزانم خەونت بەمنەوە دەبینی، ئێستا لەبەردەستتدام، سبەینێش گەشتێك پێکەوە دەکەین ئیتر لەوانەبێت باێك هەڵیکات و من لەگەڵ خۆی ببات. لە بیرت نەچێت، لە ڕۆژانی با و بۆراندا یادم کەیتەوە."
دڵم تەنگ ببوو بە قسە خەمگینەکانی، نەمدەویست ئاوڕی لێبدەمەوە و تووند لەباوەشی بگرم گوتم: "کەژاڵ، کەژاڵ، تۆ باڵندەیەکی کۆچبەریت."
کەژاڵ دەستی برد بۆ نەمامێك کە تایبەت لەناو شووشەیەك دانابوو، گوڵێکی لێ کردەوە و خستیە ژێر سوخمەکەیەوە. بەزۆر جەستەی گرتم و سووڕاندمی و گوتی: "بۆنی کە ئەگەر دەتەوێت هەمووشت لە بیر خۆت بەریتەوە."

"تەنانەت ناوی خۆشم لەبیردەچێتەوە؟"

"بەڵێ، ئەگەر بۆنی سینەم کەیت، بێهۆش دەبیت و هەموو شتێکت لەبیردەچێتەوە."

" پێم بڵێ، ئەم گوڵە سیحراویانە لە کوێ دێنیت؟"

" گوڵ، ژەهراویش دەبێت، کاتێك گیانلەبەرێکی دڕندە دەستی بۆ ببات:"

سەرم دانواند، کونی لووتم خستە نێوان مەمکییەوە، هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی. لەگەڵ بۆنکردنی جەستەی، سەرم سووڕاو و ئاگام لە خۆم نەما. کەوتمە وڕێنەکردن: "کەژاڵ تۆ وەك بۆنی گوڵ و عەترێکی خۆشی، کەس ناتوانێت بتبینێت."

*

لەگەڵ تاریك و لێڵی بەری بەیان بێدار بوومەوە، بەسەر قەنەفەکەوە ڕاکشابووم.

بە ئاسپایی سەرێکم لە ژوورەکەی کەژاڵ دا، لە شیرینی خەودا بوو، گۆی مەمکی قیت دەرپەڕی بوون، وەك خونچە گوڵێك لە چاوەڕووانی خۆردا بوون و سێ چوار تەڵە مووی پیا شۆڕبووبوونەوە.

پەنجەرەی باڵکۆنەکەم کردەوە، کزە بای پاییز ژوورەکەی فێنك کردەوە. ڕووانیمە دەرەوە، گەڵاڕێزان بوو، درەختی سەر شەقامەکان ڕووت دەبوونەوە لەم کاتە هیچ شتێك نەدەهاتەوە یادم، بیرم دەکردەوە ئاخۆ دەبێت من لە کوێ بم؟

پەڕەی یادگارییەکانم هەڵدایەوە، جگە لە سروشتێکی جوان هیچ شتێکیتر نەدەهاتە خەیاڵم. زۆر شادمان بووم کە لە بۆشاییەك دەژێم و هیچ شتێك نایەتەوە یادم. دەنگێك هاتە گوێم، ئاوڕم دایەوە. کەژاڵ لەنێو درزی دەرگەی حەمامەکەوە سەری دەرهێنابوو، بە زەردەخەنەیەکەوە، پێی گوتم:" بەیانی باش."

بەم دەنگە ناسك و چاوە تەلیسماوییەی بە هۆشی هێنامەوە.

"دەمناسیتەوە؟!"

بزە پێکەنینم بۆ کرد، بەرەو ڕووی ڕۆیشتم تا لەباوەشی کەم و پێی بڵێم: "هەستدەکەم وەك منداڵێکی ونبووم."

کەژاڵ دەرگەی حەمامەکەی داخست. چوومە ژووری خەوەکەی و لەسەر قەنەفەکەی ڕاکشام.

سەرینەکەم لەباوەش گرت و بۆنمکرد. عەتری گوڵەباخ هاتە بەر لووتم. شادمان بووم.

لەپاش چەند خوولەکێك کەژاڵ بە پرچی تەڕی، خاولییەکی لە خۆی ئاڵاندبوو، هاتە ژوور و گوتی: "تا لە گەشتەکەم دەگەڕێمەوە، دەتوانیت لەم شووقەیەم بژیت، لەسەر ئەم قەرەوێڵەیە بنوویت."

"کەی دەتەوێت سەفەر بکەیت؟"

ئەمڕۆکە پێکەوە گەشتێك بەناو دارستانێك دەکەین، دەمەوێت سروشتت پێ بناسێنم، دەمەوێت فێرببیت چۆن لەگەڵ درەختەکان بدوێت، گوێ لە دەنگی گەڵاکان بگریت و زمانی گوڵ فێرببیت.

" دڵنیام، گەشتێکی خۆشدەبێت. دەچینە کوێ؟"

"دارستانێکی تایبەت، سێ چارەکە سەعات لێرەوە دوورە."

لەسەر قەرەوێڵەکە هەستامە سەرپێ، ناوچەوانیم ماچکرد، ئارەزووم دەکرد توند لەباوەشی بگرم.

"خۆت ئامادە بکە، نانی بەیانی لە دەرەوە دەخۆین، پاشان ماشێنەکەت هەڵدەگرین و دەڕۆین."

" کەواتە، نەخشە و پلانت بۆ ڕۆژەکەمان داناوە."

باوەشێکی پێدا کردم و بە پێکەنینەوە گوتی: "تەڵەم بۆ داناویت."

فێنکایی پرچە تەڕەکەی، رووخسارمی گەشکردەوە.

"کەژاڵ گیان هەندێکجار خودا دووبارە بەخت دەدات بە مرۆڤ، بەڵام کەمێك درەنگ."

"مامۆستا، دڵم زۆر پێتدەسوتێ، چونکە تۆ زۆر بیر لە خۆشەویستی دەکەیتەوە. خۆشەویستی تەنیا ئەوە نییە لە نێوان

دوو گیانلەبەردا هەبێت، بەڵکو خۆشەویستی ئەوەیە کە کاتەکان بە خۆشی بەسەر بەریت و برادەری گوڵ بکەیت."

بەهەردوو دەستم کەژاڵم بە باوەش هەڵگرتوو ، بەرزم کردەوە بە ئاسماندا.

"هیچ گوێی مەدەرێ و خەفەت لەمن مەخۆ، چونکە هەردووکمان باش دەزانین کە هیچ شتێك تا سەر نامێنێت."

"جاران لە خۆم دەپرسی چۆن دەمەوێت بژێم، ئێستا تێگەیشتم کە دەبێت باوەڕ بە شتێك بهێنم تا خۆمی پێ فریوو بدەم. هەروەك باوەڕ هێنان بە ئایینەکان."

"چی دڵت خۆش دەکات وا بژی."

" کاتێ عازەب بووم، دەمویست خوێندن تەواو بکەم و شوو بە کوڕێکی جوان بکەم و ببمە دایکێکی بەختەوەر، بەڵام ئێستا کە بە جۆرێکیتر بیردەکەمەوە، بیر لە ئاییندەی ئەو منداڵە دەکەمەوە کە هێشتا لەدایك نەبووە."

" کەژاڵ گیان، پێویستە کات بە فیڕۆ نەدەین، زوو خۆت بگۆڕە با بڕۆین ئەم گەشتەش تاقیبکەینەوە."

سەرو جانتامان کردە سەر شان و لە شووقەکە هاتینە دەرەوە. بە سواری تەکسی، بەرەو کۆمپانیای هۆندا بەڕێکەوتین.

*

کەژاڵ بەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، پرتەقاڵی پاك دەکرد، منیش لەسەرخۆ ماشێنەکەم لێدەخوڕی و گوێم لە مۆسیقا دەگرت. ناو ناوە چەند ئۆتۆمبیلێك بەخێرایی بەتەنیشت مانەوە تێدەپەڕین و بە چەند خووڵەکێك لەپێشچاو ون دەبوون. کەژاڵ یەکێ بوو لەو موسافرانەی کە هەرگیز نەدەشێوا و حەقی بەسەر شوفێرەکەوە نەبوو.

چەند قاشە پرتەقاڵێکی خستە دەممەوە، تاقە گوڵێکی لە گیرفانی دەرهێنا و لەسەر دەشبووڵەکە داینا.

دەستی خستە سەردەستم و گوتی: "بۆ ئەوەند شەرمنی و قسەیەك ناکەیت؟"

سەیری نووخانە کورتەکانی سەرپەنجەیم کرد و گوتم:" نووخانت بۆیە نەکردووە

ئێمە دەچین بۆ ناو دارستان، نەك سەیران."

پێکەنیم و لە دڵی خۆمدا گوتم:" بوونت لەگەڵ مندا سەیرانە"

"بەچی پێدەکەنیت؟"

"پرسیارێك لەمێشکمدایە و لەمێژە دەمەوێت لێتی بپرسم."

"بپرسە "

" بۆچی دەبێت پێکەوە بین، لەکاتێکدا دەزانین کە نابێت پێکەوە بین؟."

زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: "لەبەر ئەوەی بۆشاییەك هەیە دەبێت پڕی کەینەوە. "

" کەواتە هەردووکمان پێویستمان بەیەکترە؟"

پێویستمان بەیەکترە بەشێوەیەکی کاتی، چونکە ئەگەر بەردەوام پێکەوە بین لەیەکتر بیزاردەبین. مرۆڤ بە منداڵی پێویستی بە دایك و باوکە، کە گەورە بوو، بەسروشت لێیان دووردەکەوێتەوە.
دەستم برد بۆ تاقە گوڵەکەی سەر دەشبوولەکە و بۆنم کرد، کەژاڵ لەدەستی وەرگرتم و گوتی: "ڕۆژێك دێت، باسی تۆ بۆ کەسێکیتر دەگێڕەمەوە، پێیاندەڵێم مرۆڤێك هەبوو خۆشی دەویستم."
دەنگی مۆسیقاکەم کزکردو گوتم:" کەژاڵ، مرۆڤ چیرۆکی شاراوەی زۆری هەیە بۆ گێڕانەوە، بەڵام هەندێك لەو چیرۆکانە ناشێن بۆ گێڕانەوە ،تەنیا بۆ خۆتی دەگێڕییتەوە."
"حەز دەکەم گوێ لە چیرۆکێك بگرم کە نەتتوانیوە بۆ کەسی بگێڕیتەوە."
"بەڵام ناکرێت، لەوانەبێت لەو جۆرە چیرۆکانەبێت، کە نەتوانیت بۆ خۆشتی بگێڕیتەوە."
"وامزانی دەتوانیت هەموو شتێك بۆ من بگێڕێتەوە. ئاخۆ دەبێت چ جۆرە چیرۆکێکی ترسناك بێت ؟."
" لەو جۆرە چیرۆکانەی کاتێ سەربازێك لەبەرەکانی جەنگ دەگەڕێتەوە."
کەژاڵ سەیرێکی کردم و توووند دەستی کوشیم، منیش خێرا ڕووی خۆم وەرگێڕا.
"مامۆستا ئەگەر بۆ چرکەیەکش بێت، دەمەوێت چیرۆکانت ببینم و بیانخوێنمەوە."
چاوم پڕبوو لە فرمێسك، ئەگەر بەتەنیا بووومایە هاوارم دەکرد و دەمدا لە پرمەی گریان.

"پێمبڵێ، بەشداری جەنگت کردوە و سەنگەری دوژمنت تێك شکاندوە، سەربازت بە دیل گرتووە؟"

"کەژاڵ خۆ تۆ لەسەر ئەستێرەیەکیتر نەهاتوویتە خوارەوە، کێ هەیە لەو کوردستانە شەڕی نەدیبێت."

"کەواتە ئێمە بەکەڵکی ژیان نەماوین؟"

" بەکەڵکی ژیان ماوین، بەڵام چیرۆکەکان بەکەڵکی گێڕانەوە نەماون."

کەژاڵ بەدەستی فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتمی سڕی. دەنگی مۆسیقاکەی بەرزکردەوە گوتی: "با ئەو چیرۆکانە لێگەڕێین بۆ میوزیکژەنەکان بە ئاوازێکیتر بۆ مان بگێڕنەوە."

چوار پێنج دەقە گوێمان لە مۆسیقا گرتبوو. پاشان کەژاڵ بەدەست ئاماژەی بۆ کردم کە لە ئوتوبانەکە دەرچینە دەرەوە. خێرایی ماشینەکەم خاووکردەوە و سیگناڵم پێکرد و لە چوونە دەرەوەی ١١٢ شۆڕبوومە خوارەوە.

لەپڕێکدا  ئۆتۆمبیلێکم بینی ڕووبەڕوومان دەهات، شۆکبووم و فریای ئەوە نەکەوتم کە بڵێم کەژاڵ ئەمەش گەمژەیەکتر، سەری لێشێواوە ڕۆنگ ساید بەرانبەرمان دێت.

کەژاڵ توووند دەستی گرتم و گوتی: "بەداخەوە کە نەمانتوانی گەشتەکەمان تەواو بکەین."

لەم کاتە هەوڵی ئەوەمدا سووکانەکە بۆ لای ڕاست بسووڕێنم تا هیچ نەبێت زۆربەی ڕووداو و لێدانەکە بەلای مندا بێت. لەبەر ئەوەی ئێمە ڕوو لە لێژی بووین، ماشینەکەیتر خۆی کێشا پێماندا و لەبەردەممان چەقی. وەك ئەوەی لە تاسەیەکی بەرزم دابێت.

سووکان لە دەستم وەریگرت، ئەوەی دێتە یادم  ئۆتۆمبێلەکەمان بە ئاسماندا دەفڕی. بۆ دواجار ئاوڕم لە کەژاڵ دایەوە. ناودەمی پر لە خوێن بوو.

لەگەڵ ئاوڕدانەوە بۆ بەردەم خۆم، درەختێکی ئەستوورم بینی ، چاوم نووقاند، ئاواتم خواست من بمرم و ئەو زیندوو بێتەوە، گوێم لە زرمەیەك بوو، لەو زرمانەی کە  ناتوانیت بۆ کەسی بگێڕیتەوە.

*

پەردەی گوێم دەزرینگایەوە، یان خەونم دەبینی، هەستم بە لێدانی دڵم دەکرد. دەنگێکی ئاشنا قسەی بۆ دەکردم: "مامۆستا ،ئەگەر گوێت لە دەنگمە، ئەگەر گوێت لە هەر دەنگێکە ئیشارەتێك بکە، پەنجەت بجووڵێنە، سەرێك بلەقێنە، یان هەر هیچ نەبێت هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە. ئومێدێك بدە بە پزیشکەکان کە تۆ زیندوویت."

ئەگەرچی بە تەواوی گوێم لە هەموو وشەکان نەبوو، بەڵام دەمزانی ئەم دەنگە دەنگی کەژاڵە.

بە هەموو توانای خۆم هەوڵم دەدا کە ئیشارەتێك بدەم و بڵێم بەجێم مەهێڵە. هەستم بەدەستێك کرد، بەسەر سینەمەوە.

جارێکیتر، قسەی بۆ بکە، پێدەچێت گوێی لە دەنگت بێت.

تەواو سەرم لێشێوابوو، کە دەبێت من لە کوێ بم، ئەم دەنگە ناوازانە چین دێنە گوێم.

"مامۆستا من کەژاڵم، لە ڕووداوەکە بەسەلامەتی دەرچووین، تکایە بێداربەرەوە، ئێستا تۆ لە نەخۆشخانەیت و لەژێر چاودێری پزیشکیت، تکایە جووڵەیەك بکە، تا ئەوان دڵنیابن کە دەتەوێت بژێیتەوە."

ڕووداووەکە وەك دیمەنێکی تەڵخ هاتەوە یادم. هەولێکیترمدا جووڵەیەك بکەم. بە هیچ شێوەیەك نەمتوانی هیچ شوێنێکم بجووڵێنم، نەمدەزانی خەو دەبینم یان لەسەر مەرگم، لەبەرئەوەی جەستەم هیچ ئازارێکی نەبوو، لەخەفەتا خەریك بوو دڵم بتەقێ، هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی.

دەستێك، یاری بە پەنجەکانی دەستم دەکرد و گوتی: "مامۆستا، بە هەناسەش بێت دەبێت قسە بکەیت، من دەزانم گوێت لەدەنگم هەیە و ئاگات لە خۆت هەیە، تکایە کۆڵ مەدە و وابزانە لە خەوێکی قورسی، بۆ خۆت بخەوە، بەڵێنت پێدەدەم کە بە جێتنەهێڵم.

ئێستا، تۆ دەتوانیت بگەڕێیتەوە ژوورەکەی خۆت، ئێمە خۆمان دوو پەرستارمان بۆ داناوە، چاودێری دەکەین تا بزانین ئومێدی ژیانی هەیە یان نا "

"تا چەند ڕۆژ نەخۆش لەژێر کۆما دەتوانێت بمێنێتەوە؟"

"نازانین، بەڵام جاریَ زووە تا بڕیار بدەین، ئەگەر هیچ ئومێدێك نەمێنێت ناچار دەبین پلاگەکەی بکوژێنینەوە."

"بەڵام تۆ گوتت، بە هەناسەدان، ئیشارەت دەدات."

" دڵنیانین، لەپاشان تۆ سەیری جەستەیت کردووە، جارێکیتر نابێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی."

لەپاش ئەم گفتووگۆیە، بۆم ڕوون بۆوە، کە چیتر ئەو مرۆڤە لەشساغەی جاران نەماوم، لەخوا پاڕامەوە و گلەییم کرد: بۆچی کۆتاییت بە چیرۆکەکە نەهێنا، تازە من بەکەڵکی ژیان نەماوم هەستم بە ئامێرێك دەکرد لەناو سکمدا دەجوولا.

" ئێستا دەتوانێت، لە گوورچیلەیەوە، میز بکاتە ناو ئەم دەبەیەوە."

پەرستارێك، ناوی خویندمەوە، پەنجەکانی کوشیم. گوتی: "خۆراگربە، زەنگمان بۆ هاوسەرەکەت کردووە، ئەویش بە ڕێگاوەیە."

لەنێوان مەرگ و ژیاندا بووم، هیچ شتێکم نەدەبینی و ئاگام نە لەکات مابوو، نە لەوشوێنەی تێیدا ڕاکشابووم. جار جار لە هۆش خۆم دەچووم یان دەچوومە خەوێکی قورسەوە. سەرم سووڕما بوو، هەستم بە ئازار نەدەکرد کەچی نەمدەتوانی ئەندامێك لە جەستەم بجوولێنم. دڵنیا بووم کە قاچم و زۆر شوێنیترم شکاوە.
وتەی پزیشکەکە هاتەوە یادم: "جارێکیتر نابێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی!"
لەبەر ئەو هۆیە حەزمدەکرد بێمەوە هۆش خۆم و پێیان بڵێم. ئەگەر چیتر نەتوانم وەك منداڵێك بە سواربوونی پاسکیلێك دڵخۆشبم، نەتوانم بە هەورازی چیا سەرکەوم، نەتوانم گەشتێك بە دڵی خۆم بکەم، ئێستا باشترین کاتە، تکایە پلاگەکە ڕاکێشن و بمکوژێننەوە.

*

هەستم بە قورسایی دەستێك كرد بەسەر سینگمەوە:" بەختیار ئەگەر گوێت لە دەنگمە، من شیلانم. شیلانی هاوسەرت، ببوورە ئەو شیلانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان هاوسەرت بوو."

دوای ئاه و ئۆف هەڵكی     شانێك...

"ئەی من پێم نەگوتی واز لەو كچەتیوە بهێنە، ئێستا خۆت بینیوە، ئیفلیج كەوتووی و لە كۆما دەژیت، خۆزگە دڵنیا بوومایە كە گوێت لەدەنگم دەبێت. ئەگەر گوێت لێمە با پێت بڵێم:

تۆ نە توانیت نە بۆ من بژێیت نە بۆ خۆت، ئەوەندە ساڵەی پێكەوەبووین من چ كەم و كوڕییەكم هەبوو؟  تۆ هەمیشە خۆپەرست بوویتە و بیرت لەخۆت كردۆتەوە، تۆ ئێستاش تێنەگەیشتووی لە دونیای ژن، ئەو خەیاڵە ڕۆمانسی و ئەفسووناوییەی تۆ هەتە وەك بەهەشتی خوا وایە، تا ئێستا نەكەس پێی گەیشتووە و نەكەسیش لێی گەڕاوەتەوە. تۆ ئەوەی هەتبوو لە دەستتدا، بۆ منیش جگە لە خەم و خەفەت هیچیترت نەهێشتەوە. ئێستا من چی لەتۆ بكەم. چۆن ڕووم بێت بچمەوە ناو كۆمەڵگە و بڵێم مێردەكەم لەگەل ژنێكی تر لە سەیران بوون و ئۆتۆمبێلەكەیان وەرگەڕاوە ؟"

"كاتێ بەم شێوەیە دەتبینم، ئازار دەكێشم و بەزەییم پێتدادێتەوە وڕقی دونیاشم لێتە. چونكە بە دوای جوانی كەوتی نەك خۆشەویستی. باش گوێم لێبگرە، پزیشكەكان مۆڵەتیان بە من داوە كە بتوانم پلاگەكەت بكوژێنمەوە، ئەم كارە بەمن ناكرێت، چونكە تا ئێستا كەسم ئازار نەداوە، كەچی تۆ هەمیشە منت ئازارداوە و خۆت بەڕاست زانیوە، پێم ناڵێیت چ شتێك بە

قەد کەژاڵەوەیە؟ یان هەر حەزتکرد لە باوەشی کچێکی عازەبدا ڕامووسان بکەیت. ئاخر پیاو کە خانمێکی جوانی بینی پێویستە خۆی کۆنترۆڵ بکات، نەك وەك گورگ ڕاوی بکات. لەپاش ئەم هەموو کردەوە خراپانەت لە ڕقی کەژاڵ ئەگەر تا دوو هەفتەی تر بێدار نەبیتەوە، پلاگەکە ڕادەکێشم روحت دەردێنم."

قسە ڕەقەکانی شیلانی هاوسەرم دڵنیای کردم کە مرۆڤ لە کاتی شێنەیی ئاسایین و لەکاتی جەنگدا دڕندەن. بەتایبەت دەمی ژن دەتوانێت هەم شیرین بێت ، هەم ژەهراوی. ئەگەر وتەکانی ڕاستش بن، لی بێزارکەربوون. من بەزەییم بە ئادەمیزادێك دێت کە دیلی ڕق و کیینەیە. لەم کاتە پێوسیتیم بە دڵنەوایی و دەستێکی مهرەبان بوو، نەك هەڵدانەوەی ڕابردوو کە هیچی لێ شین نابێت

شیلان دەستی بەسەرمدا هێناو گوتی: " بەختیار، خۆزگە ڕاستدەبوویتەوە و خۆت دەبینی، وەك تەنەکەیەکی قۆپاویت، بەکەڵکی هیچ نەماویت. ئەگەر لە کۆماکە بێداربیتەوە، خۆت داوام لێدەکەیت کە پلاگەکە ڕاکێشم، لە دڵەوە حەزناکەم ئەم کارە ئەنجام بدەم. بەڵام ناشمەوێت بەسەر کورسیەکی سێ پێچکەوە بتبینم و خزمەتت کەم. لەوانەشبێت لەبەر خاتری خۆت ئەم کارە ئەنجام بدەم ."

لەم کاتە گوێم لەدەنگی پەرستارێك بوو: "ببوورە دەبێت، ژێری بگۆڕین."

لەکاتێکدا بە دەستی مهرەبانی پەرستارەکە خزمەت دەکرام، شیلان گوتی: "منیش دەبێت بڕۆم، بەڵام هەردەبێت تۆڵەی خۆم لە کەژاڵ بکەمەوە."

*

چاوەڕوان بووم شتێکی نوێ لەژیانم ڕووبدات. ئارەزووم دەکرد، ڕۆژێك بنووم و هەڵنەسمەوە. هەرچەندە مرۆڤ تا دوا هەناسە نابێت بە بێ ئومێدی بژی، بەڵام نەك بەم شێوەیەی کە من تێیدام. بەشی خۆم ژیانم بینیوە، باوەڕ ناکەم بەردەوامبوونم هیچیترم پێ ببەخشێ. زۆرجار بیر لە برادەرە کۆچکردووەکانم دەکەمەوە، دەمگوت:" ئەوان، ئێمەیان جێهێشت بۆ ئەوەی یاداشتەکانیان بە فرمێسك و خوێن بنووسینەوە."

گەیشتبوومە ئەو بڕوایەی، کاتێ مرۆڤ باوکی یان دایکی بە پیری و زەلیلی دەبینێت و لە خوا دەپاڕێتەوە کە چیتر ئازاریان نەدا و بیانباتەوە. لەم کاتە من ئیمانم بە خوا و هەرشتێکیتری سەر زەوی دەهێنا ئەگەر بێت و یارمەتیم بدات بمباتەوە. نامەوێت خۆم ببینم وەك جەستەیەکی مردوو بەسەر قەرەوێڵەیەکەوە، خزمەت بکرێم و نەتوانم خۆم خزمەتی خۆم کەم و بێزاربم لە ژیان. ئەگەر لە توانامدا بێت، مەرگ هەڵدەبژێرم و حەز بە گەڕانەوە و دووبارە لەدایکبوونەوە ناکەم. ئاخ ئەگەر جارێکیتر بێمەگۆ، بە شیلان دەڵێم:" تکایە هەرچی زووە، پلاگەکە ڕاکێشە و ڕزگارم بکە."

لەم بیرکردنەوەیەدا بووم، دەنگێکی ئاشنا هاتە گوێم: "مامۆستا من کامەرانم، کامەرانی شێوە کار. هاتووم بۆ سەردانیت. حەزمدەکرد بتبینم، پێمناخۆش بوو کە ئەو ڕووداوەتان بەسەرهات. کەژاڵ ئەگەرچی تووشی شۆك بووە، بەڵام سەلامەتە و لە ژوورەکەی تەنیشتەوە نووستووە."

ئەوە قوتویەك لە قاوە بەرازیلیەکەم بۆ هێناویت لە دیار سەرت دامناوە. بەڵێن بێت زوو زوو سەرت لێدەم، هەرکاتێك

بێداربوویتەوە، قاوەیەك پێکەوە دەخۆینەوە. ئای مامۆستا، ئێستا کچەکەم گەورە بووە و خەریکە پیێ دەگرێت، هەستدەکەم سەرەتای ژیانە، دەمەوێت مندالێ ببمەوە لەگەڵ کچە بچکۆلانەکەم یاری بکەم.

دوا کاری هونەریم وێنەی تۆ و کەژاڵ بوو، چونکە ئێوە وەك دوو دۆست و برادەری جوان دەبینم. خۆت دەزانیت هونەرمەند بە چاوێکی تر تەماشای دیمەنەکان دەکات، کاتێ مرۆڤێکی ئاسایی درەختێکی سەوز دەبینێت دەڵێت هێشتا بەهارە، بەڵام ئێمە جگە لە ڕەنگەکان، سێبەری درەخت و کات و تیشکی خۆر و ڕوناکی دەبینین."

"تابلۆکەی تۆ و کەژاڵم بە ڕەنگێکی کاڵ لەژێر بەزەیی فڵچەکانم بە نیوە چڵی جێهێشتوە، چونکە ڕەنگەکان لێم یاخی بوونە و بۆم تەواو ناکرێت. مامۆستا، دەزانم ئێستا تۆ ناتوانیت وەڵامم بدەیتەوە، بەڵام دڵنیام هەروەك تابلۆکانم گوێت لێمە. خەمت نەبێت ڕۆژێك دێت بێدار دەبیتەوە، ناشتوانیت هیچ بگێڕیتەوە، چونکە منیش کاتێ ڕەنگەکان تێکەڵ دەکەم و بە دیار خامەیەکی سپی ڕادەوەستم و ڕادەمێنم. بیر لە هیچ ناکەمەوە، جگە لەوەی سکێچێك بکێشم، روحی خۆمی پێ دامرکێنم. لەبیرمە لەسەردەمی منداڵییم، کاتێ وێنەم دەکێشا بۆئەوەی دڵی برادەرەکانم خۆش کەم، ئێستا بە پێچەوانەوە نیگار کێشی دەکەم بۆ دڵخۆشکردنی خۆم، لە کاتی تێکەڵکردنی ڕەنگەکان جەستەم دەکەم بە تابلۆ و پەنجەکان بە فڵچە، برینمی پێ دەکوڵێنمەوە. هێڵێکی بازنەیی دەکێشم، دووبارە وسێ بارە بازنەکە ڕەش دەکەمەوە، جەنگێ

لەناخمدا دروستدەکەم، تا گێژ دەبم و دەکەومە بۆشاییەکەوە، وەك ئێستای تۆ لەکۆما دەبم، هەرکات دێمەوە هۆش و فێکە بەرمدەد. هەرچەند بیردەکەمەوە، نازانم لە کویێ بووم؟"

لەوانەبێت لە هیج کوێیەك نەبووبێتم، هەر وەك چۆن دەڵێن خوا لە هیچەوە ڕوناکی بەخشی، منیش لەناو ئەو ڕووناکییەدا هەرچەند دەگەڕێم هیچ نابینم، بەڵام بەردەوام لە گەڕاندام.

"مامۆستا، لەبیرتە هەرکات دەهاتی بۆ لام و دەتگوت: دیمەنێك لە مێشکمدایە و کەس ناتوانێت وێنەی بکێشێ، من دەمێکە لەناو ئەو دیمەنەدا دەژێم، وێنەی ئەو جیهانە دەکێشم کە تۆ تێدای، ئێستا تۆ وەك کۆرپەیەکی ساوایت، نازانیت بە چ زمانێك بدوێیت، لەبەر چاوی تۆ وێنەیەك هەیە کە من دەمێکە بەدووی عەودالم و دەمەوێت بیدۆزمەوە، بەڵام بەداخەوە کاتێ بێدار دەبینەوە، وەسفی ئەو دیمەنەمان لەبیر دەچێتەوە."

کاتی سەردانی تەواو ، تکایە ژوورەکە چۆڵ بکە. پەرستارەکە فەرمانیدا .

"مامۆستا بەختیار من بەجێت دەهێڵم، بەڵام ئەگەر گوێت لە دەنگمە، تکایە چیرۆکەکە بە نیوەچڵی بە جێ مەهێڵە، چونکە منیش دەمەوێت کۆتایی بە وێنەکێشانی تابلۆکەم بهێنم."

*

کەژاڵ یاری بە پەنجەکانی دەستم دەکردو سەری دەشێلّام:

"ئاگات لێیە کێ بەدیارتەوەیە، کەژاڵ، ئەو کچە جوانەی هەرگیز لە تەماشکردنی تێر نەدەبوویت. دەمەوێت پێت بڵێم، بە تەمای سەفەرێکم لە پێناوی خۆشەویستی تۆ. سەرەتا بڕیارم دابوو بگەڕێمەوە بۆ لای دایك و باوکم. بەڵام لەپاش ئەم ڕووداوە. تەنیا چارەم ئەوەیە سەفەرێك بکەم بۆ هۆڵەندا بۆ لای مامۆستا شەماڵ، چونکە دڵنیام ئەو دەتوانێت بە بۆنی گوڵ بێدارت بکاتەوە."

ناو لەپی دەستی ماچکردم، پەنجەکانمی بەنەرمی چەماندەوە، گوتی: " ئەم ماچە هەڵگرە و دەستت بۆ کەس مەکەرەوە، تا من ئەو گوڵاوە تایبەتەت بۆ دەنێرم."

بەتەنیشتمەوە درێژبوو. بەنەرمی وەك ئەوەی باڵی پەپوولەیەك بگرێتە دەست، لەباوەشی کردم و سەری نایە بان سینەم:" من چاك دەمزانی جەستەت موڵکی کەسێکی تر بوو، ئەوەی من بەدوای وێڵبووم، ئەزموونکردنی خۆشەویستییەك بوو، کە نەمبوو. نەك جەستەی ئادەمیزاد

مامۆستا جوانەکەم، با پێکەوە گوێ لە مۆسیقا بگرین."

جەمسەرێکی هێدفۆنەکەی خستە گوێچکمەوە، ئاوازێکی دڵڕفین و گۆرانی ئێمە گیانیکین لە دووجەستەدا هاتە گوێم. بە بۆنی پرچی و گوێگرتن لە مۆسیقا، هێزوتوانام هاتەوە بەرخۆم.

کەژاڵ دووبارە لە ئامێزی گرتم، لەسەرخۆ لەشی لەراندەوە و کەوتە سەماکردن. بۆنی خۆشی جەستەی بە خەیاڵی باخچەیەك، پرچیشی وەك لقی درەخت، شنەبایەکی فێنك عیشق و

خۆشەویستی لە ڕەگوڕیشەوە دەرهێنام. هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی و لەو باوەڕەدا بووم، بتوانم بە جووڵەیەك یان بە ئیشارەتێك وەڵامی بدەمەوە، بەڵام پەشیمان بوومەوە، چونکە نەمویست چیتر کەژاڵ هۆگری من بێت و لە قەفەزی سینەم زیندانی بکەم. لێگەڕێ با بفڕیت و خۆشی لە ژیان ببینێت.

دەستی بەسەرمدا هێنا، بە برژانگی برۆکانمی شانە کرد، بە دەنگێکی پر لەخەم و مەراقەوە گوتی: " ئێستا هیچ بۆ شاییەك لە نێوان من و تۆدا نییە، دەتوانین باسی هەموو شتێك بکەین، باسی گوناهەکان تا ویژدانمان ئاسوودە بکەین. ئێستا من و تۆ لەسەر یەك قەرەوێڵەین، وەك بەلەمێك لە هیچ کەنارێك ئارام ناگرین و بەردەوام گەشت دەکەین، گەشتێکی پر لە ئەوین."

"مامۆستا گیان، ئێستا لەوانە بێت بۆ تۆ ئەم قەرەوێلەیە، تابووتێك بێت، بەڵام کاتێك بەتەنیشت یەکەوە ڕاکشاوین و خۆشەویستی کۆمان دەکاتەوە، نابێت لە سەوڵێدان بترسێت، تۆ دەبێت بێداربیتەوە، لەم گەشتە داستانی دڵداریمان بگێڕیتەوە ."

"من سبەینێ سەفەر دەکەم، سەفەرێکی نابەدڵ. بەڵام لە بەرخاتری تۆ. پزیشکەکانیشم ئاگادار کردۆتەوە. کە تا چەند هەفتەیەك مۆلەت بەمن بدەن، لە وڵاتی هۆڵەندا گوڵاوێکی تایبەت پەیدا دەکەم. ئەگەر نەخۆش بۆنی کات لە کۆما هۆشیاردەبێتەوە."

کەژاڵ لەپی دەستی خستە بان دەمم، گوتی:" بەختیار گیان، ناو لەپی دەستم ماچ بکە. تا منیش پەنجەکانم بچووقێنم و شوێن ماچەکەت بکەم بە پاسەپۆرتی گەشتەکەم."

ڕانی خستە سەر قاچم و دەستمی ڕاکێشا و کردی بەسەرین و بەدەم خەوەوە گوتی: "ئەوەی من بەدوای دەگەڕام لەژیان دڵێکی بچکۆلانە بە ئەندازەی هێلانەی چۆلەکەیەك بوو، کە ئێستا لەناویدا نووستووم."

فرمێسك بە چاوەکانمدا هاتەخوارەوە، کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ خۆم: ئیتر بەسە ئەی دڵ، عەشق و دڵداری خۆشە و ئازارشت زۆر کێشا. جگە لە خۆت کەسیتر گوێ لەم دەنگانە ناگرێت. لێگەڕێ با کەژاڵ سەفەر بکات، متمانەی پێبکە، چونکە جارێکیتر ناتوانێت بەمجۆرە خۆشەویستی بکاتەوە.

پاییزی ساڵی ٢٠١٩

KULTUR

بۆ چالاکیی ئەدەبی و فەرهەنگی

**له بڵاوكراوەكانی خانەی كولتوور**

1- زمانی حەیزەران . توێژینەوە. د. فەرهاد پیربال

2- پەتاتەخۆرەكان. چیرۆك. د. فەرهاد پیربال

3- بەسەرهاتەكانی شۆفێری تەكسی. تەنزەچیرۆك. جەلال قادر

4- هونەری وەرگێڕان. دیدار. ئامادەكردنی: ژیڤان بەكر

5- بازاڕیی. ڕۆمان. بۆكۆفیسكی. وەرگێڕانی:ئارام ڕەشید

6- مولازم تەحسین و شتی تریش. ڕۆمان. د. فەرهاد پیربال

7- قەبرێكی سێگۆشە. ڕۆمان . د.فەرهاد پیربال

8 - دەمەوێ بەربیمەوە ناو دەستەكانت ، شیعر، بەختیار ئۆغەن

9 - عیشق ، گەنج ، ماڵ ، سایكۆفەلسەفی ، پێشڕەو عەبدوڵڵا

10 - خەونەكانی كەژاڵ ، ڕۆمان ، جەلال قادر